78

# پەیامی زانایان

www.zanayan.org

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئاینییە یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان مانگی جارێک دەری دەکات

## کوردستان لە پێشوازی مانگی مەولود دا

### ئاهەنگی یادی مەولود

مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی:

## یەکێتی زانایان ئامادەکاری باشی کردووە بۆ بەرزراگرتنی مانگی مەولود

### ڤاتیکان: ئیسلام ئایینی یەکەمە لە بڵاوبوونەوەدا



# ئەو کەسەی هەموومانی گریاند...!!



مامۆستا مەلا یونس عەلی ئەترووشی، کە پێش نوێژو وتاربێژی مزگەوتی گەورەی شێخان و راوێژکاری مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بوو، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ بە هۆی نەخۆشی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی یەکجارەکی لە ئێمەو دۆستو خزمانو ناوچەکەی خۆی کرد.

لەدەستدانی زاناو مامۆستایەکی پڕ بەبڕای ئەوەی کەلێنێکی گەورەی لە دەڤەری شێخان دروست کردو لەهەمان کاتیش بەڕاشی خەڵکەکە بە موسڵمانو مەسیحیو یەزیدیەوە وای بیشان دابن، کە جێدەستی خزمەتی مەلا یونس ئەترووشی لەو دەڤەرە بەکەجار زۆرو کاریگەرە، بەتایبەت لە پێکەوەژیانی پێکهاتەکانو گەشتنی بەهای ئاشتیانە، کە نمونەی وانەیەکی گەورەن و دەکرێ بکرێنە پێشەنگی هەنووستە سەنگینەکانی ئەمڕۆ خزمەت بە ئاینو خاکو نیشتمانەوە.

پێکەوە ژیانو ئاشتەوایی لە کوردستان مێژوویەکی لەمێژینەی هەیەو مامۆستا مەلا یونس کاراکتەرو چالاکوانێکی دیاری ئەو بوارە بوو، بەتایبەت لەو دەڤەرەی کە موسڵمانو مەسیحیو یەزیدی تێدا بووبن. لەو توانیبووی هاوسەنگی پێکەوە ژیان بە مەفهومە بنەڕەتییەکەی رابگرێ، وێنەی ئەو راستیە بۆ لە مەراسیمی بەخاک سپاردنیەوە دەرکەوت، لە کاتێکدا کە بە گەرمشتەوەی تەرمەکەی هەم موسڵمانو هەم مەسیحیو هەم یەزیدی بە ئافرەتو پیاوەوە بە گەورەو بچووکەوە لە پێشوازی ئامادەبوونو فرمێسکی بەرۆشیو خەمەتیان بۆ دەباراند..!!

ئاوازی ئەو خەڵکە بەوەفایە، ئەوەی پێگوتین، کە مەلا یونس نمونەی مەلایەکی سەرکەوتووە، لە پێکەوە بەستنەوەی ئاینو خاکو خەڵک لە لایەکی، بەرجەستە کردنی پێکەوە ژیانی ئاینیو نەتەوەیی لە لایەکی ترەوە.

چونکە ئەو خۆشەویستی هەمووان بوو، ئاشتیخوازی نێوان پێکهاتەو چینو توێژو ئاینەکان بوو، بانگخوازێکی لێبوردەیو تەبایی برایەتی بوو، چالاکوانی رۆشنبیری پێکەوە ژیانو گیانی یەکتر قەبوڵکردنو هاوکاری یەکتریو پێکەوە هەڵکردن بوو، بۆ خۆی تەمەنیا بەڵکو هەموو ژیانی خۆی بۆ پێکەوە ژیانو خزمەتی کۆمەڵگە تەرخان کردبوو، کە ئەمە خەسڵەتێکە لەپەیامە هەرە جوانەکانی ئاینی ئیسلام.

بۆیە یەکێتی زانایان بە کۆچی مەلا یونس ئەترووشی یەکێک لە کەسە چالاکو بەتواناکانی خۆی لەدەست دا، بەس هیواداوم زانایانی ئاینی دەڤەری شێخان هەوڵی پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنە بدەنو سوود لە ئەزموونیەوە وەربگرن.

خاوەنی ئیمتیاز

# زانایان
پەیامی

ژمارە ( ٧٨ )
صفر / ١٤٣٣
بەفرانبار/ ٢٧١١
کانوونی دووەم/ ٢٠١٢

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینیی، مانگانەیە ، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات



خاوەنی ئیمتیاز
**مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی**
amalazada@gmail.com

سەرنووسەر
**مەلا جەعفەر گوانی**
cefergwani@gmail.com
07504522305



بەڕێوەبەری نووسین
**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
Sherkaway83@gmail.com
07504632715

راوێژکارانی فەتوا
**مامۆستا مەلا موحەممەد وەرتی**
**مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعی**
**مامۆستا مەلا عومەری سوێری**

راوێژکاران
**مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی**
**شێخ عەبدولباسیت بالیسانی**
**شێخ بەهائەدین نەقشبەندی**

ستافی نووسین
**مەلا تەیب زیارەتی**
**مەلا ئەمیر گەردی**
فۆتۆ
**تەها شەمسەدین**


## بەیاننامەی یەکێتی زانایان
## بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر
## درودی خوای لەسەر بێت

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ
(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ)

**موسڵمانی خۆشەویست**

به بۆنەی هاتنەوەی مانگی پڕ خێری بەرەکەت و مەولودی پێغەمبەری ئازیزمان حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێت)، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی هەموو لایەك دەکەین و خوازیارین ئەو یادە ببێتە مایەی خێر بۆ هەموو لایەکمان.

مەولودی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە، ئێمە بتوانین ئەو یادە بکەینە وێستگەی بەخۆداچوونەوە و زیاتر پابەندبوونمان بە سووننەت و رێبازو رەوشتی بەرزی پێغەمبەرەوە، لەهەمان کات ئەرکی هەموومانە لەبەرامبەر ئەو یادە هەوڵی قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و هاوکاری و یەکتر قەبوڵ کردن و چەمکە جوانەکان بدەین و، ئێستای واقعی خۆمان بە بەها باڵاکانی حەزرەتەوە بەرەو پێشەوە بەرین و ناخ و دەروونمان لەسەر هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە و پاکیەوە رابێنین.

لەگەڵ ئەوەشدا دەخوازین هەموو لایەك هەوڵی پتری یەکڕیزی نێو ماڵی کورد و درێژە دان بە ئاشتەوایی و تەبایی و بەرەو پێشەوە بردنی ئەو کیانەمان بدەین و چەمکی رێزو خۆشەویستی زیندوتر رابگرین.

جارێکی تر ئەو یادە بەرز رادەگرین و پیرۆزبایی لەسەرجەم موسڵمانان دەکەین و ئومیدەوارین خوای گەورە ئەم یادە بکاتە مایەی خێر بۆ گشت لایەك بە گشتی و کوردستانی ئێمە بە تایبەتی.

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**


ناونیشان: هەولێر– شەقامی شەست مەتری سێڕیانی رێگای موسڵ – بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان

## مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی:

# یەکێتی زانایان ئامادەکاری باشی کردووە بۆ بەرز راگرتنی مانگی مەولود



لەگەڵ نزیك بوونەوەی مانگی پڕ خێری مەولود یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بە مەبەستی گرنگیدان بەو یادەریەو بایەخ دان بەرز راگراتنی مانگی مەولود، لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەرنامەی تایبەتی داناوەو لەرێی لقەکانیەوە دەیەوێ ئەو یادە بەجوانترین شێوە بەرێوە بچێتو موسڵمانان سوودی لێ وەربگرن.

لەو بارەوە بەرێز **مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکیتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە( پەیامی زانایان )ی رایگەیاند**: سەبارەت بەو یادەوە، یەکێتی زانایان ئامادەباشی زۆرو بەرنامەرێژی باشی کردووە، چونکە یادی لەدایکبوونی سەروەری مرۆڤایەتی حەزرەتی پێغەمبەرە(درودی خوای لەسەر بێت)، کە پێویستی بە رێزگرتنو وە شایەنی هەموو رێزێکیشە، بۆیە لەچەند هەنگاوێکدا بۆ پێشوازی ئەو یادە، بڕیارمان داوە لەرێی لقەکانمانەوە لەتەواوی شارەکانی کوردستان ئاهەنگی مەولود بگێرێن.

لە درێژەی قسەکانیدا مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی گوتیشی: هەر بەو بۆنەوە چەندین لافیتەو پۆستەراتی تایبەت بە مەولودو تەنانەت کتێبی تایبەت لەسەر ژیانو کەسایەتی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) ئامادە کراوەو، وابزانم ژمارەی ئەو جارەی گۆڤاریش پتر ئەو باسانە لەخۆ دەگرێت.

جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان گوتیشی: ئەرکە هەمووان لەبەرامبەر ئەو یادە پەیمان نوێ بکەینەوەو، بایەخی تەواو بە ژیانو بەسەرهاتو فەرموودەکانی پێغەمبەر وەربگرین.

هەروەها ئەوەشی راگەیاند: کە پێویستە حکوتو لایەنە پەیوەندارەکان رێز لەو یادە بگرنو بە بایەخەوە سەیری بکەن، ئومێدمان وایە بە هەما هەنگی لەگەڵ دەزگا راگەیاندنەکان چەندین بەرنامەی تایبەت بەو بۆنەوە ساز بکەینو مافی خۆی پێ بدەین.

## شێخ عبدالباسط بالیسانی:

# پێویستە خەڵکی ئێمە بە رۆحی خۆشەویستی راستەقینەوە یادی مەولود بکاتەوە



لەمیانەی لێدوانێکی بۆ گۆڤاری (پەیامی زانایان) بەرێز شێخ عەبدولباسیت بالیسانی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، سەبارەت بە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرمان (حەزرەتی محمد) درودی خوای لەسەر بێت رایگەیاند: ئێمە وەکو یەکێتی زانایان لەیادی لەدایکبوونی حەزرەتی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) وێڕای ئامادەکاری بۆ ئەو یادە، بە پێویستی دەزانین داوا لە خەڵکی موسڵمانی خۆمان بکەین، کە رێزی تایبەت لەو یادە بگرنو هەوڵی زیندووکردنەوەی پتری سووننەتو بەجێگەیاندنی فەرمودەکانی پێغەمبەر بدەین.

هەروەها ئەرکی زانایانی بەرێزە گەورەییو ئامۆژگاریەکانی ئەو زاتە بگەیەننە خەڵكو، ئەرکی موسڵمانانیشە بە چاوی خۆشەویستیو رۆحێکی دیندارانە یادی مەولود بکەنەوە، چونکە لەکۆنەوە بایەخ بەو یادە دراوەو خۆشەویستی پێغەمبەریش ئەرکێکە دەبێ ئێمە لێی بەئاگاو هۆشیار بین، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی ئەو ئەرکێکە لەسەر شانی هەموومان، ئەوەتا جارێکیان پێغەمبەر فەرموی: ئیمانی کەستان تەواو نابێ تا منی لە خۆتانو ماڵو منداڵتانو خۆشتر نەوێ. ئیمامی عومەر فەرموی: ئەی پێغەمبەری خوا لە کەس زیاتر خۆشم دەوێی بەس لە نەفسی خۆم نا، پێغەمبەر پێی فەرموو: کەواتە ئیمانت تەواو نیە، دواتر ئیمامی عومەر فەرموی: ئەی پێغەمبەر ئێستا لەخۆشم خۆشتر دەوێی، ئینجا پێغەمبەر فەرموی: کەواتە ئیمانەت تەواوە.

لەبەشێکی تری قسەکانیدا شێخ عەبدولباسیت بالیسانی ئەوەشی گوت: نەك تەنها لەمانگی مەولود بەڵکو لەتەواوی مانگەکان ئێمە خۆشەویستی ئەو زاتەمان هەر هەیە، بەڵام لەو مانگە یادی لە دایکبوونی ئەو زاتە دەکەین، بۆ ئەوەی رووێکی جوانی پابەندیو نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری خۆمان بەرامبەر رێبازی پیشان بدەین.

هەروەها گوتیشی: لێرەوە بە گرنگی دەزانم سوپاسی خەڵکی کوردستان بەگشتیو شاری هەولێر بەتایبەتی بکەین، بۆ ئەو پێشوازیە گەرمەیان سەبارەت بەو یادەوە، ئومێدەوارین ئەمساڵیش بەهەمان شێوە رێزی زۆر لەو یادە بگرینو رۆحەکانمان بەخۆشەویستی حەزرەتەوە ئاوو بدەینەوە.

# پاش ئەوەی سەرۆکی هەرێم بێ تاوانی مامۆستایانی ئایینی دەربڕی... چ قسەیەك دەمێنێتەوە؟



لەگەڵ دروستبوونی ڕووداوەکانی زاخۆو بادینان، کە خەڵك خۆپیشاندانی دژی شوێنەکانی ئارەقفرۆشتنو مەساژکردن ئەنجامدا، بەوەی زۆربوونەو زۆربەی شوێنە گشتییەکانی گرتوونەتەوە، ڕاگەیاندنەکان بە گشتیو حزبو لایەنە سیاسییەکانو دامو دەزگا ڕەسمیەکانو هەندێك لە ئەندام پەرلەمانەکان، مامۆستایانی ئایینیان تۆمەتبارکردن بەوەی ئەوان ئیعازی هاووڵاتیانیان داوە بۆ سووتاندنی ئەو شوێنانە، لە یەکەم ساتەوە سەرۆکو جێگری سەرۆكو شاندێکی یەکێتی زانایان گەییشتنە شوێنی ڕووداوەکانو، بە وردی بەداوداچوونیان کرد بۆ ئەو قسەیەی، کە گوایە مامۆستایانی ئایینی ئیعازیان داوەتە هاووڵاتیان بەوەی بچن ئەم شوێنانە بسووتێنن، بەڵام بۆیان دەرکەوت، کە ئەم قسانە جگە لە تۆمەتێك هیچ شتێکی دیکە نینە، هەر بۆیە دوای ئەوەی یەکێتی زانایان وەك تاکە ڕێ:خراوی پارێزەری مافەکانی زانایانی ئایینی چەندین بەیاننامەی دەرکردو، لە چەندین ڕادیۆو تیڤی بڵاویان کردەوە، کە هیچ مامۆستایەکی ئایینی خەڵکی بۆ توندو تیژی هان نەداوە، بگرە یەکێتی زانایان تاکە لایەنێك بوو ئەم هەقیقەتەی دووپات دەکردەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوان کاریان بۆ هێورکردنەوە کردووە، کەچی دوای هەموو ئەوانەش لایەنەکانو ڕاگەیاندنەکان بەردەوامبوون لە تۆمەتبارکردنی زانایان ئایینی، تا ئەوەی لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان هەندێك لە ئەندام پەرلەمانەکان دوور لە گیانی بەرپرسیارێتی، ئەوەندەی گرنگیان بە تۆمەتبارکردنی زانایانی ئایینی دەدا، ئەوەندە بەدوای لاینەکانی دیکەی ڕووداوەکە نەدەچوون.

بەڵام بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانیدا لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی لە شاری دهۆك سەرەداوێکی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی باسکرد، بەوەی بۆیان دەرکەوتووە هیچ مامۆستایەکی ئایینی دەستی لە توندو تیژی نەبووەو، ئیعازیان نەداوەتە هیچ کەسێك ئەو شوێنانە بسووتێنن، بە پێچەوانەوە ڕۆڵی ئیجابیو هێورکردنەوەیان بینیوە، جگە لەوەش ستایشی ڕۆڵی مێژوویيو هەنووکەیی زانایانی ئایینی کرد.

لێرەدا جێی خۆیەتی لە هەموو ئەو لایەنو ڕاگەیاندنو حزبانە بپرسین، دوای ئەوەی چەندین جار بە بەڵگەوە بێتاوانی مامۆستایانمان لە توندو تیژیەکان دووپات کردەوە، بەڵام ئەوان هەر سووربوون لەسەر لێدانیان، ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە بە کاری ڕاگەیاندنی خۆیاندا بچنەوەو، هەوڵ بدەن وردتر هەواڵەکان بڵاوبکەنەوەو، حسێب بۆ هەموو لایەك بکەن، هەروەها حکومەتو پارتو لایەنەکانیش پێویستە بە پێش چاوڕوونییەوە بەیاننامە دەربکەنو، بە هەمووشیان ستەمێکی گەورەیان لە مامۆستایانی ئایینی کرد، مەگەر داوای لێبووردن بکەن، ئەگینا هیچ شتێك قەرەبووی ئەو ئازارە مەعنەوییە ناکاتەوە.

**ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١٠/١٢/٢٤**

# کۆمەڵکوژیەکەی کوردستانی باکوور کارەساتێکی نامرۆڤانەیە پێویستە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەڵوێستیان هەبێت

شەوی ٢٨ لەسەر ٢٩ی ئەم مانگە فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا هەڵستان بە هێرشێکی نامرۆڤانە، دەرهەق کۆمەڵێك خەڵکی مەدەنی لە کوردستانی باکوور، کە لە ئەنجامدا (٣٥) کەسی کاسبکار لە ڕووداوەکە شەهید کران.

لەو بارەوە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە بەیاننامەیەکیاندا ئەم ڕووداوە بە کارەساتێکی نامرۆڤانە وەسف دەکەنو داوا دەکەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بێنە دەنگ. ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەکەیە:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی هێرشە دوژمنکارانەکەی سوپای تورکیامان بیست، کە لە شەوی (٢٨) لەسەر (٢٩) لە شاری شەرناخی باکووری کوردستان کرایە سەر کۆمەڵێك خەڵکی مەدەنی و کاسبکار، لە ئەنجامدا جارێکی دیکە ئەزموونی کۆمەڵکوژی دژی گەلی کورد لەلایەن وڵاتانی داگیرکارەوە دوبارە بوویەوە، کە بووە هۆی شەهیدکردنی (٣٥) هاووڵاتی، بێگومان کارەکە کارێکی نامرۆڤانەیەو، دژی هەموو پرەنسیپێکی ئایینیو مرۆییە، بەتایبەتی کە ئەم وڵاتە دانی هێناوە بەوەی بە هەڵە کارەکەیان کردووە. ئێمە وەك زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وێڕای ئیدانەکردن، داوا دەکەین ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو وڵاتانی دونیا بێنەدەنگ لەو زوڵمو ناهەقییەی بەرامبەر بە گەلێکی چەوساوەو بەشخوراو کراوە.

لەکۆتاییدا لە خوای گەورە داواکارین سەبووری خانەوادەکەیان بداتو، شەهیدەکانیش بخاتە بەهەشتی بەرینی خۆیەوەو، ئەم کارەش هەنگاوێکی دیکەی کوردانەی بەدواوە بێت، بەوەی کورد نێو ماڵی خۆی یەك بخاتو، هاووهەڵوێستیو تەباییو برایەتی لەناومان قوڵتر ببێتەوە، ئەم وڵاتانەش بەخۆیان دابچنەوە، بۆ ئەوەی لەبری شەڕو کوشتار پەیامی ئاشتیو مافدان بەرز بکەنەوە.

**مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١١/١٢/٣٠**

# دەرماڵەی مامۆستایانی ئایینی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە بڕاوە

دوای ئەوەی لە هەواڵەکان بڵاوکرایەوە، کە لە کابینەی پێشووی نێچیرڤان بارزانی دەرماڵەیەکی تایبەت بە مامۆستایانی ئایینی دەدرا، بەڵام لە کابینەی شەشەم ئەو دەرماڵەیە بڕا. سەرچاوەیەك لەنووسینگی دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت پێی ڕاگەیاندین: ئەو دەرماڵەیە لە کابینەی شەشەمو پێنجەمەوە نەبڕاوە، بەڵکو پێشتر دوای ئەوەی ڕژێمی بەعسی عێراقی ڕووخا، سەرجەم مووچەی فەرمانبەران تەعدیل کراو، دەرماڵەکان بڕێندران، لەوانەش مووچەی مامۆستایانی ئایینی، کەواتە ئەو بڕینە پەیوەندی بە کابینەی پێنجەمو شەشەمەوە نییە.

بەڵام لێرەوە جارێکی دیکە یەکێتی زانایان داوا دەکات، کە لەگەڵ ئەوەی مووچەی چەند بەشێکی فەرمانبەران گەڕێندرایەوە، مووچەی مامۆستایانی ئایینیش بگەڕێندرێتەوە

# شاندێکی باڵای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی یەکێتی پەڕلەمانتارانی کوردستان دەکات



ڕۆژی ٢٠١٢/١/١٨ شاندێکی باڵای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان: مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکو، مامۆستا مەلا دلشاد گەڵاڵی لە پەیوەندییەکان، سەردانی یەکێتی پەڕلەمانتارانی کوردستانیان کردو، لە لایەن بەڕێز نیعمەت عەبدوڵڵا سەرۆکی یەکێتی ناوبراو و بەڕێزان ئەندامانی دەستەی باڵا بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

لە دانیشتێکدا کە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، باس لە گرنگی هەماهەنگیو پەیوەندی بەردەوامی نێوانیان کراو، جەخت لەسەر لێك نزیکبوونی زیاتر کرایەوە، بەتایبەت لەکاتی دەرکردنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی هەردولا.

# شاندێکی زانایانی ئاینی سەردانی دکتۆر عەلی عەبدولباقی دەکات



رۆژی (٢٠١١/١/٢) سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری شاندێکی زانایانی ئایینی لە پەیمانگاکانی زانستە ئیسلامیەکانی هەرێمی کوردستان

سەردانی دکتۆر عەلی عەبدولباقی ئەمینداری گشتی کۆمەڵی توێژینەوە ئیسلامیەکانیان کرد.

لە بارەی ئەو کەسایەتییە مامۆستا مەلا عەبدولڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان بۆ سایتی زانایان گووتی: ناوبراو سەرپەرشتی سەرجەم توێژینەوە ئیسلامیەکان دەکات لە میسرو، هەروەها سەرپەرشتی هەموو خوێندنی ئیسلامی دەکات بە سەرەتایی و ناوەندیو ئامادەیی لە میسر.

زۆر خۆشحاڵ بوو بە سەردانەکەو، هەموو پشتیوانی خۆی بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگییەکە دەربڕی.

# سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی دکتۆر مەعەسراوی دەکات

لە چوارچێوەی سەردانی سەرۆکی یەکێتی زانایان بۆ قاهیرەو، بەشداریکردنی چەند قورئانخوێنێکی کوردستان لە خولێکی قورئانخوێنی سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی دکتۆر ئەلمەعەسراوی کرد، ئەویش لەلایەن خۆیەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کردو، خۆشحاڵ بوو بەو پەیوەندییەو، سوپاسی دەستپێشخەری یەکێتی زانایانی کرد بۆ کردنەوە خولەکە.

سەبارەت بە خولەکەش سەرۆکی یەکێتی زانایان بە سایتی زانایانی راگەیاند: رۆژی (٢٠١٢/١/٢) خولەکە دەستی بە کارەکانی خۆی کردو، ناوەندەکە دەنگی قورئانخوێنەکانی کوردستانیان زۆر پێ باش بوو، هەروەها لە رووی مەقاماتیشەوە باش بوونو، لە رووی تەجویدیشەوە موناسب بوون، بەشێوەیەکی گشتی پێیان باش بوون، هەر لەو بارەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ کردنەوەی خولی دیکەی هاوشێوەی ئەم خولە.




جێی وەبیرهێنانەوەیە، ١١ قورئانخوێنی هەرێمی کوردستان لە ناوەندی مەعەسراوی لە قاهیرە بەشداری خولێکی قورئانخوێنی لە بواری قیرائاتو مەقاماتو تەجوید دەکەن، کە ماوەی مانگێك دەخایەنێت. خولەکە بە هەوڵی یەکێتی زانایان بووەو، سەرۆکی یەکێتی زانایانیش بەشداری سەفەرەکەی کرد.

# مەکتەبی تەنفیزی: سەرۆکی یەکێتی زانایان پێشوازی لە ٢ قوتابی کوردی سەرکەوتووی زانکۆی ئەزهەر دەکات



رۆژی ٢٠١١/١٢/٢٠ لە نێو بارەگای مەکتەبی تەنفیزی، بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، پێشوازی کرد لە دوو قوتابی کوردی سەرکەوتووی زانکۆی ئەزهەر لە میسرِ کرد، بە ناوەکانی: (محمد معروف محمد)و (جەزا أنور محمدامین).

ئەمەو لە دیدارێکدا، باس لە چۆنیەتیو شێوازو سەرکەوتوویی خوێندنی زانکۆکە کراو، باس لە گرنگیو گەورەیی پێگەی قوتابیانی کوردستان لە زانکۆی ناوبراو کرا.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان وێڕای دەستخۆشی کردنو، دەربڕینی دڵخۆشی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆی ئەزهەر بۆ هەردوو قوتابی، جەختی لەسەر پێویستی بەردەوامی هەوڵی بەردەوامی خوێندنو، دواتر خزمەتکردنی وڵات کردەوە، بە گەیاندنی پەیامی راستەقینەی ئیسلامی پیرۆز.

شایەنی باسە: هەریەك لە قوتابیانی ناوبراو، جگە لە وەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی زانکۆکە، هەموو قورئانی پیرۆزیان لەبەر کردووەو، هەروەها بڕوانامەی خوێندنی (قیرائاتی عەشر)یان وەرگرتووە.

# یەکێتی زانایان داوا لە مامۆستایانی ئایینیو بانگخوازان دەکات بەشداری بەرنامەیەکی کەناڵی NRT نەکەن

دوای ئەوەی بە نووسراوی رەسمی یەکێتی زانایان داوای لە ئیدارەی کەناڵی ئێن ئار تی کرد، دەستکاری بەرنامەی (بە بوێری) بکەن، چونکە بەم شێوازەی ئێستا لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامی شتێکی بەم شێوەیە نییە، کە هیچ رێز بۆ خەڵکی موسڵمان دانەنێت، بەتایبەتی کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، دیارە دوای ئەوە کەناڵەکە بەڵێنی چاککردنیان دا، بەڵام دیارە هیچ بەڵێنەکەیان جێبەجێ نەکردووە، بۆیە بە نووسراوێك یەکێتی زانایان داوا لە مامۆستایانی ئایینیو بانگخوازان دەکات بە هیچ شێوەیەك بەشداری ئەو بەرنامەیە نەکەن.

ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەکەیە:

یەکێتی زانایان روونکردنەوەیەك لەسەر بەرنامەیەکی کەناڵی ئێن ئار تی بڵاودەکاتەوە

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**مامۆستایانی ئایینی قەدرگران..**

**هاووڵاتیانی خۆشەویست:**

دوای ئەوەی کەناڵی ئاسمانی (NRT) دەستی بە بەرنامەکانی کرد، ئێمە وەك کەناڵێکی سەربەخۆو بێلایەن تەماشامان کرد، بەڵام دوای ماوەیەك بۆمان دەرکەوت، ئەم کەناڵە لە رێگەی بەرنامەی (بە بوێری) کار بۆ لێدانی ئیسلامو گوماندروستکردن دەکات، ئەوەش وایکردووە، رۆژانە خەڵك بە تەلەفۆن پەیوەندیمان پێوە بکەنو سەردانمان بکەن، ئێمەش بۆ رێزگرتن لە کەناڵەکە نووسراوێکمان بۆ کەناڵەکە نارد، تێیدا داوای راگرتنی بەرنامەکەمان کرد، یان گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بە شێوەیەك بەرنامەکە کار بۆ لابردنی گومان بکات، ئەوانیش بە رەسمی بەڵێنی ئەوەیان پێداین، بەڵام کەناڵەکە تا ئێستا لەسەر شێوازی خۆی بەردەوامە، ئێمەش رۆژانە خەڵك لە سەرتاسەری کوردستان پەیوەندیمان پێوە دەکەن، هەروەها ئەو باسانە هەموویان لە دوو تویێی کتێبەکان وەڵامیان دراوەتەوە، بەڵام بەرنامەکە ئەوەندەی قەناعەتی بە گومانەکان دێت، کار بۆ گەیشتنە ئەنجام ناکات، وا دیارە ئەوەندەی کار بۆ لێدانی ئایین دەکات، ئەوەندە کار بۆ گەییشتنە راستەقینە ناکات، ئەوەی لەو کەناڵە دەکرێت لە هیچ کەناڵێکی وڵاتانی ئیسلامی ناکرێت، جگە لەو کەناڵانەی تایبەتن بە دژایەتی ئیسلام.

بۆیە لێرەوە داوا لە مامۆستایانی ئایینیو وتاربێژانو بانگخوازان دەکەین، بە هیچ شێوەیەك بەشداری ئەو بەرنامەیە نەکەنو، کاتی خۆیان بەفیڕۆ نەدەن لە شتێك، کە ئامانجێکی لێڵی لە پشتەوەیە.

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

٢٠١٢/١/٥

# شاندێکی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان سەردانی زانکۆی ئەزهەر دەکەن




بەمەبەستی ئەنجامدانی خولێکی قورئانخوێنی بۆ (قیرائاتو تەجوید) کە ١١ قورئانخوێنی شاری هەولێر بەشدارییان کردووە. ئێوارەی رۆژی هەینی (٢٠١١/١٢/٣٠) لە هەولێرەوە بەرەو قاهیرە بەڕێکەوتن.

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان هاوسەفەری قورئانخوێنەکانە، کە لە هەمان کاتدا چەند مامۆستایەکی پەیامانگاکانی خوێندنی ئیسلامیش بەمەبەستی گەشتکردن لەگەڵیان چوونەتە میسر.

بە گوێرەی هەواڵێکی رۆژنامەی (ئەلئەهرام) ئەو شاندەی زانایانی ئایینی کوردستان رۆژی دووشەمە سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆی ئەزهەریان کردووەو، لەلایەن دکتۆر ئوسامە ئەلعەبد سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر پێشوازییان لێکراوە، لە دانیشتنەکەدا سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ پێشوازیکردنی قوتابیان لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان، لە نێویشیان قوتابیانی عێراق بەمەبەستی خوێندنی وانە شەرعیو زانستیەکان.

سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر بۆ شاندەکە تەئکیدی لەسەر پرۆگرامی ئەزهەر کردەوە، کە پەیامی وەسەتیەتی ئایینی ئیسلامو، رەتکردنەوەی هەڵەرۆییو توندڕەوی‌و، خەڵك هان دەدات بۆ گفتوگۆکردنو لێبووردنو هاریکاری لەگەڵ هەموو لایەنەکان، لە پێناوی بەرزکردنەوەی کۆمەڵگەو بەرەوپێشبردنی.

هەر لە دیداری زانایانی ئایینی هەرێمی کوردستان سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر روونی کردەوە، کە لە ئەزهەر وانەی هەر چوار مەزهەبە جیاوازەکان دەخوێنن، بە شێوازێکی لۆژیکیو ئەقلانیش دەرگا بە رووی زانستە ئەدەبیو زانستیەکان دەکاتەوەو، پێشوازیش لەوە دەکات، کە دەستی هاوکاری بۆ موسڵمانان لە هەموو جیهان رابکێشێت.

ئینجا لەکۆتاییدا تەئکیدی لەسەر هەماهەنگیو هاوکاری نێوان میسرو عێراق کردەوە، بەتایبەتی پەیوەندی بەهێز لە نێوان ناوەندە زانستیو ئایینیەکان.

جێگەی گوتنە خولەکە بە هەوڵی یەکێتی زانایان بۆ ئەو قورئانخوێنانە ساز کراوە لە ناوەندی مەعەسەراوی لە قاهیرە.

لە وەڵامی بەدواداچوونی یەکێتی زانایان:

## وەزارەتی ئەوقاف روونکردنەوەیەك لەسەر مووچەی گرێبەستی مامۆستایانی ئایینی دەدا

دوای ئەوەی لە راگەیاندنەکان بڵاوکرایەوە، کە مووچەی (گرێبەستی) مامۆستایانی ئایینی لە (١٨٠,٠٠٠تا ٢٠٠,٠٠٠) هەزارە، ئەوەش بە بەراورد لەگەڵ گرێبەستی فەرمانبەرانی دیکە زۆر کەمە، بۆیە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نووسراوەکە، یەکێتی زانایان بەدواداچوونی بۆ بابەتەکە کرد.

ئەمڕۆ دووشەمە وەزارەتی ئەوقاف نووسراوەکانی بۆ یەکێتی زانایان ناردووە، کە تێیدا شێوازی گرێبەشتی مامۆستایانی ئایینی روون دەکاتەوە، بە پێی نووسراوەکان ئەم مووچەیەی لە گرێبەستەکەی ناو نووسراوەکان دەست راگەیاندنەکان هاتووە، گۆڕاوەو، ئێستا مووچەی گرێبەستی مامۆستایانی ئایینی بەم شێوازە نەماوە.

لەو بارەوە جەمال خدر بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف لە لێدوانێکی تایبەت بە سایتی زانایان ئەم باسەی روونکردەوەو، گووتی:

ئەو بابەتە بە هەڵە بڵاوکراوەتەوە، کە گوایە سووکایەتییە بە مامۆستایانی ئایینی، چونکە سێ خاڵ لێرەدا هەیە:

یەکەم: ئەو مووچەیەی لە گرێبەستی بۆ مامۆستایانی ئایینی دیاریکراوە، تەنها مووچە نییە، بەڵکو ئەو مامۆستایە مووچەی خانەنشینی خۆی وەردەگریت، سەرباری مووچەی خانەنشینی، ئەو گرێبەستەشی بۆ دەبڕدرێتەوە.

دووەم: ئەو ئیمتیازە تەنها لە کوردستانەو، بە تەنهاش بۆ مامۆستایانی ئایینیە، واتە هەر فەرمانبەرێك ئەگەر ماوەی فەرمانبەری بەسەر چوو، یەکسەر خانەنشین دەکرێتو، تەنها مووچەی خانەنشینی وەردەگرێت، بەڵام مامۆستایانی ئایینی سەرباری ئەوەی درەنگتر خانەنشین دەکرێن، هەروەها لەگەڵ مووچەی خانەنشینی، ئەو گرێبەستەشیان بۆ دەربڕدرێتەوە، کەواتە بە پێچەوانەوە، ئەو گرێبەستە نەك سووکایەتییە بە مامۆستایانی ئایینی، بەڵکو ئەوپەڕی رێزە بۆ ماندووبوونیان.

سێیەم: مووچەی ئەو مامۆستا ئایینیانەش، ئێستا بەم شێوازە نییە، کە لەو نووسراوە هاتووە، ئەوەی لە نووسراوەکە هاتووە، بۆ کەسێکە خزمەتکاری مزگەوت بێت، کە (قورئانخوێنو بانگبێژو خادیم) دەگرێتەوە، مووچەی گرێبەستی ئەوانیش دەخرێتە سەر خانەنشینیان، ئەوەی مامۆستایانی ئایینیش بە پێی بڕوانامەیە، کە پێش ئێستا هەموو مامۆستایەکی ئایینی تەنها (٢٠٠) هەزاری گرێبەست بوو، بەڵام ئێستا گۆڕاوە بۆ پێی بڕوانامە، ئەوانیش بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- ئیمامو خەتیب (دکتۆرا لە ٢٠٠ هەزارەوە بەرزکرایەوە بۆ ٨٠٠ هەزار).

٢- ئیمامو خەتیب (ماستەر لە ٢٠٠ هەزارەوە بۆ ٧٠٠ هەزار).

٣- ئیمامو خەتیب (دبلۆم عالی لە ٢٠٠ هەزارەوە بۆ ٦٠٠ هەزار).

٤- ئیمامو خەتیب (بەکالۆریۆس لە ٢٠٠ هەزارەوە بۆ ٥٠٠ هەزار).

٥- ئیمامو خەتیب (دبلۆمی پەیمانگا لە ٢٠٠ هەزارەوە بۆ ٤٠٠ هەزار).

٦- ئیمامو خەتیب (ئامادەیی لە ٢٠٠ هەزارەوە بۆ ٣٥٠ هەزار).

٧- قورئانخوێنو بانگبێژ+ خزمەتگوزار (لە ١٨٠ هەزارەوە بۆ ٣٠٠ هەزار).

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی لە درێژەی قسەکانی بۆ سایتی زانایان گووتی: کەواتە ئەگەر مامۆستایەکی ئایینی خانەنشینی (٧٠٠ هەزار) بێت، هەڵگری دکتۆراش بێت، ئەوا بەو گرێبەستە مانگانە (١,٥٠٠,٠٠٠) دینار وەردەگریت، هەروەها ئەگەر ماستەری هەبێت یان بەکالۆریۆس یان هەر بڕوانامەیەکی هەبێت، بە گوێرەی بڕوانامەکان گرێبەستەکەی بۆ دەخرێتە سەر خانەنشینییەکە، ئەوەش تەنها لە کوردستان هەیەو، تەنها بۆ مامۆستایانی ئایینیش هەیە.

لە بارەی ئەو نووسراوەش، کە بڵاوکراوەتەوە، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف روونی دەکاتەوە، کە ئەوە تێنەگەیشتن بووە لە مەسەلەکە، چونکە ئەو ٢٠٠ هەزار دینارە مووچەی کۆنە، ئەوەی ئێستا چوارشیٚ،ەی دووەمە، کە نووسراوە بە پێی بڕوانامەکان، ئەویش بەم شێوەیە بوو، کە بۆم روونکردنەوە. سەبارەت بە بەراوردکردنیان لەگەڵ سەماکاران، بەڕێوەبەری ئەوقاف ئەمەی رەتکردەوەو، گووتی: ئەوان پێشتر هیچ مووچەیان نەبووە، ئێستاش حسابی شەهادەیان بۆ نەکراوە، بەڵام ئەوەی مامۆستایانی ئایینی تایبەتەو، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.

هەر لەو بارەوە مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان بۆ سایتی زانایان گووتی: بەڕاستی بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە ئێمەی زۆر نیگەران کرد، بەڵام دوای بەدواداچوون بۆمان دەرکەوت، کە بەو شێوازە نەبوو، کە قسەی لەسەر دەکرا، بۆیە هیواداریین حکومەت چۆن ئاوڕی لە مووچەی گرێبەستی مامۆستایانی ئایینی داوەتەوە، کە دەستخۆشیان لێ دەکەین، بە هەمان شێوە هیواداریین وەك فەرمانبەرانی دیکە، مووچەی بنەڕەتی مامۆستایانی ئایینیش ئاوڕ لێبدەنەوە، کە تا ئێستا لە کەمترینی مووچەکانی فەرمانبەرانە.

### نوێنەری یەکێتی زانایان بەشداری لەسمینارێکی کراوەی ( رێکخراوی زەنگ ) دا دەکات

رۆژی دووشەممە ٢٠١١/١٢/١٩ نوێنەری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بەڕێز مامۆستا مەلا دلشاد گەڵاڵی، بەشداری کرد لە سمینارێکی کراوەدا لە ژێر ناونیشانی: (بەرەو یاسایی کردنی پێکەوەژیان لە کوردستان)، کە رێکخراوی زەنگی تایبەت بە راگەیاندن، بۆ هەریەك لە بەڕێزان مامۆستا عبدالرحمن سدیق نووسەر رۆشەنبیرو، عبدالرزاق عەلی رۆژنامەنووس، لە کتێبخانەی زەیتون سازیکردبوو.

# پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) وەك خۆی

مەڕحومی مامۆستا شێخ محمدی خاڵ

هـەمـوو پیـاوێکی گـەورەی هەڵکـەوتوو لەجیهانـدا، کـە لێـی ورد ئەبینـەوەو ژیـانی ئەخوێنینـەوە، تێئەگـەیت کـە گـەورەییو بلیمەتییەکەی هەر لەیەك ڕووەوە بـووە، وەك (سـوقڕات)و (فیـساگۆرس)ی یۆنـانیو، (کۆنفۆشـیۆس)ی چـینیو، (شـاملیۆن)ی ئـەمریکانیو، (میڕابـۆ)ی فەرەنـسیو، (کاریبالـد)ی ئیتـاڵیو (کـوتم)ی هیندی کە هەر یەکێك لەمانە لـە تاقە شتێکا پسپۆڕ (متخصص) بووە.

بـەڵام گـەورەیی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) وەك گەورەیی جیهانی بێ پایان وایـە، ئـەم پـەڕو ئـەو پـەڕی نـابینرێ، وە بـیری مـەردووم نـاتوانێ دەوری بـدات، هـەر ڕۆژەی گۆشـەیەکی بـۆ زانایـان دەرئەکـەوێ، وە هەردەمـەی لایـەکی بـۆ دانایـان ئاشـکراو نمایان ئەبێ، کـەوابوو مـەردووم نـازانێ لـە چ ڕوویەکـەوە لێـی بدوێ.

ئەگەر تەماشـای میهرەبـانیو لێبوردنو راسـتیو چاوپۆشـیو هێمنـیو پیـاوەتیو سـەنگینیو بـێ دەمـاریو دڵ نـەرمیو زمـان شـرینیو لەسەرخۆییودەسـتو دەمو دڵ پـاکیو ئـازاییو بەرچـاوتێریو مـەردووم نـەوازیو دادپرسیو هەژارپەروەری ئەکـەیت، ئـەڵێیت: ئەم پێغەمبـەرە یەکـەمین کەسێکە لـەجیهانا کـە سەرچاوەی رەوشـتو خـوی شـیرین، وە سەرمەشقی رەفتارو گوفتارو کرداری رەنگین بووە.

ئەگەر تەماشای ژیریو بیری بەرزو رامیاری (سیاسە)و ڕێکخستنی ئەم هەموو ئیشو کارە گـەورە گەورانـەی ئەکـەیت کـە لـە مـاوەی بیستو سێ ساڵا کردوونی، وە هـەموو عێـلو تیرەو هۆزو خێڵو نەتـەوەو بنەچـەو خێزانـی عـەرەبی پێکـەوە نووسـان، وەکردنـی بـە کۆمـەڵێکی یـەك دڵو یـەك بـیرو یـەك ئامـانج، وەهەرچـی نـاکۆکیو دووبـەرەکیو ناپـاکیو نامەردی هەبوو لەناویان هەڵیگرت، وەگەلێکو دینێـکو دەوڵـەتێکی دروسـتکرد، وە یاسـاو ڕێبازێکی بۆ دانان کە مایەی مانـەوەیان بێت تا ڕۆژی دوایی، وە سەرەڕای ئەمانەش بەشی زۆری ئادەمیی کرد بە برای یـەك بـەڕەنگێکی وا ئەگـەر لەمـەڕاکیش زۆرو سـتەم لـە موسـڵمانێك بکرایـە، لەئەندەنووسـیا بـۆی خەفـەتبار ئـەبوون، ئەگـەر تەماشـای ئەمـەی ئەکەیت ئەڵێیت:

ئەم پێغەمبەرە یەکەمین سیاسـییەك بـووە لـە جیهانـا کـە هـەموو ژیـانی خـۆی بـەخت کردووە هەر لەڕێی ناسینی رەوشـتو خـووی ئادەمیـدا، تـا بزانـێ کـە بـەپێی سروشـتیان قـسەیان لەگـەڵ بکـات، وە بـچێتە نـاو دڵو دروونیانەوە.

ئەگەر تەماشای خواپەرستی ئەکـەیت، کـە بـە ڕۆژ بـەڕۆژوو بـووەو بەشـەو شـەونوێژی کـردووە، وە ئەمەنـدە لـە نوێـژا بـە پێـوە وەسـتاوە تـا پێـی هـەموو ئاوسـاوە، وە لەسەعات زیاتر لەسوجدەدا ماوەتەوە سـەری بەرز نەکردۆتـەوە، ئـەڵێیت: ئـەم پێغەمبـەرە یەکەین خواپەرست بووە لـەجیهانا، وەهیـچی تری نەزانیوە تەنها خوا پەرستی نەبێ.

ئەگـەر تەماشـای ئامـادەیی، شـارەزایی ئەکـەیت لـەدانانی پلانـی جـەنگا، کـە چـۆن هاوڕیکـانی ڕێکخـستووەو دایمەزرانـدوون، وە کۆمەڵ کۆمەڵ بەپێی شوێن دابەشی کردوون، وە لەکاتی گەرمبوونی جەنگا خۆی چۆن وەك سـەرکردەیەکی جـەنگی چـووەتە بـەرەوەو سـینگی داوەتـە پێـشەوە، ئـەڵێیت: ئـەم پێغەمبـەرە یەکـەمین جـەنگاوەرێکی لەشکر شکێن بووە، وە هـەموو ژیـانی خۆی هـەر لەجەنگدا بـەخت کـردووە، وە هــەر لــەم ڕووەوە بەهەرەمەنـد بووە.

ئەگـــەر تەماشـــای دەســـتوورو فەرمایـشاتی ئەکـەیت، کەلـە بابـەت پاشـەکەوتییەوە فەرموویـەتی بـە گوفتارێکی ڕێکوپێكو دڵ چەسپی وا، کـە بـچێتە دڵو دەروونـی هـەموو کەسـێکی دەسـتبلاوی بەرچـاو فراوانـەوە، ئـەڵێیت: ئـەم پێغەمبـەرە یەکـەمین زانیـەکی ئـابووریو پاشـەکەوتی بـووە کـە هـەموو ژیـانی خۆی هەر ڕووەوە بەخت کردووە.

ئەگەر تەماشای جومعـەو دوانگـەی دواندەری (منبر خطابة)ی ئەکەیت، کە هـەزارو چـوار سـەد سـاڵ لەمـەوپێش داینـاوە، ورد ئەبینـەوە لـەوتاری رەنگاورەنگو گوفتـاری گـەرمو گـوڕی لەسـەر ئـەو دوانگەیـە، وە چـووەتە نـاودڵو دەروونیانـەوەو کـاری تێکردوون، بـەرەنگێکی وا کـە زۆر لـە گـەورە سـەرکۆمارەکانی عـەرەب نـەیانوێراوە بـچنە کـۆڕی پەنـدو ئامۆژگارییـەوە، نـەوەك دڵیـان نـەرم ببـێو موسـڵمان بـبن، ئـەڵێیت: ئـەم پێغەمبەرە یەکەمین دواندە (خطیب) بووە لـە جیهانا، وە هەر لەو ڕووەوە پسپۆڕ بووە.

ئەگـەر تەماشـای پزیـشکیو حـەکیمی ئەکەیت لەوکاتی نـادانیو نەخوێندەوارییـەدا، وە لـەو چـۆڵی گـەرمی عەرەبـستانەدا، کـە هەرچـی خوێنـدنو خوێنـدەواری بـێ تیـای نەبووە، وە سـەرنج ئـەدەیت لـەو دەسـتوورە جوان جوانانەی کـە لەتەندروسـتیدا دایناوە، وە تـازە دۆزراونەتـەوە، ئـەڵێیت: ئـەم پێغەمبەرە یەکەمین حەکیمێك بووە لـەجیهانا کـە هـەموو ژیـانی خـۆی بـەخت کـردووە لـە دۆزینەوەی نەخۆشیو دەرمان بۆ دانـانی، وە هەر ڕووەوە زانایەکی هەڵکەوتوو بووە.

ئەگـەر تەماشـای ریازیـاتو فەلـەکیاتی






ئەکەیت کە چۆن لە ئاسمانو زەویو رۆژو مانگو ئەستێرەو بوونیانو رووناکییان هاتوچۆو چەرخەو خول خواردنیان، ئەڵێت: ئەم پێغەمبەرە یەکەمین فەلەکییەك بووە لەجیهان، وە هەر لەم رووەوە زاناو شارەزا بووە.

ئەگەر تەماشای زانینی چۆنێتی گۆڕانی هەوای ناو ئاسمان (علمی طقس و طبقاتی جو)ی ئەکەیت، کە چۆن قسە ئەکات لە هەورو سایەقەو بەفرو بارانو تەزەو هەورە تریشقە، ئەڵێت: ئەم پێغەمبەرە یەکەمین زانایی کە لەم عیلمەدا، وەچەند جار خۆی بە فرۆکە سەرکەوتووەو، بەراوردی لای ژووروی کردووە، وەهەر لەم رووەوە ئاگادارو پسپۆڕ بووە.

ئەگەر تەماشای دانانی ئەو دەستووری یاسا جوانانەی ئەکەیت کەدایناوە، وە سەراسەر مایەی بەختیاریو کامەرانی ئادەمین، ئەڵێت: ئەم پێغەمبەرە یەکەمین قانونییەك بووە لەجیهانا، وەهەرچی ژیانی خۆی هەیە بە شەوو بەرۆژ بەختی کردووە لەدۆزینەوەو دانانی ئەو یاسایانەدا، وەهەر لەم رووەوە هەڵکەوتوو بووە.

ئەگەر تەماشای محاکەماتی ئەکەیت، کە هەمیشە موسڵمانان پرسیاریان لێ کردووە لە بابەت نوێژو رۆژوو، حەجو زەکاتو کڕینو فرۆتنو بارمتە (رهن)و، ئیجارەو نیکاحو تەڵاقو رجاعو بەشکردنی کەلەپوورو میراتو دەعواو بەییناتو قصاصو جینایاتەوەو وەرامی داونەتەوە، ئەڵێت: ئەم پێغەمبەرە یەکەمین حقوقیەك بوو لەجیهانا، وە هەموو ژیانی خۆی بەخت کردووە لە زانستگا، وە لە (کلیە)ی حقوقا، وە هەر لەم رووەوە هەڵکەوتوویەکی بێ هەمتا بووە.

ئەگەر تەماشاە جوانی پەروەرشو بەرهەم هێنان (تربیة وتعلیم)ی ئەکەیت، کە ژنی وەك حەزرەتی عائیشەی پێگەیاندووە کە لەدوای کۆچی خۆی لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا بووە، کەچی نیوەی ئیسلام لەدەمی ئەو وەرگیراوە، وە هەر شتێك کە هاوڕێ گەورەکان نەیانزانیایە ئەچوونو پرسیاریان لێ ئەکرد، وە پیاوی وەك حەزرەتی ئەبووبەکرو عمرو عوسمانو عەلیو عەباسو معاویەو عەمری کوڕی عاسی پێگەیاندووە کە هەموو رووپەڕی مێژووی جیهان بەزاناییو داناییو زرنگیو هۆشیاریو ژیریو کارزانیو دادو کارامەیی ئەوان پڕکراوەتەوە، ئەڵێت:

ئەم پێغەمبەرە یەکەمین کەسێکە لە علمی پەروەرشو بەرهەمهێنانا کەوا ئەو عەرەبە نادانانەی پێگەیاندو پەروەردەی کردن، وە بە روناکی ئایینی ئیسلام شرینقەی لەمێشکیان دا تا سەرو ماڵی خۆیان بەخت کرد لە رێی ئیسلاما، وە لەژیانی پێغەمبەرا عەرەبستانیان پاك کردەوە لە بێگانان، وە لەدوای کۆچکردنیشی بە حەفتا هەشتا ساڵ بەیداخی ئیسلامیان هەڵدا لەچینەوە تا ئیسپانیاو قەراغی دەریای ئەتلەسی، وە لەقازانەوە تا دەریای هیند، کە هەموو مێژوو ناسی جیهان، وە هومەوو فلاسیفەو زانایانی کۆمەڵایەتی (علماء اجتماعی) کاسو سەراسیمەن لەمایەی بلاوبوونەوەی ئەم ئاینە لەو چەند ساڵە کەمەدا، ئەمانە بەهۆی ئەو پەروەرشو بەرهەمهێنانەوە بووە، کە ئەو پێغەمبەرە گەورەیە کردوویەتی، هەر بەم رەنگە لە هەر گۆشەیەکەوە کە ورد ئەبیتەوە لەگەورەیی پێغەمبەر ژیرو بیری پەی پێ ناباتو ناتوانێ بە دەوریا بسوڕێتەوە.

کەوابوو پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێ) لەیەك کاتا خواپەرستو گۆشەگیرو سیاسیو سەربازو فەرماندەر (قائد)و دواندەر (خەتیب)و پزیشكو زانایەکی ئابووری کۆمەڵایەتیو یاساییو فەلەکیو ریازیو مرشدو مورشەبیو دادوەرو پێشەواو پاشایەکی گەورە بووە، هەروەك پێغەمبەرێکی خاوەن قورئانو پایە بەرزیش بووە، کەوابوو دەریای گەورەییو زانایی پێغەمبەر ئەمەندە فراوانو بێ پایانە ئەگەر هەزاران زاناو فەیلەسوفو هەڵکەولووی جیهان هەیە داوێنی لێ هەڵکەن ئەمپەرو ئەوپەڕشی ناکەن.

چ بەڵگەیەك لەم بەڵگەیە گەورەترەو بەهێزتر هەیە، لەسەر پیغەمبەرێتی ئەم پێغەمبەر، نەخوێندەوارێکی جیهان نەدیدەی هەژاری، بێ پشتیوانی پیگەیشتوو لە دەشتی چۆڵی گەرمی عەرەبستانا لەناو هۆزێ:ی جانەوەری کێویی بت پەرستی بێ وێڵی بێ رەوشتو خووی خاوەن پرپووچا ئینقلابێکی وا بەسەر ئادەمی دا بێنی لەماوەیەکی زۆر کەما، هەرچی باو(عادە)ی ئایینی کۆمەڵایەتی بەشی زۆری گەلانی سەر زەوی هەیەهەڵی گرێ، وە باوی ئایینیو کۆمەڵایەتی خۆی لەناو دڵو دەرونیانا بروێنێو جێگیر بکات، وە بگات بە پایەی هەزار ملیۆن ئادەمی لەهەموو گۆشەو کەنارێکی سەر زەوییەوە شەوو رۆژی پێنج جار لە نوێژا ناوی بەرامبەر بەناوی خوا ببەن، وە شاهێدی لەسەر پێغەمبەرێتی بدەن، وە هەرچی زاناو فەیلەسوفی تێگەیشتووی بە ئینساف هەیە لە کاتی ناوبردنیا سەری شەرمو حەیای بۆ دابنەوێنێ..

ان انكرت فئة ما فيك من شيم
فما بذي شيمة من ينكر الشيما

والسلام عليكم

کەوابوو پێغەمبەر( درودی خوای لێ بێ) لەیەك کاتا خوا پەرستو گۆشەگیرو سیاسیو سەربازو فەرماندەر (قائد)و دواندەر (خەتیب)و پزیشكو زانایەکی ئابووری کۆمەڵایەتیو یاساییو فەلەکیو ریازیو مرشدو مورشەبیو دادوەرو پێشەواو پاشایەکی گەورە بووە، هەروەك پێغەمبەرێکی خاوەن قورئانو پایە بەرزیش بووە، کەوابوو دەریای گەورەییو زانایی پێغەمبەر ئەمەندە فراوانو بێ پایانە ئەگەر هەزاران زاناو فەیلەسوفو هەڵکەولووی جیهان هەیە داوێنی لێ هەڵکەن ئەمپەرو ئەوپەرشی ناکەن.

# خۆشەویستی خاك‌و نیشتمان لە دیدی پێغەمبەری خۆشەویست ( f )

مەلا عەبدوللا مەلا سەعید گرتکی



وەکو هەر مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە، مافێکی سروشتی خۆمانە کە خاك و نیشتمان و زێدی باوو باپیرانی خۆمان خۆش بوێت، ئەم مافەش خوای گەورە پێی داوین و پێغەمبەری ئیسلامیش رێنمایی کردووین، بەدەر لەم هەموو تایبەتمەندییە کەم وێنانەی کە کوردستانی نیشتمان هەیەتی، نیشتمان و زێدی باب و باپیرانمان لەلای هاوڵاتیانی ئەم نیشتمانە هەمیشە خۆشەویست بووە، مرۆڤ هیوای هەموو خێرو خۆشیەك بۆ نیشتمانی خۆی دەخوازێت‌و، گەر بۆشمان روون ببیتەوە کە ئەم خۆش ویستنەی نیشتمان ئەرکێکی ئاینیەو پەیرەو کردنی رەفتارێکی حەزرەتی محمدە ( f ) ئەوا پێویستە ئینتمای خۆمان بۆ نیشتمانەکەمان زیاتر بکەین، هەر هاولاتیەك تا ناچار نەبێت یان نەکرێت، زەحمەتە نیشتمانی خۆی بەجێ بێڵێ، هەر کاتێکیش لە نیشتمانی خۆی دەر بکرێت، ئەوا هەموو ساتێ گەڕانەوە بۆ باوەشی نیشتمان بە ئاوات دەخوازێت.

باسەیر کەین پێغەمبەری خوا چۆن فێری بەرگری کردن لەنیشتمان دەکات‌و خۆشەویستنی ئەو خاکە لەنێو دڵ و دەروونمان دادەنێت‌و پاراستن‌و بەرگری لێکردنی بە ئەرکی بڕواداران دەزانێت، لەم نموونانەی خوارەوەش ئەم راستیانەمان بۆ روون دەبیتەوە:

یەکەم: عبداللە ی کوری عدی کوری حەمرای زهری دەلێت: کاتێك کە دەسەڵاتدارانی قورەیش، پێغەمبەر ( f )و هاوەڵانیان لە (مەککە)وە دەرنا، پێغەمبەر( f ) لە دوا خاڵی سەر سنووری (مەککە) رووی کردە شارەکەی خۆی و، فەرمووی (والله إنك لخير أرض الله، وأحب أرض الله إلى الله، ولولا أنّي أُخرجت منّك ما خرجت)(١).

واتە: سوێند بەخوا تۆ باشترین خاك و زەمینی خوای و خۆشەویسترین زەمینی خوای لەلای خوا، ئەگەر منیان لەسەرتۆ دەرنەکردبام، هەرگیز بەجێم نەدەهێشتی.

ئەمەیان گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خۆشەویستمان خاك‌و نیشتمانەکەی خۆش دەویست، ئەو نیشتمانەی کە لێ لەدایك بوو و تیایدا گەورە بوو.

دووەم: خۆشەویستی پێغەمبەر لێرە نەوەستا بەڵکو دارو بەردی نیشتمانەکەشی گرتەوە، هەروەکو ئەنەسی کوری مالك دەگێریتەوە کە پێغەمبەری خوا سەبارەت بە چیای (ئوحود) فەرمووی: (إنّ أُحداً يحبّنا ونحبّه)(٢).

واتە: چیای ئوحود ئێمەی خۆش دەویٚ و ئێمەش ئەومان خۆش دەوێت.

هەروها پێغەمبەر ( f ) دەفەرموێت: (إني لأعرف حجرا بمكة، كان يُسّلِمُ عليّ)(٣)، واتە: من لەمەککە بەردێك دەناسمەوە کاتی خۆی سەلامی لێدەکردم.

تەنانەت کە گەیشتە مەدینەش بیری لە چیاو شێوو دۆڵی مەککە دەکردەوەو بەردەوام دوعای بۆ دەکردن، هەرکەسێکیش لە مەککەوە سەردانی مەدینەی کردبا، پێغەمبەر بەگەرمی پێشوازی لێ دەکردو داوای لێ دەکرد باسی مەککەی بۆ بکات، جارێکیان (أصيل)ی کوڕی (عبدالله)ی (هوزەلی) لە مەککەوە سەردانی شاری مەدینەی کرد، پێغەمبەر بەگەرمی پێشوازی لێ کردو داوای لێ کرد باسی مەککەی بۆ بکات، (عبدالله)ش بەدرێژی باسی مەککەی بۆ کردو وێنەیەکی تەواوی بۆ پێغەمبەر گواستەوە، پێغەمبەر فەرمووی ئەی (عبدالله): با بەس بێت، لێگەڕی با دڵ ئارام بێتەوەو چیتر خەمگینی مەککە(٤).

سێیەم: دوای کۆچ کردن بۆ(مەدینە) پێغەمبەر( f ) زۆر بیری لە شاد بوونەوە بە (مەککە) دەکردو، هەموو کاتێك تامەزرۆی گەرانەوە بوو بۆ باوەشی (مەککە)ی نیشتمانی، هەرچەندە لەرووی کەشوهەواو جوانی سروشتەکەی، جیاوازی زۆیان هەبوو و بەراورد نەئەکران، بەلام پێغەمبەر( f ) لەگەڵ یارانی هەر تامەزرووی گەرانەوە بوون و هەمیشە دڵیان لە مەککە بوو، تا کار گەیشتە ئەوەی کە پێغەمبەر ( f ) نزا و پارانەوە لە خوای گەورە بکات بۆ ئەوەی شاری مەدینەیان لا خۆشەویست بکات، هەروەکو دەفەرموێت: (اللهُّم حَبِبْ الينا المدينة كحبِّنا مكةَ أو أشدُ حبا)(٥)، واتە: ئەی خودایە شاری مەدینەمان لا خۆشەویست بکەی هەروەکو خۆشەویستیمان بۆ مەککە، بەڵکو زیاتریش.

پێغەمبەری خوا ئەو کاتە ئارامی گرت کە خوای گەورە بەڵێنی گەڕانەوەی پێدا بە ئایەتی: ﴿إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ﴾(٦) لرادك إلى معاد: واتە ئەتگێڕینەوە بۆ (مەککە).

هەر لێرەوە موژدەیەکی گەورە هەیە بۆ هەموو ئەوانەی کە لەسەر خاکی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر دەکرێن، کە رۆژێك لەرۆژان بە خاك و وڵات‌و نیشتمان‌و زێدی باب وباپیرانیانی خۆیان شاد ببنەوە، چونکە خوای گەورە ناوی ئەو شۆێنەی کە مرۆڤ تیایدا لەدایك دەبێت بە (معاد) ناو دەبات، واتە ئەو شوێنەی کە بۆی دەگێڕێتەوە،

ئەم بەڵگانەی سەرەوە ئەم راستیە دەسەلمێنن کەوا پێغەمبەری ئیسلام هانمان دەدات بۆ خۆشەویستی نیشتمان، پابەندبوونیش بەم خۆشەویستیە ئەرکێکی ئاینییەو لەهەمان کاتیشدا نیشانەی وەفاداریە بۆ ئەم زاتە پیرۆزە.

لەوانەیە لێرەدا هەندێ کەس بەهەڵە هەندێ فەرمایشتی پێغەمبەر( f ) راڤە بکەن‌و باوەریان وابێت کەوا پێغەمبەری ئیسلام باسی دەمارگیری (تعصب) دەکات‌و ئەم بەڵگانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن دژایەتیەکیان هەیە لەگەڵ ئەم فەرمایشتەدا کە جوبەیری کوری موتعیم بۆمانی دەگێریتەوە کە پێغەمبەر( f ) فەرموویەتی (ليس منا من دعى إلى عصبيه، وليس منّا من قاتل على عصبية، وليس منّا منْ مات على عصبيه)(٧)، بەو واتایەی کە هەر کەسێك بانگەشە بۆ دەمارگیری بکات وەیا شەری لەسەر بکات وەیا لەسەر بیرو باوەری دەمارگیری بمرێت لە ئێمە نییە، بەڵام لەراستیدا ئەم فەرمایشتە هیچ پەیوەندی بە خۆشەویستی خاك ونیشتمانەوە نییە، چونکە (دەمارگیری)و (خۆشەویستی نیشتمان) دوو شتی لێك جیان بە بەڵگەی ئەوەی کە لەپێغەمبەری ئیسلامیان پرسیوە کە پێناسەی دەمارگیریان بۆ بکات ئەویش لە وەلامدا فەرموویەتی (العصبية أن تعين قومك على الظلم)(٨) کەواتە پێغەمبەر خۆی پێناسەی دەمارگیری بەم شێوەیە کردووە کەوا مرۆڤ لەسەر ناحەق بەرگری لە نەتەوەکەی بکات، بەڵام ئەگەر نەتەوەکەت ماف خوراو بوو و غەدری لێ دەکراو خاکی داگیر دەکراو بێ رێزی بەرامبەر دەکرا ئەوکات ئەرکێکی ئاینی شوێن کەوتوانی پێغەمبەرە ( f ) کە بەرگری لە نەتەوەکەی بکات‌و بەیەکێك لە خەسلەتە باشەکانی مرۆڤی موسلمان هەژمار دەکرێت هەروەك پێغەمبەر دەفەرمووێت (خيركم المدافع عن عشيرته مالم يأثم)(٩).

پەراوێزەکان

١- الجامع الصحيح سنن الترمذى (بيروت، دار أحياء التراث العربي) ص١٠١٦.

٢- مسند الأمام احمد بن حنبل ٩١/٣.

٣- صحيح مسلم ١٧٨٢/٤.

٤- ژياننمانا پێغەمبەرێ مەزن، نووسینی عجیب عبدالله، بەنەقل لە (الغزو الفكرى وهم أم حقيقة) د.محمد عمارة، دار الشروق، قاهيرة، چاپی دووەم، ١٩٩٧ لاپەرە ٦٤-٦٧.

٥- صحيح مسلم ١٠٠٣/٢.

٦- القصص ٨٥.

٧- رواه أبو داود، بروانە سنن أبو داود (٦٢٥/٢).

٨- تەواوی حەدیسەکە بەو شێوەیەی لە سنن أبو داود هاتووە (عن وائل بن الأسقع أنه قال: سمعت أبي يقول: قلت: يارسول الله ما العصبية؟ قال: أن تعين قومك على الظلم) سنن أبى داود (٦٢٥/٢).

٩- رواه أبو داود، سنن أبو داود (٦٢٥/٢).

# ئەركی پێغەمبەر ( g ) لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا



مەلا دڵشاد گەلاڵی

ئێمـــــەی شــــوێنكەوتەی ڕێبـــــازی پێغەمبەر(درودی خـوای لەسـەر بێـت) هەقوایـە بــزانین، هــاتنی پێغەمبــەر بـۆ چ مەبەســتو ئامانجێك بووەو ئێمە تـا چـەند هۆشـیارین لـەو بــارەوە، كـە لــە راسـتیدا پـەیامی ئـەو بـۆ هۆشــیاركردنەوەی ئــادەمیزاد بـــووە، ئـــەو ئەركانەش گرنگ بوونەو ماندووبونێكی تـەواوی لە پێناو كێشراوە. لە لایەكی ترەوە ئەگەر ئـەو پرســیارە بكــەین، ئایــا خــوای گــەورە كــە پێغەمبـەری نـاردووە بـۆ ئـەوە بـووە كـە بڵـێن ئەوە پێغەمبەرە؟

یـان ئایـا بـۆ ئـەوە هـاتووە تـا دەسـتەڵاتو پێگـەی پـێ وەربگـرێ؟ یـان بـۆ ئـەوە هـاتووە تەنها بە وشەیەك بڕوای پێ بهێنینو تەواو؟

بێگومـان نـەخێر، بـەڵكو ئـەركو وەزیفـەی پێغەمبـەر بـۆ جێبـەجێ كردنـی چـەند ئـەركو هــەنگاوێكی گــرنگ بــووە، كــە بوونــە مایــەی هێنانی بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتیو رزگاربوونی كۆمەڵگە لە ستەمو نادادی، بۆیە ئەگەر بە پێی پــۆلێنی هەنــدێ لــە ئەركــەكان بێــت، ئــەوە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

یەكـەم: گەیانـدنی پـەیام: هـەروەكو خـوای گەورە دەفەرموێ: (هوَ الَّـذِي بَعَـثَ فِـي الْـأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَـيْهِمْ آيَاتِـهِ وَيُـزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُـمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ) كەواتە ئەكەم ئەركی پێغەمبەر (درودی خـوای لەسـەر بێـت) ئـەوە بـوو، كـە پــەیامی خــوا بـۆ خــەڵكی روون بكاتــەوە، بـۆ ئــەوەی بەرچــاوی بەنــدەكان روون بێـتو بـۆ سەرفرازی خۆیان بەدوای راستیو دروستیەوە بگەڕێن، چونكە هەموو لایەك دەبێ ئەو راستیە بزانــێ كــە هــاتنی پێغەمبــەرو روونكردنــەوەی پەیامەكــەی تــەنها مەبەســت لێــی هۆشــیار كردنــەوەی خەڵكــە لەهــەردوو رێگــەی راســتو چەوتەوە.

دووەم: پــــەروەردەی دەروونــــی: ئــــەركی دووەمی پێغەمبەر(درودی خـوای لەسـەر بێـت) هـــەروەك پــــەروەرگار دەفــــەرموێ (وَيُــزَكِّيهِمْ) ئەوەیـە، كـە ئیمانـدارن پـەروەردە بكـات، بـە شـێوەیەك كـە خـوای گـەورە پێـی خۆشـەو لەهــەمان كــاتیش ئاراســتەی كــارو كردەوەیــان بەرەو چاكەو رەوشت بەرزی ببات، بۆ ئـەوەی مرۆڤــەكان چــاویان لێــك بــێو پێــشێلكاری

بەرامبەر یەكتر ئەنجام نەدەنو هەوڵی شكاندنی یـەكتر نـەدەن، بـۆ ئـەوەی خـەڵك لەسـەر خێـر رابـێو زوڵـمو سـتەم لەیـەكتری نەكـەن، كـەس ماڵی كـەس داگیر نـەكاتو هەڵوێستی ناشـیرن بەرامبەر یـەكتر نـەنوێنن، كـەس ژێـر دەسـتەی كەسی تر نەبێو هەوڵی برایەتیو تەبایی لە نێو خۆیـان بـدەنو كەرامـەتی یـەكتر بپـارێزنو بـە هەڵسوكەوتی جوانــەوە مامەڵــە لەگــەڵ یــەكتر بكــەن، بۆیـە تەزكیـەی دەروونو خـۆ راهێنـان ئــــەركێكی گرنگــــە بـــۆ هــــەموان، كــــە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) لە پێناویدا رەنجی زۆری كێشا.

سێیەم: شارەزایی بەرنامەی خـوا: هـەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ) واتە فێری قورئانو شەریعەتیان بكـاتن چـونكە ئـەم پەرتووكــه تــەواوی مانــاو مەقـــسەدەكانی شەریعەتی لەخۆ گرتووەو بەرنامەیەكی تـەواوە بۆ تێكرای ژیانو سەرفراز بوونی مرۆڤـەكان لـە هەردوو دونیادا، لە راستیدا مـرۆڤ پێویـستی بـە یاسـاو بەرنامەیـەك هەیـە تـا لەسـەری بـڕواتو رێڕەوی ژیانی خۆی بدۆزێـەوە، تـا سـەرەنجام كـۆی مرۆڤـەكان ببنــەوە بـە یـەكو وەك یـەك خێزان بژن، قورئـانی پـیرۆز باشـترین بەرنامـەو دەستووره بۆ مرۆڤایەتی.

نـەك وەك ئـەو عورفـە خراپانـەی كە بوونـە مایـەی دروسـت كردنـی كێـشەو گرفـت لـەناو كۆمەڵگا، نـەك یاسـایەك گـەورەو زەبەلاحـەكان بكاتـە دەسـتە راسـت، نـەك یاسـایەك جیـاوازی بخاتـە نێـو چـینو توێـژەكان، نـەك یاسـایەك شمولی گچكە بكاتو گەورە ببورێ.

بە پێچەوانەوە پێغەمبەر بە پێی شەریعەتو دەسـتووری قورئـان كـاری دەكـردو یاسـایەكی جـوانی داهێنــاو لەســـەر تـــەواوی مرۆڤـــەكان پـەیڕەوی دەكـرد، ئـەوەتا لـە بـارەی فاتیمـەی كچی خـۆی دەفـەرموێ: (فوالـذی نفس محمـد بیدە لو كان فاطمة بنـت محمـد سـرقت لقطعـت یـدها)، یاسـایەك كـە مـافی گشت چەوسـاوان دەستەبەر بكات لە بۆچوونو كـردارو رەفتـاری خەلیفەكانی حەزرەتدا خۆی ببینێـەوەو بڕیاری (متـی اسـتعبدتم النـاس وقـد ولـدتهم امهـاتهم احـرارا) بـە ئیمـامی عومـەر بـدات بـۆ سـەندنی مـافی كـوڕە قیبتیـەك كـە كـوڕی والی دەسـت درێژی بە ناحەقی كرد بۆ سەری.

چــوارەم: حیكــەت گەیانــدن (وَالْحِكْمَــةَ): یەكێكی تر لە ئەركەكانی حەزرەت ئەوەبوو كـە ئادەمیزاد فێـری دانـایی بكـات، كـە هۆكـارێكی زۆر زۆر پێویستە بۆ ژیان، چونكە گرنگـە ئێمـە بزانین چۆن بە ویـژدان بـین چـۆن ژیـانی خـەڵك خۆش بكەین، چۆن رێـزی یـەكتر بگـرین، چـۆن یــەكتر قــەبوڵ بكــەینو دڵــسۆز بــین بەرامبــەر یەكترو دواتر بەرامبەر بە خـاكو وڵاتمـان، چـۆن بتوانین كەسایەتیەكی پاكو دڵسۆزو زمان پاكو دەروون پاكو هەڵوێست جـوانو دەسـت بـەخێر بـین، چـۆن بتـوانین بەتـەواوی ژیانمـان بـەرەو باشــتر ببــەین. هــەموو ئەوانــە حیكمــەتنو پێویستیان بە كار لەسەر كردن هەیە.

پێنجەم: لابردنی شتە خراپەكان: ئـەركێكی تــری پێغەمبــەر ئەوەیــە، كــە شــتە نەشــیاوو نارێكەكان لەناو كۆمەڵگە لاببـاتو نەیـان هێڵێـت، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: (وَيَضَعُ عَـنْهُمْ إِصْــرَهُمْ وَالْأَغْلَــالَ الَّتِــي كَانَــتْ عَلَــيْهِمْ) ئــەم پەروەوەردەیــــە چ كۆســــپو تەگەرەیــــەك رێگریەتی وەكو ئـەو قەسوەتەی لـەدڵی خـەڵك دایە بە هەر هۆیەكەوە بێت لای بەرێت، ئـەوەتا رۆژگــار شاهیــچدی ئــەوە دەدات، كــە رۆژانێــك هەبوو كچیان زیندە بە چاڵ دەكـردو بۆچـوونی تـەسكو تروسـك دەسـەپاو زوڵـم زۆرداری بـاوی هەبوو، كە ئەمە هەمووی نەریتی خراپنو لـەناو كۆمەڵگە بوونیـان هـەبوو، كـە حـەزرەت تـوانی ئەو دیاردانە نەهێڵێت، یان كەمیان بكاتەوە.

بۆیە خوای گەورە وەزیفەی پێغەمبەری بەو شێ،ە دیاری كـردو ئەركـەكانی سـەرەوەی پـێ سـپارد، كــە ئەمــەش وای كــرد بــەهۆی ئــەو وەزیفانەی پێغەمبەرەوە(درودی خـوای لەسـەر بێـت) كۆمەڵگـە بـەرەو ئاقـارێكی رێـكو بـاش هەنگاوی ناو بووە مایەی رەحمـەت بـۆ تێكـڕای مرۆڤایەتی، تەواو ئـەو وەسفەی بەسـەر جێگـر بوو كە خوای گەورە لـە بارەیـەوە دەفـەرموێ: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ).



# ناودارانی جیهان لە بارەی پێغەمبەرەوە دەدوێن

Malaaras.rwanduzi@hotmail.com ـــــــــــــ مەلا ئاراس رواندوزی




لەسۆنگەی دادگەریو دیدێکی پۆزەتیڤانەوەیەو، گوزارشتە لە ڕەنگدانەوەی ڕابوونی هزری هۆشمەندانە لە کەسایەتییەکەت، کە گوێ لەوەکەی تر بگریت، چونکە یان هەڵەیەکی لێ دەبیستیت و تۆ بۆی ڕاست دەکەیتەوە، یان گومانێکی لێ بەدی دەکەیت و تۆ ڕەتی دەکەیتەوە، یان خەلاَتێکەو تۆ لێی وەردەگریت، ئەوە یەکێکە لەو تایبەتمەندییە جیاکەرەوانەی کە لە دوورەوە وێنای ناخی خود دەکات و بە ئەوانی دیکە ئاشنای دەکات، هەروەها بەتاڵکردنەوەی ئەو تێزانە کەڵەکەبووەوەیە کە دەبێتە ڕێگر لە ئاوێزانبوونی جیهانی دڵ بە تروسکایی ڕاستییەکان و ئاشنابوونی بە بریسکانەوەی هەقیقەتەکان، شایەتیدانی کەسانێك کە پێشەنگن لەبوارو کارو بڕیارداندا بە ڕاستی و ڕەواییەتی بانگەشەو بیرو باوەڕێك "بەتایبەت ئەگەر لە لایەن بەرامبەرە نەیار و ڕکابەرەکانەوە بن"، دەبێتە کلیلی ڕزگاربوونی نەتەوەو هۆز و میللەتەکەیشی لە تارمایی و تاسان لە غەفڵەتدا، قسەی ئاقڵمەندانەی کەسایەتییە گەورەکان کاریگەری یەکلاییکەرەوەی بە سەر گەلەکەیانەوە دەبێت و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئایینیان، ئەمانە قایلبوون و متمانەی پتر نییە بە خود و، خۆخەڵەتاندن و خۆخرۆشاندنێکی بێبنەما نییە بەڵکە پێ خۆشحاڵبوونێکی چێژبەخشە بە دڵ و گیرسانەوەی حەسانەوەیە لە دەروونداا.

چونکە هەڵوێستێکی لەو چەشن و ڕەنگە لە ستایش و سوپاسگوزاریکردن زێترە کاتێك دەبینی و دەبیستی کە بەرامبەرە ڕکابەر و ڕاجیاوازەکەت بە زمانێك دەدوێت کە وەك ئەوە وایە تۆ خۆت دەق و دێڕەکانی پەڕاوی داننانەکەی بۆ بنووسیتەوە و ئەویش لە جوانترین شاکاری دەربڕین و ئاخاوتندا بیڕازێنێتەوە و بیچرپێنێتە گوێچکەی خەڵك و ببێتە مایەی وەرچەرخانێکی گەورە لە ئینتیما و ئایدیای ئایینیاندا، ئەوەی ئێستا لەم بابەتەدا دەیخەینەڕوو شاکارێکی ڕەنگینە لە مەزنێتی دەربڕینی بیروڕای بژاردەیەك لە فەیلەسوف و کەسایەتییە ناودارو بەناوبانگە جیهانییەکان کە لەڕاستییدا بەرجەستەی گەواهینامەیەکی شایستەیە دەکات لە سەلماندنی بەرزێتی پایەی پێغەمبەری خۆشەویستمان موحەممەد (د.خ)و، لانیکەم شرۆڤەیەکی کورت و پوخت بۆ لایەنێکی گشتگیری واتا و دەلالەتی ئەو ئایەتە پیرۆزە دەستەبەر دەکات کە پەروەردگاری مەزن پێغەمبەر ( d ) دەدوێنێ و پێی دەفەرمووێت (ورفعنا لك ذكرك)، ئەوەیشی کە مایەی خۆشبەختییە ئەوەیە کە مێژوو بە دێڕی زێڕین ئەو ووتە و ووشانەی دۆکیۆمێنت کردووە و لە دووتوێی پەرتووك و کەلەپووری مرۆڤایەتییدا پاراستوونی، بۆیە بە پێویستییەکی بابەتی و ئەخلاقی دەبینم لە یادی لە دایکبوونی حەزرەتی موحممەد ( d ) ئەو بژاردە نایابە لە ووتەی فەیلەسوف و کەسایەتییە بەناوبانگە جیهانییەکان بخەینەوە بەردیدە بۆ ئەوەی ببێت بە داینەمۆیەکی بەهێزتر بۆ جۆشدانەوەی دەروونە عەودالەکان بۆ تەزووێکی ئیمانییانەی لەو شێوەیە.. هاوکات گرجوگۆڵتر لە جاران لە حزوری ژوان و خەڵوەتی خۆشەویستی ئەو پێغەمبەرە مەزنە خۆمان ببینینەوە.

* لە ئینسکلۆپیدیای "دائرة المعارف البريطانية" چاپی یازدەمدا هاتووە: موحەممەد ( d ) دیارترین کەسایەتییە ئایینییەکان بووەو، سەرکەوتووترین و گونجاوترینیان بووە، ئەو لە دەمێکدا دەرکەوت کە عەڕەبەکان بەرەو ناخی نزمایی شۆڕبووبوونەوە.. ئەوان ڕێنمایی ئایینی ڕێزلێگیراو و بنەما شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانییان نەبوو.. زانست و هونەری وەهایان نەبوو کە شانازی پێوە بکەن، پەیوەندییان بە جیهانی دەرەوەی خۆیان نەبوو.. ئەوان هەڵوەشاوە و لێکترازاو بوون، جووەکان هەوڵییاندا بیانکەن بە جوو بەڵام نەیانتوانی.. مەسیحییەکانیش تەقەللایاندا لەم مەیدانەدا تا بیانکەن بە نەسڕانی لێ بە بێهیوایی لێی دەرچوون.. وەك چۆن هەموو هەوڵەکانی پێشوو بۆ ڕیفۆرم بێکەڵك بوون.. لێ موحەممەد ( d ) دەرکەوت کە وەکو هەوێنی هیدایەت و هاتنەدی هیواکانی جیهانییان ڕەوانەکرا و.. توانی لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەموو نەریتە خراپەکان لە دوورگەی عەڕەب لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵبتەکێنێ و.. لە بتپەرستییەکی نزمەوە بەرەو یەکتاپەرستییەکی پاك بەرزی بکاتەوە و.. ڕۆڵەکانی عەڕەبی ڕووەو ڕاستەڕێ و ڕێڕەوی حەق وەربچەرخێنێ و.. ئیدی بوون بە بانگەشەکار و ڕێنموونیکاری هیدایەت لەو کاتەی کە لەوەو پێش بانگەشەکارو ڕێنموونیکاری بتپەرستی و خراپەکاری بوون و.. وایلێکردن وەکو کۆششیکار بۆ بەرزڕاگرتنی ووشەی خودا بە ناو زەویدا بڵاوببنەوە.

* خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی دکتۆر (برۆکلمان) لەپەرتووکەکەیدا مێژووی ئەدەبی عەڕەبی (تاريخ الادب العربي) دەڵێت: لە بەرەبەیانی دەرکەوتنی ئیسلامدا کە پێغەمبەر موحەممەد ( d ) ڕێبەرێتی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی دەکرد .. نووسەر و زاناکانی عەڕەب بە هۆی پێشکەوتنی شارستانییەت و ڕۆشنبیری هزریی لەو سەردەمانەدا، بژاردەیەك لە شاکاری بە کەڵك لە زانستە مەدەنییەکانی وەکو فەلسەفەو بیرکاری و زانستە سروشتییەکانیان لە دوای خۆیان جێهێشت کە جێمانی ئەو پاشماوە مەزنە وایکرد ئەو زانستانە شوێنەوارێکی شایستە لە مێژووی ئەدەبی عەڕەبی بەشێوەیەکی گشتی، دابنێت و.. واشیکرد

زانا عەرەبەکان بینە مامۆستای خۆرئاوا کە شوێنپێیان هەڵبگیردرێت و چاو لە ڕووناکی توێژینەوەکانیان بکرێت، ئەگەر عەرەبەکان لە بنەچەدا ئەو زانستانەیان لە نەتەوەیەکی دیکە وەربگرتایە ئەوا لە "ئیغریق"ەکان وەریاندەگرت و بە جۆرێك لە پارسەنگیان دەدا کە لە گەڵ شارستانییەتی ئیسلامی بگونجێت.. ئەو زانستانەش ماوەیەك لە زەمەن وەکو بەرهەمەکانی خۆرئاوا و کەلەپوری بێگانە مانەوە.

* زانای ئەمریکی (مایکل هارت) مامۆستای بیرکاری و فیزیا و فەلەکییات لە زانکۆی ئەمریکی و پسپۆڕ لە دەستەی دادوەری ئەمریکی لە پەرتووکەکەیدا (الخالدون المئة) واتە (سەد نەمرەکە) کە تیایدا ناوی پێغەمبەری ئیسلام موحەممەدی ( d ) لە سەرووی لیستەکەی داناوە بەو پێیەی گەورەترینی کەسایەتییە نەمرەکانە لە مێژووی تەواوی مرۆڤایەتییدا، دەڵێت: موحەممەدم ( d ) بەسەر لیستی پەرتووکەکەم هەڵبژارد، دەبێت زۆر کەس لەم هەڵبژاردنەم تووشی حەپەسان ببن.. لێ موحەممەد ( d ) تاکە مرۆڤە لەمێژوودا کە بەشێوەیەکی ڕەها لە سەر ئاستی دینی و دونیاییدا سەرکەوتوو بووبێت.. ئەو بانگەشەی بۆ ئیسلام و بڵاوکردنەوەی وەك گەورەترینی ئایینەکان کردووەو بوو بە سەرلەشکرو کەسێکی سەربازیی و ئایینی.. دوای سێزدە سەدە لەوەغەرکردنییدا تا ئێستاش کاریگەرییەکەی موحەممەد ( d ) بەهێزو نوێیە.. پێغەمبەر ( d ) پیاوێکی دونیایی و هاوسەرو باوك بوو.. کاری بازرگانی دەکردو شوانکارەی مەروماڵاتیش بوو.. دەجەنگاو دەپێکراو نەخۆشیش دەبوو.. هێزێکی زۆردار نەبوو.. هەروەها دەشێت بوترێت کە گەورەترین ڕێبەری سیاسی بووە کە مێژوو ناسیبێتی.. ئەو تێکەڵاوییە لەنێوان دین و دونیادا وایکرد بڕوا بەوە بکەم کە موحەممەد( d ) گەورەترین کەسایەتییە لەڕووی کاریگەرییەوە لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتییدا.

* مێژوونووس و ڕۆماننووسی جیهانی بەناوبانگ (برنارد شۆ) دەڵێت: ئێستا ئەوروپا هەست بە دانایی موحەممەد ( d ) دەکات و شەیدای ئایینەکەی دەبێت ، وەك چۆن بیروباوەڕی ئیسلامی بێتاوان دەکات لەو تۆمەتانەی پیاوە درۆزنەکانی ئەوروپای ناوەڕاست کە دابوونیانە پاڵ ئیسلام و، لەمەودوا ئیسلام دەبێتە ئەو سیستەمەی کە کۆڵەگەکانی ئاشتی و بەختەوەری لەسەر دەچەسپێندرێن و، فەلسەفەی کردنەوەی گرێکوێرەکانی لێ وەردەگیردرێت، لێ من دەتوانم پێشبینی ئەوە بکەم و بڵێم: ئاماژەکانی سەردەمی ئیسلامی ئەوروپی نزیکن و هەر دەبێ دەربکەوێ.. من باوەڕم وەهایە ئەگەر ئەمرۆ پیاوێکی وەکو موحەممەد ( d ) جڵەوی دەسەڵاتی ڕەها لە تێکرای جیهان بە دەستەوە بگرێت ئەوا لەو حوکمڕانییەدا سەرکەوتوو دەبێت و.. جیهان بەرەو خێرو خۆشی دەبات و.. هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات بە شێوەیەك کە ئاشتی و بەختیاری بۆ تێکرای جیهان بەدیدەهێنێت.. بەڵێ.. بە ڕاستی ئیمڕۆ جیهان زۆر پێویستی بە پیاوێکی وەکو موحەممەدە ( d ) بۆ ئەوەی لە ماوەی خواردنەوەی فنجانێکی قاوەدا هەموو کێشە ئاڵۆزەکانی چارەسەر بکات.

* مێژوونووسی ئەوروپی (جیمس میتشنر) دەڵێت: ئەو "مەبەستی موحەممەدە d " هەژارو بێوەژنو بێباوکو چەوسێندراوەکانی خۆشدەویستن، ئەو بە کەسایەتییە لە ڕادەبەدەرەکەیدا شۆڕشێکی لە نیمچە دوورگەی عەرەب و تەواوی خۆرهەڵات بەرپاکرد و، بە دەستەکانی خۆی بتەکانی تێکشکاندن و، بنچینەکانی ئایینێکی هەمیشەیی دامەزراند کە بانگەشە بۆ باوەڕپهێنان بە خودای پەروەردگار بە تەنها، دەکات.. وەك چۆن کۆت و بەندی کۆیلایەتی لە سەر ئافرەتان هەڵگرت کە نەریتەکانی بیابان بە سەریاندا چەسپاندبوون.

* مێژوونووسی خۆرئاوایی ( ڕۆبەرت بریفال ) دەڵێت: دوای دابەزینی ئەوروپا " لە دۆخی وەحشیگەرایی " لە نزمییەوە بەرەو خوارتر، گەیشتە تاریکترین قووڵاییەکانی نەفامێتی و خراپێتی، لە کاتێکدا بە تەنها شارەکانی جیهانی ئیسلامی " بغداد و قاهرة و قرطبة و طليطلة " سەنتەری شارستانییەت و چالاکی عەقڵی بوون.. لەو دەمەوە ژیانێکی نوێ لە شێوەی بەرزبوونەوەیەکی مرۆیی نوێ ، دەرکەوت و.. لە ڕاستییدا هەر جووڵەی پیشەسازی و بازرگانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی و موسڵمانان بوو لە " اندلس و صقلية " کە بازرگانی و پیشەسازی ئەوروپای خولقاند، هەر لەو جووڵەیەشەوە سەروەتی ئەوروپی پێشکەوتو، شارە بازرگانییەکان پەیدابوون، دەستە نیابییەکان بەهێزبوون و، ئەنجومەنەکانی شوراش ستەمو تارمایی سیستەمی بارۆنیو دوژمنکارییەکەی تێکشکاند، بەمجۆرە ئازادی سیاسی و سیستەمەکان لە گەڵ شارستانییەتی ئیسلامی چوونە ناو ئەوروپا، خۆرئاوا ناتوانێ نکۆڵی لەو ڕاستییە مێژووییە بکات هەرچەند دەمارگیربیانەو سەرڕەقانە ڕەفتار بنوێنێ، لەڕاستییدا ئایینی ئەوروپا بە موحەممەد ( d ) پێغەمبەری ئیسلام نامۆیە، ئایا موحەممەد ( d ) شایەنی ئەوە نییە شوێنی پێشەنگ لەڕێڕەوی مێژووی مەسیحییەت بدۆزێتەوە؟.

* (نیکۆلا یافیتش تولستوی ) یەکێك لە کۆڵەگەکانی ئەدەبی ڕوسی دەڵێت: ئەو شانازییە بەسە بۆ موحەممەد ( d ) کە ئۆممەتێکی ڕیسوا و خوێناویبووی بە چرنووکی ئەهریمەنەکانی نەریتە ناشیرینەکان، ڕزگارکردو.. ڕێگەی بەرزبوونەوە و پێشکەوتنی بە ڕوودا کردنەوەو.. شەریعەتی موحەممەد ( d ) بە سەر هەموو جیهاندا باڵدەکێشێت چونکە لە گەڵ عەقڵ و داناییدا دەگونجێت.

* پرۆفیسۆر (کارادی فو) لە پەرتووکەکەیدا (ئەلموحەممەدییە)دا دەڵێت: بەڕاستی پێغەمبەر موحەممەد ( d ) ئیلهام بەخش و دامەزرێنەر بوو.. هیچ یەکێك نەیتوانی ململانێی لەگەڵ بکات لەسەر ئەو پایەبەرزییەی کە هەیبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەو شێوەیە تەماشای خۆی نەدەکرد کە پیاوێکە لە ڕەگەز یان چینێکی جیاواز لەڕەگەزو چینەکانی دیکەی موسڵمانان، لەڕاستییدا هەستی هاوشانیو برایانە کە موحەممەد ( d ) لەنێو ئەندامەکانی کوتلەی ئیسلامی دایمەزراند بوو بە کردەیی جێبەجێی دەکرد تەنانەت لەسەر خۆیشی.

* (مهاتما غاندی) لە ئاخاوتن لە گەڵ ڕۆژنامەی "ینج إندیا" دەڵێت: ویستم سیفاتی ئەو پیاوە بناسم کە بەبێ ململانێ بۆتە خاوەنی دڵی ملیۆنان مرۆڤ .. ئێستا گەیشتمە ئەو پەڕی قەناعەتەوە، کە شمشێر ئەو فاکتەرە نەبووە کە ئیسلام بە هۆیەوە پایەکەی بەدەستهێناوە بەڵکە سادەیی پێغەمبەر ( d ) لە گەڵ ئەو ووردبینی و ڕاستگۆییەی لە بەڵێنەکانییدا.. وە لە گەڵ ئەو لەخۆبردوویی و دڵسۆزییەی لەگەڵ دۆست و شوێنکەوتوانیدا.. وە بە نەبەزیی و متمانەی ڕەهای بە پەروەردگار و پەیامەکەی.. ئەمانە ئەو سیفەتانەن کە ڕێگەیان خۆشکردو سەختییەکانیان تێپەڕاند.. نەوەك شمشێر، دوای تەواوبوونم لە خوێندنەوەی بەشی دووەم لە ژیانی پێغەمبەر ( d ) نیگەران بووم لەوەی کە زیاترم نەزانی لە بارەی ژیاننامە گەورەکەی.

تێبینی: لەنووسینو ئامادەکردنی ئەو بابەتە سوودم لە سەرچاوانە وەرگرتووە:

– محمد رسول الله في نظر فلاسفة الغرب ومشاهير علماءه وكتّابه، دانراوی: محمد فهمي عبدالوهاب.

– الاسلام منقذ البشرية، دانراوی: الابراشي.






# پێغەمبەر ( g )
# ڕابەری گەورەترین وەرچەرخانی مێژوویی

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

## دەسپێك

لەدایك بوونو هاتنی سەروەری ئۆممەتی ئیسلام حەزرەتی پێغەمبەر( g ) لەسەردەمێکدا بووە، کە ڕێزو بەهای مرۆڤایەتیو شیرازەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانو پەروەردەی تاکەکان لەئاستێکی خراپو نزمدا خۆی دەبینیەوە، باڵی نەفامیو نەزانیو یاسای خۆسەپێنیو زوڵمو تاوانو سوکایەتیو قبوڵ نەکردنی یەکتر، لەو پەڕی پەرەسەندن دابووە، لەو قۆناغو لەناو کۆمەڵگەدا شتێکی قیەمی وجودی نەبووە بە ناوی یاسای دادپەروەریو ڕێزگرتنی بەهای مرۆیی، لەڕووی دارمانی ڕەوشتیو قیەمی ئەخلاقیش وەك لەسەرچاوەکان هاتووە، پۆلێن کردنی ستەمو تاوانو تەنانەت واقعی پێش هاتنی پێغەمبەرو ئاینی پیرۆزی ئیسلام، شتێکی ئاسان نیەو خوو ڕەوشتی زۆرینە لەسەر نەهجی خراپی ڕاهاتبوون، مەگەر خەڵکانێك کە بەهای کەسایەتی خۆیان ویستووەو لەو سەرپێچیانە خۆیان بەدوور گرتووە.

بەهەمان شێوە لەڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو هاوسەرگیریو گرێبەستی خێزانیەوە، بەهایەك نەبووە کە پێیەوە سەنگی خێزانی دیار بکرێ، بۆ نموونە ئەو حاڵەتانە گەلێك زۆر بوونە، کە پیاوو خێزانەکەی خۆی دەبردە لای کەسێکی تری ڕێكو پێكو جوان، تەنها لەبەر ئەوەی منداڵی جوانو ڕێكو پێکیان پەیدا ببێت. یان بە چەند پیاوێك دەچوونە لای ئافرەتێكو کاری سێکسیان لەگەڵ ئەنجام دەداو دواتریش مناڵەکە شوبهەی کێی زیاتر پێوە دیار بووایە دەبووە منداڵی ئەو، کەواتە لەو گێژاوەدا بەهاو قیەمێکی وات دەست ناکەوێ ببێتە مایەی دڵ پێخۆش بوونو چوارچێوەی یاسایەك کە وەك ڕاگرتنی سەنگی کۆمەڵگە دەستی هەبوو بێت.

لەڕووی ئابوریشەوە کۆمەڵگە ئاستێکی نزمی هەبووە لە بژێوی ژیانو دابین کردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان، بە زۆریش وابووە کەسانێك بە زولمو ستەم ماڵی خەڵکیان ڕاپێچ داوەو لەسەر حیسابی ژیانی خەڵك خۆیان پێ قەڵەو دەکرد، تەنانەت ئافرەتانی ئەوکات کاریان پێ دەکراو زۆرینەشیان سەرقاڵی کاری سوفو ڕیس چنین بوونە، کە لەبەر خراپی باری گوزەرانو ژیان ئەو جۆرە کارەیان ئەنجام داوە.

لەڕووی دینداریشەوە پەرتەوازەییو شپرزەیی زۆرو بەربڵاو هەبووە، موشریکەکان کە بە حیساب لەسەر ئاینی پێغەمبەر ئیسماعیل بوونە، بەڵام بە بیرو کردەوەیان دوور بوونە لە پەیامی ئیسماعیل پێغەمبەرو بگرە بە هەوەسو کەیفی خۆیان ئاینیان بەکار دەبرد بۆ بەرژەوەندی تایبەتیو قازانجی ڕۆژانەیان.

یەهودییەکانیش بە وەدەست هێنانی دەستەڵاتو سەروەری، خۆیان بە سەر بەرز دەزانیو لەسەر حیسابی ئەوانەی هەژارو بێ دەستەڵاتن دەبردە پێشەوەو ئاینیان تەواو فەرامۆش کردبوو، هەر ئەوەش وای کرد خەڵك ڕوو لە بت پەرستیو بێ دینی و کوفرو نەفامی بکاتو، بڕوای بە ئاینی ئاسمانیو یەکتاپەرستی خوای گەورە نەمێنێتو جەهالەت بکاتە مەنهەجی ژیانو زۆرداریو بیرو باوەڕی کوێرانە هەڵبژێریو شەریعەتی جەنگەڵو زۆرداریو هەژمار کردنی مرۆڤ بە کۆیلە، کە سەودای کڕینو فرۆشتنی پێ دەکرا پیادە بکرێ.

## هاتنی پێغەمبەر( g )

بۆیە لە کاتێکدا کە جەزیرەی عەرەبی نوقمی سەر لێ شێواویو ئەو هەموو نەفامیانە ببوو، خوای گەورە ویستی پێغەمبەرێك بنێرێت، کە

مرۆڤایەتی ئاسودە بکاتو لەو گێژاوی جەهالەتو نەفامیە بەرەو رزگاریو سەربەستیان بەرێت، ئەوە بوو خوای کار لەجێ حەزرەتی موحەممەدی( g ) هێنایە سەر دونیا بۆ ئەوەی پەیامی ڕاستیو ڕەوانی هەمیشەیی بە جیهان ڕابگەیەنێ.

ئەوەی حاشایشی لێ ناکرێ ئەوەیە، کە بە هاتنی ئەو زاتە ڕووناکی هەموو دونیای تاریکستانی بە تیشکی پەیامە ڕەسەنەکەی ڕوون کردەوەو زوڵمو ستەمو زۆرداری نەماو هەر مرۆڤێك هەستی بە مرۆڤ بوونی خۆی کردو سنووری نێوان خۆیو خوای خۆی بۆ ئاشکرا بوو، بە دەرکەوتنی ئەو پێشەوایە گۆڕانێکی بنەڕەتیو مێژوویی گەورە خولقاو لە هەموو جیهان دەنگی دایەوەو قیمەتی خۆی تۆمار کردو هێدی هێدی لقو پۆپی پەیامە ڕەسەنو پیرۆزەکەی بە ڕووی تەواوی دونیا پەرشو بڵاو بویەوە، ئەمەش وای کرد کە مرۆڤایەتی دەرس لە ڕێڕەوی ئەو پێغەمبەرە( g ) وەربگرێتو پەیامەکەی بە گەورە بزانێت، چونکە بە فعلی بووە مایەی ڕەحمەتو ڕێگا ڕۆشنکەرەوەی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی.

هەر لەو کاتەش کە خوای گەورە پەیامی دایە دەست پێغەمبەر( g ) بە وشەی (إقرأ) دەستی پێکرد بۆ ئەوەی پەیامەکە وا بڵاوبێتەوە، کە مرۆڤایەتی بە فێرخوازیو تێروانینو لێ ووردبوونەوەو شارەزاییو بە شێوەیەکی زانستی ڕوو لە ئیسلامو بەرنامەی خوا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا حیکمەتی گەورەی پەیامی ئیسلام لەوە دەرەکەوێ کە هیچ شتێك نیە بنچینەی زانستی خۆی نەبێ، بەڵکو لەسەر بنەمای زانستیو گەیشتنە قەناعەتەوە پەیامی ئەو پێغەمبەرە( g ) خۆی دەبینێتەوە.

# حیکمەتو ئامانج لەهاتنی پێغەمبەر( g )

بەدرێژای تەمەنی پێغەمبەرایەتی، کە ماوەی (٢٣) ساڵی خایاند، تەواوی ژیانو کارو بەرنامەی ئەو زاتە نورینە بۆ ئەوە بوو کە چۆن بەشەریەت رزگار بکات لە چەنگ پەرستنی بتو سەنەم بۆ پەرستنی خوای باڵا دەستو پەڕاندنەوەی مرۆڤایەتی لە دونیای ستەمو تاریکیو نەفامی بۆ دونیای عەدالەتو ڕووناکیو زانینەوە، هەروەها بەختەوەر کردنی ژیانی خەڵكو کۆمەڵگەو شارستانیەتو دەرهێنانی لە جیهانی گومڕاییو دەردەسەریو مەینەتیەکانی ژیان.

ماوەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریو بێدار کردنەوەی خەڵك لە پەیامی خوا، کە حەزرەت سەرمەشقی بوو، مەبەست ئەوە بوو مرۆڤایەتی لە مەیدانی جەهلەوە بەرەو مەیدانی زانینو یەکتاپەرستیو ئاسودەیی لە ژیانو بڵاوکردنەوەی دادپەروەریو یەکسانیو نەهێشتنی زوڵمو زۆرداریو بە سووك سەیر نەکردنی مرۆڤو دیار بوونی مافو ئەرکی تاك لە هەمبەر واقعو ژیانو ئایندەو دوا ڕۆژی خۆی.

تا وای لێهات خوای گەورە تەواوی پەیامەکەی بەو زاتە سپاردو تاکە بەرنامەو دەستورێکی کاملو شاملی هەناردو بوو بە مەنهەجو یاسای بنەڕەتی ژیان، کە تێکڕای لایەنەکانی ژیاریو ژیانیو مرۆیی لە خۆ دەگرێو تێیدایە، خوای میهرەبان بە ڕاشکاوی راستیەتی ئەو پەیامە دووپات دەکاتەوە، کە خۆی ڕەزامەندی لەسەر داوەو بە ڕێنیشاندەری مرۆڤایەتیو ئومەتی ئیسلام ناو زەردی کردووە، وەك دەفەرموێ (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا) المائدة: ٣.

پێغەمبەر( g ) لەژیانیدا توانی ببێتە تاکە پەیامبەری ڕاستەقینەو رێنیشاندەری مرۆڤایەتی، کە دوای تێپەڕ بوونی چواردە سەدە ئێستا ئەو ڕاستیانە زیاتر بەرچاو دەبنو زۆر واقعیانە ئیسلام جێگەی خۆی کردەوەو بوو بە تاکە بەرنامەو دەستوور بۆ مرۆڤ، کە خاوەن ڕێژەیەکی یەکجار زۆری بەشەریەتە لەسەر گۆی زەمیندا.

# گەورەیی پەیامی پێغەمبەر( g )

دەوڵەمەند بوونو بەرفراوان بوونی ئەو پەیامە لە ڕووی زۆری ڕێژەی موسڵمانانو سنووری جوگرافیو تەمەن درێژیو بە زیندوو مانەوەو لە کار نەکەوتنی، گەورەترین بەڵگەی هێزداری زانستیو عەقڵیو مەنتقیو واقعیە لەسەر ڕاستێتیو تەواوێتی ئەو پەیامەو گەورەییو پیرۆزی ئەو زاتە پڕ میهرەی کە خوا وەك ڕەحمەتێك بۆ مرۆڤایەتی ڕەوانە کرد، هەروەك قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکاتو دەفەرموێ (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)الأنبياء: ١٠٧.

ئەو زاتە وەك سەرچاوەی میهرو لێبوردەییو ڕەوشت بەرزیو دادپەروەریو هۆشیاری ئایینیو ڕووناك کەرەوەی ژیانو سەربەستیو بەختەوەریو ڕێزو پایەی مرۆڤایەتی، هەر لەو کاتەی لە دایك بوو تا دەگاتە ڕۆژی دواهەمینی تەمەنی ئوممەتەکەی هەر ڕەحمەتەو پەیامەکەشی هەر زیندوو دەمێنێتەوە، چونکە وەك چاکسازی مرۆڤایەتیو پاکسازی کۆمەڵایەتی قەوارەیەکی گەورەی حەقیقەتو واقعیەتی بەرجەستە کردووە، کە تا مرۆڤایەتی مابێت، توانای دەست بەرداری نیەو تواجودو هەیمەنەو سیمبولیەتی جەوهەریانەی خۆی بە ڕووی کۆمەڵگەوە هەر دەمێنێت.

# وەزیفەو ئەرکی پێغەمبەر ( g )

لەبەر ئەوەی خۆشەویستیو گەورەیی ئەو زاتە هێندە پیرۆزو گەورەیە، کە وەك زاخاوی مێشكو ئاسودەیی دەروونو بەختەوەری ژیانو دوور بوون لە مەینەتو گێژاوی تاڵی ژین، هەمیشە ئومێدو هیواو ئەمەل لە هزرو بیری هاوڕێبازانی خۆی نوێترو جددیتر دەکاتەوە، چونکە پەرۆشی پێغەمبەر( g ) بۆ بانگەوازی مرۆڤایەتی هێندە بە تین بووە، تەنانەت لەبەرامبەر پەیامەکەی خوا بەو پەڕی دڵسۆزیو ماندوونەناسیەوە ژیانی خۆی لە پێناو تەرخان کردو ئازاری زۆریشی لەسەر بینی، بەڵام هیواو ئومێدی وابوو مرۆڤ دەستی پێوە بگرێ، چونکە سەرفرازی هەردوو دونیا بە هۆی پەیامی ئاسمانو فەرمایشتە پڕ نورەکانی حەزرەتەوە مسۆگەر دەبێت.

قورئانی پیرۆز لە چەندین دەقیدا وەسفی ئەو پایەدارە دەکاتو بە نێردراوی خواو ڕێنیشاندەرو ڕەحمەتو تەواوکەری بەهای مرۆڤایەتی ناوی دەبات، وەك خوای بەخشندە لە چەند ئایەتێك دەفەرموێ: (لَقَدْ مَنَّ اللّهُ عَلَى الْمُؤمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِي ضَلالٍ مُّبِينٍ)آل عمران ١٦٤.

یاخود دەفەرموێ (لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ)التوبة ١٢٨.

یان دەفەرموێ (كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولاً مِّنكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ)البقرة ١٥١. یانیش دەفەرموێ (مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا)الأحزاب ٤٠. یان (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ)الجمعة ٢. یان (يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ قَدْ جَاءكُم مِّنَ اللّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ) المائدة ١٥.

هەموو ئەو دەقانە لەلایەکەوە ئاماژەن بۆ گەورەییو بەڕێزی ئەو پێغەمبەرە( g ) کە بوو بە سەرقافلەی ئوممەت، لە لایەکی تریشەوە ئاماژەن بەوەی ئەو زاتە چاکسازێکی نمونەییو نێردراوێکی گشتگیرو سەردارێکی پڕ میهرە بۆ ئوممەتی ئیسلام، کە بەردەوام حەکیمانە بە فەرمایشتە پڕ نورو حیکمەت بەخشەکانی، ژیانی تاك لەگەڵ کۆمەڵگەو ڕێسای نێوان بەندە لەگەڵ خواو مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگە بەجوانترین ئاست دیار کردووەو نەخشاندویەتی. سەرەڕای چەندین یاسای دیکەی ئیسلامیو سوننەتی حەیاتی کە مرۆڤ پێویستیەتی پراکیزەیان بکات لە ژیانی ڕۆژانەو شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ دەوروبەرو دراوسێو دۆستو کۆمەڵگەدا.

# خزمەتی بە مرۆڤایەتی

پێشەنگ بوونی ئەو سەروەرە لەوەدا دەرەکەوێ کە توانی بە هێزی گەورەیی پەیامی خواو مەنتقو لۆژیك هێمنانە پەیامەکەی بگەیەنێتو هاوڕێبازانی خۆی لەسەر جوانترین هێڵی بڕواداریو پەروەردەو

تەزکیەی دەروون‌و ڕەوشت بەرزی‌و گیانی خۆشەویستی‌و برایەتی‌و گوێڕایەڵی‌و لێبوردەیی‌و پاکی‌و ڕاستی‌و قبوڵ کردنی یەکتری ڕابێنێت‌و پەروەردە بکات. تا وای لێهات هەموو ئەو چەمکانە شۆڕی نێو سەدەکانی دوای خۆی بوونەوەو وەکو شوعلەی تیشکی هەتاو جیهانی گرتەوە.

ڕوونیشە کە مرۆڤایەتی کەڵکی لێ وەرگرت‌و بوونە یاسای سروشتی لە ژیان‌و شێوەی هەڵسوکەوت‌و ڕێڕەوی ژیان، کاتێك مرۆڤ لە فەرمایشتەکانی وورد دەبێتەوە، ئەو ڕاستیەی بۆ دەرەکەوێ کە هەر دەقێك لە فەرمودەکانی دەکرێ بکرێتە یاسایەك‌و لە واقعی کۆمەڵگەو ژیانی تاك، هەیمەنەی خۆی بەسەر پێشهات‌و گۆڕانکاریەکانەوە دەرەکەوێ، چونکە سروشتی ژیان لە ئەسڵدا یەکەو پێوەری جیایی‌و بەڕێزی لە زیاتر پابەندی مرۆڤ بەو شەریعەتەوە دیار دەکرێ.

## فەرمان‌و فەرموودەی پێغەمبەر( g )

لەبەر ئەوە پێغەمبەرمان( g ) چەندین فەرمایشتی فەرمووە، کە بە واقعی کردنیان کۆمەڵگە بەختەوەرو مرۆڤیش پەلکێشی ئاسودەیی دەکات‌و نیشتیمانیش بەرەو ئاستێکی باشی ئاشتی‌و ئاسایش دەبات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمرۆی واقع لە دوێنێ باشترو بەیانیشی لە ئەمرۆ چاکتر دەکات.

لەوانە لە ڕووی یەکسانی‌و سەیرکردنی مرۆڤەکانەوە دەفەرموێ (النّاس سواسية كأسنان المشط) یان لە ڕووی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ لەسەر بەرزتریت ئاستی پەیوەندی‌و زەمانەتی مامەڵەی بەردەوام بە ریتمێکی دۆستانە دەفەرموێ (المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده) رواه البخاري. (المؤمنون كرجلٍ واحد، إن اشتكى عينه اشتكى كله، وإن اشتكى رأسه اشتكى كله) رواه مسلم. (لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه) رواه البخاري.

هەروەها لە ڕووی پێکەوە ژیان‌و بوونی گیانی هاوکاربوون‌و پەردەپۆشی عەیبی خەڵك‌و سووك کردنی خەمی یەکترو ئەنجام نەدانی زولم‌و نەهێشتنی ئیرەیی‌و ڕق‌و کینەو فرو فێڵ‌و لێك ترازان، دەفەرموێ (المسلم أخو المسلم لا يظلمه ولا يسلمه، ومن كان في حاجة أخيه كان الله في حاجته، ومن فرّجٍ عن مسلم كربة فرّج الله كربة من كربات يوم القيامة، ومن ستر مسلماً ستره الله يوم القيامة) رواه ابو داودٍ والترمذي.

(لا تباغضوا ولا تحاسدوا ولا تدابروا وكونوا عباد الله إخوانا ولا يحل لمسلم أن يهجر أخاه فوق ثلاثة أيام) رواه البخاري.

لە هەمبەر شێوازی مامەڵەی دراوسێ‌و دۆست‌و خزمدا وەك دیار کردنی چوارچێوەی بەختەوەر بوون‌و مانەوەی مانای چەمکەکان دەفەرموێ (أيها الناس أفشوا السّلام وأطعموا الطعام وصلوا الارحام وصلوا بالليل تدخلوا الجنة بسلام) رواه الترمذي.

(لا يدخل الجنة من لا يامن جاره بوائقه) رواه مسلم. (ليس المؤمن بالذى يشبع وجاره جائع الى جانبه) رواه البيهقي.

هەموو ئەوانە نمونەی دڵۆپێکن لە دەریای مەعریفەت‌و سەرفرازی‌و پایەداری ئەو زاتە بەرزەو پەیامە پیرۆزەکەی بۆ ئێمەی شوێن کەوتەی ڕێبازی ئیسلام.

خۆ ئەگەر بە ئیمان‌و دیقەتەوە لە ژیانی سەروەرمان بڕوانین، باش دەگەینە ئەو راستیە، کە هەر لە کاتی لە دایك بوونی‌و بگرە ژیان‌و بەسەرهات‌و سەختی‌و سیفات‌و ئەخلاق‌و شێوەی هەڵسوکەوت‌و حوکمڕانی‌و تا وەرغەرکردنی، هەمووی پەندە، یاسایە، حیکمەتە، ئیقتیدایە، هەدیەیە، وانەیە، بۆ بەردەوام بوونی ژیان لەو کاتەوە تا ئێستا. هەر خۆیشی کە دواهەمین پێغەمبەرە بەڵگەیە لەسەر تەواوێتی‌و گشتگیریەتی پەیام‌و وەزیفەو بێ کەم‌و کوڕی مانەوەی سیستەمی ژیانی بەشەریەت، لەبەر ئەوەش قورئان وەك ئاخرترین دەستووری ئیلاهی بۆ تەکمیلەی تێکڕای دەستورەکانی تری پێش ئیسلام بەو زاتە پایە بەرزە بەخشرا.

## ئەرکی ئێمە لە یادی مەولود دا

کەواتە لەم واقعدا ئەرکی ئێمەی کوردی موسڵمان ئەوەیە، کە تەنها بە دروشم ئەم یادە نەکەینەوە، بەڵکو ئەرکە بە کردەوە پابەندی تەواوی ئەو یاساو ڕێسایانەی پەیامی پیرۆزی پێغەمبەر( g ) بین، بە




شێوەیەك خزمەتی ئیسلام‌و نیشتمان‌و نەتەوەکەمانی پێ بکەین‌و هەمیشە چاکە خوازو پاڵپشت‌و ڕەخسێنەری ئەزمونێکی لەبارترو فراوانتری خۆمان بین. چەندەش ڕەوشتە بەرزەکانی حەزرەتی موحەممەد( g ) بکەینە سەرمەشقی کاری ڕۆژانەمان، ئەوەندە زیاتر وەك هەمیشە دەبێتە مایەی چەکێکی بەهێزو کاریگەر بۆ تواناو ووزەی پاراستنی ئەزمونی نەتەوەکەمان‌و پێناسەی پاکی‌و چەکی کورد لە پابەندی بە ئایینی ئیسلام بەرامبەر ڕای گشتی موسڵمانانی جیهان بەهێزترو پایەدار تر دەکات.

## کوردو مەولودی پێغەمبەر( g )

هەرچەندە گەلی کورد شەرەفی داهێنان‌و بەگەورە گرتن‌و بەقەدر ڕاگرتنی ڕۆژی مەولودی پێغەمبەری مەزنی هەیە، کە بەڵگەی وەفادار بوونی میللەتی کوردە بۆ پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی موحەممەد( g ) بەوەی کورد دەیەوێ لەلایەك دووبارە پەروەردەی نەوەی نوێی کوردستان لەسەر بڕوا بە خواو بە پێغەمبەرو پەیامی ئاسمانی دووپات کاتەوە، لەلایەکی تریشەوە دانانەوەی بناغەی کۆمەڵگەو ژیارو دیارکردنی ماف‌و ئەرکی نیشتیمانی‌و ئیسلامی لەسەر بنەمایەکی زانستی‌و سەربەستی‌و لۆژیکی‌و ئەخلاقی بینا بکاتەوە، کە ئەمە هەمیشە هێڵی بە زیندوو هێشتنەوەی نێوان کوردو ئیسلام پتەوتر دەکات‌و تاکی کوردیش بە شێوازێکی مکوم‌و پتەو لەبەردەم گەلانی هاو دین‌و هاو ژین پێناسە دەکاتەوە.

## مەولودو وانەیەك

بۆ ئەمرۆی واقعی ئێمەو ئەزمونی کوردستان بیرەوەری ئەو یادە شکۆدارە مەزن‌و مێژووییە، مانایەکی گەورە دەبەخشێت، بەوەی بە جیهانی دەسەلمێنێ کە ئەگەر کورد دەستەڵاتی هەبێت‌و سەربەخۆی خۆی مسۆگەر بێت‌و ژێر دەستەی ستەمکاران نەبێ، ئەوا لەهەموو نەتەوەیەك زیاتر بە ڕێکی‌و بە پاکی پابەندی ئیسلامەو زیاتریش خۆشەویستی‌و دڵسۆزی بۆ ئەو پێغەمبەرە پایە بەرزە دووپات دەکاتەوەو بە ئاکارو ڕەفتاری جوانەوە ساڵانە بە فەخرو شانازییەوە ئەم یادە پیرۆزتر ڕادەگرێ، لەهەمان کاتیش پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات، کە حەزرەتی پێغەمبەر( g ) تاکە مرۆڤو نێردراوی خوایە کە ژیان‌و ڕێبازو پلەو پایەی هەر لەمناڵی هەتا لاوێتی‌و هەتا ڕابەری گەورەترین وەرچەرخانی مێژوویی بە چاکی‌و پاکی پارێزراو بێت‌و لەبەر چاوی هەموو لایەك بێت.


سەرچاوەکان

١– الرحيق المختوم: الشيخ صفى الرحمن المباركفورى.

٢– الرسول(صلى الله عليه وسلم): سعيد حوى، الطبعة السابعة. ٢٠٠٥م.

٣– السيرة النبوية: أبو الحسن علي الحسني الندوي، الطبعة الثانية عشرة، ١٩٩٩م.

٤– فقه السيرة: الدكتور محمد سعيد رمضان البوطى، الطبعة السابعة، بغداد.

# گەورەیی پێغەمبەر وەك لەقورئان هاتووە

حەمید ئەحمەد عەبدولفەتاح- قەڵادزێ




لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (وما أرسلناك الا رحمة للعالمين)، واتە: هەربۆیە تۆمان ناردووە کە رەحمەت بیت بۆ هەموو جیهانیان. رەحمەت بۆ دۆزینەوەی رێگای بەهەشت‌و، خواپەرستی..

لەدایکبوونی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) گەورەترین رەحمەت‌و بەخششی خوایە بۆ ئێمەو، دەبێ گەورەیی ئەو رەحمەت‌و نیعمەتە خواییە نەشارینەوەو، ئاشکرای بکەین‌و، دڵی خۆمان‌و خەڵکی بەم یادەوە خۆش بکەین، وەك رێزو حورمەتێك بەرامبەر بەم زاتە.

هەندێك لە زانایان دەفەرموون: کە (ئەو شەو و رۆژەی کە پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر بێت- تێیدا لەدایکبووە، لە شەوی ليلە القدريش گەورەترە) تنوير القلوب/٦٢

یادی لە دایکبوونی سەروەرمان (درودی خوای لەسەر بێت)، یادی یەکبون‌و یەکدەستی نێو موسڵمانانە، یادی خەبات‌و تێکۆشان‌و بەردەوامی‌و لێبوردەیی‌و بۆ خواسوڵحانەو، یادی پشتگوێخستنی نەفامی‌و کوێرەوەری‌و نەزانییە.

رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر بێت- رۆژی هەڵبژاردنی باشترین دروستکراوی خوداو، دواهەمینی پێغەمبەرانەو، رۆژی ئازادبوونە لە کۆتی بەندایەتی بەندە.

لە قورئانی پیرۆزدا، لە زۆرێك لە ئایەتەکانیدا باسی پێغەمبەرانی پێش پێغەمبەری ئێمە کراوە -درودی خوایان لەسەر بێت-، بۆ سێبووری دڵی موسڵمانان‌و چاولێکردنیان، کە لەمەولودیشدا بەتایبەتی باسی ژیان‌و پێناسەو بەسەرهاتەکانی دەخوێندرێتەوە بەسەر ئامادەبووان، مەبەست لێی تەنها زیندوو راگرتن‌و بەرزکردنی ناوی سەروەرمانەو، چاولێکردنەوەیەتی‌و ژیانە لەگەڵ رووداوەکانی کەسایەتی هەڵبژێردراوی پەروەردگار.

لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، نمونەی بەرز راگرتن‌و زیندووکردنەوەی باس‌و ناوی پێغەمبەرانی پێشوو بە روونی لە حەجی ماڵی خوادا بەدیاردەکەوێ، کە بەرز راگرتنی ژیان‌و دروشم‌و پەرستشی حەزرەتی ئیبراهیم‌و، حەزرەتی ئیسماعیلە (سەلامی خوایان لێبێت).

ئەگەر سەیرێکی ناوی ئەومانگەیش بکەین کە پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر بێت- تیایدا لە دایکبووە، ناوێکی ناسك‌و جوانە، کە ناوی (ربيع الاول)ە، واتە: بەهاری یەکەم، بەهارێك بۆ دڵ‌و گیان‌و رۆح‌و جەستەی شەکەت‌و ماندوو، نغرۆ لە نێو ئاوی لێڵی رەشەباو بارانی پاییزی گوناهو تاوان‌و سەرپێچی، بەهارێك کە سەوزایی‌و ژیانەوە بەدیاری بۆ زەوی وشکی مرۆڤایەتی دێنێت (انما أنا رحمة مهداة) رواه مسلم.

زانایان‌و رۆشنبیران‌و، مێژوونووس‌و شاعیران، بە دۆست‌و دوژمنیشەوە زۆریان لەسەر خودی ئەو زاتە -درودی خوای لەسەر بێت- نووسیووەو، دەنووسنەوە، کە بۆ هیچ کەسێکی دیکە کاری وا نەکراوەو ناکرێ، وێڕای ئەوەی کە زۆر کەسی بلیمەت‌و شارەزاو دانا بوونیان بووەو دەبێ، ئەمەیە راستی ئایەتی: (ورفعنا لك ذكرك) سورەی (الانشراح)، تەنانەت خودی پەروەردگار دەفەرموێ: (وانك لعلى خلق عظيم)، کە ئەمانە هەمووی بەڵگەی شکۆو پایەداری پێغەمبەرن -درودی خوای لەسەر بێت-، ئەوتا خوای گەورە داوا لە موسلمانان دەکات، تەنانەت لە ئاستی پێغەمبەردا دەنگیشیان نزم هەڵبڕن‌و، بەرێزەوە لەگەڵی بدوێن: (لا ترفعوا أصواتكم فوق صوت النبي...) سورەی (الاحزاب)، بەڵکو خوای گەورە ناوی پێغەمبەری -درودی خوای لەسەر بێت- بە دوای لەفزو ناوی (الله) دا هێناوە.

خوای بالأدەست بەهۆی بوون‌و هاتنی پێغەمبەرەوە -درودی خوای لەسەر بێت- ریزی زۆری لە مرۆڤایەتی، بەتایبەت موسڵمانان ناوە: (لقد من الله على المؤمنين اذ بعث فيهم رسولا...)و، بەهۆی زاتی سەروەرەوە نیقمەت‌و ناخۆشی‌و نەخۆشی زۆر لەسەریان ناهێڵێ: (وماكان الله معذبهم وأنت فيهم...) چۆن نا، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) گەورەو سەرداری هەموو پێغەمبەرانەو، خۆشەویسترینی خەڵقی خوایەو، میوانی میعراج‌و، دوایین پەیامبەرە.

سوودم لە چەند سەرچاوەیەك وەرگرتووە.

# توڕەبوونی پێغەمبەر ( d )

**وەرگێڕانی : مەلا دڵشاد باڵەکی**

پێغەمبەری خوا( d ) هەرچەندە ڕحمەت بوە بە هەموو واتایەك نە رمو نیانوو لە سەرخۆ بووە تە نانەت لەگەڵ نەیارانوو ئەو کە سانەش کە ئازاریان ئەداو مافیان پێشێل ئەکرد، لەهەمان کاتدا ئەوەی جیاوازی نێوان توڕە بونی ئەو لەگەڵ ئێمە داجیا ئەوەیە کە بە هیچ شێوە یەك لە سەر خودی خۆی لەکەس توڕە نەبووە تەنها ئەوەی ئەوی هە راسانو توڕە کردووە ستەمو پیشێلی بە رامبەر بە دینی خوای گەورە بووە. ئەمانەش چەند نمونەیەکن لەتوڕە بونەکانی پێغەمبەر ( d ):

## ١- کاتێك کە بینی شارێکی مێروەکان سوتێندراوە.

لەباوکی (عەبدولڕەحمانە)وە دەگێڕنەوە کە فەرمووی: لەگەڵ پێغەمبەری خوا دا بووین( d ) بەلای شارێکی مێروە کاندا تێپەڕبووین کە سوتێندرابوو، پێغەمبەریش( d ) کە ئەمەی بینی توڕە بوو فەرمووی: نابێتو دروست نیە کەس هاوشێوەی خوای گەورە واتا بە ئاگر سزای هیچ گیان لە ەرێك بدات.

کەواتە سزادان بە ئاگر بۆ هیچ شتێك دروست نیە تەنانەت ئەو شتانەش کە کوشتنیان دروستە وەك (مار)و (دووپشك)و (سەگی هار)...

## ٢- لە دەمە قاڵی نێوان پێشەوا (ئەبو بەکر)و پێشەوا (عومە ر)

(ئیبن دەڕداء) درودی خوای لەسەر دەڵێت: دانیشتبوم لە خزمەت پێغەمبەری خوا( d ) بینیم ئەبوبەکر هاتو جلەکانی هەڵ کردبوو تا چۆکەکانی بەدیار کەوتبون، پێغەمبەر( d ) فەرمووی: هاوڕێکەتان کیشەیەك لەگەڵ کەسێك لێ ڕوداوە، سەلامی کردوو فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا( d ) منو کوڕی خەتتاب دەمەقاڵیەك کەوتە نێوانمان دوایی زوو من پەشیمان بوومەوەو چومەوە لای بۆ ئەوەی لێم ببورێت، بەڵام ئەو لێم خۆش نەبوو. پێغەمبەری خواش سێ جار فەرمووی خوای گەورە لە تۆ خۆش بێت.

لەپاشان بەهەمان شێوەی ئەو پێشەوا (عومەر)یش پەشیمان دەبێتەوەو بە پەلە دەچێتە ماڵیانو دەپرسێت (ئەبوبەکر) لەماڵە؟ ئەوانیش دەڵێن: نەخێر ئەویش بە هەمان شێوە ڕودەکاتە لای پێغەمبەر( d )، کە سەیری کرد بینی ئەوەندە توڕە بووە تا ڕەنگی دموچاوی تەواو گۆڕاوە، بە ئەندازەیەك (ئەبوبەکر) ترسا کە پێغەمبەر( d ) خۆی لە (عومەر) تووڕە بکات لەبەر ئەوە کەوتە سەرچۆکو دانیشت ئینجا فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا( d ) من دوو جار تاوانبار ترم لەو. پێغەمبەر( d ) بەهەمووانی وت: کاتێك من بۆ لای ئێوە نێردرام: بەدرۆتان خستمەوە، (ئەبوبەکر) بڕوای پێهێنام، وە بە سەرو ماڵ یارمەتیدام، ئایا ئێوە بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ئەکەن؟ لەدوای ئەم ڕوداوە هیچ کەسێك ئازاری ئەبوبەکری نەئەدا. ئەگەر وورد بینەوە لەم ڕوداوە سەیر ئەکەین کە هاوەڵە بەڕێزەکان تەنانەت توڕە بوونیشیان هەر خێرو بەرەکەت بووە، مرۆڤ سودی لێ وەرئە گرێت.

## ٣- کاتێك پیاوێك هەموو سەروەتو سامانی خۆی ئەبەخشێت.

(جابیری کوڕی عەبدوڵلا) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ : پیاوێك کە بە ئەندازەی هێلکەی باڵندە یەك زێڕی پێبو هاتە لای پێغەمبەری خوا( d )و وتی: ئەم (صدقە) بەخشینەم لێوەرگرە هەروەها وتی سوێند بەخوای گەورە لەمەش زیاترم نیە واتا ئەمە تەواوی سەروەتو سامانە کەمە، یەکێك لە هاوەڵەکان دەفەرمو ێت بەئەندازەی هیلکەیەك دەبوو کە لەگەنجینەکانەوە دۆزیبویەوە. پێغەمبەری خواش( d ) لێی وەرنەگرتوو ڕوی لێ وەرگێڕا، پیاوەکە لە پێغەمبەر( d ) سوڕا بۆ لای تەنیشتی ڕاستەی دووبارە داوای لێ کرد کە لێی وەربگرێت، بەڵام ئەو هەر لێی وەرنەگرتوو ڕوی لێوەرگێڕا، بەهەمان شێوە سوڕایەوە لای تەنیشتی چەپەیو داوای لێکردکە پارەکەی لێوەر بگرێت ئەویش هەمان وەڵامی دایەوە، تاسێ جار، لەکەڕەتی چوارەمدا پێغەمبەر( d ) زێڕەکەی گرتو زۆر بەتوندی فڕێیدایە لای پیاوەکە بەشێوەیەك ئەگەر پێی بکەوتبا ئازاری ئەدا، لە پاشان فەرمووی: ئێوەی دێنە لای من بۆ ئەوەی تەواوی سەروەتو سامانەکەتان بکەن بەخێرو ئەیبەخشن تا واتان لێدێت ناچار ئەبن دەست لەبەر خەڵکی پان کەنەوە ئینجا فەرمووی: (إنما الصدقة عن ظهر غني) واتا بەخشین لەکاتی دەوڵەمەندیدا دەکرێت نەك تۆ بەشی خۆشت نەبێ ئینجا بتەوە بەخشین بکەیت. لەڕیوایەتێکی تردا هاتوە کە فەرمووی زێڕەکەی خۆت هەڵگرە پێویستمان پێی نییە.

کەواتە بەخشین شێوازی خۆی هەیە پێویستە بەم شێوەیە بێت کە خوای گەورە فە رمویەتی چونکە هەرشتێك بە نەزانیو لەسەر عاتیفە ئەنجام بدرێت بێگومان سەر ناگرێتو زیانی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

## ٤- کاتێك پیاوێکی ئەعرابی دەشتەکی داوای وشتری بەیتول مال دەکات

(عەبدوڵلای کوڕی ئەبوبەکر) لە باوکیەوە دەگێڕێتەوەو ئەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا( d ) پیاوێکی (بەنی عەبد ئەش هەلی) کردە پاسەوانی ماڵی بەیتول مال. کاتێك کە خۆی هات پیاوەکە داوای وشترێکی بەیتول مالی لێکرد. لەسەر ئەمە پێغەمبەری خوا( d ) زۆر توڕە بو تا شوێنەواری توڕەبونەکەی لەسەر دمو چاویەوە دیاربوو. کە یەکێك لەشوێنەوارەکانی توڕە بوونەکەی چاوەکانی سورهەڵ ئەگەڕان لەپاشان فەرموی:

پیاوی وا هەیە داواکاری وای هەیەکە نە بۆ منو نە بۆئەویش دروست نییە. چونکە ئەگەر پێی نەدەم پێم ناخۆشە ئەگەر پێشی بدەم، شتێکم کردووە نە بۆ منو نە بۆ ئەو درو ست نییە، پیاوەکەش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا( d ) ئەوا منیش هیچم نەویستو داوای ناکەم.

یەکێك لە زانایان ئەفەرموێت: داوا کردنی ئەم پیاوە ئەم جارە وای زانیوە کە بەشی پاسەوانیەکەی وەرنەگرتووەو بەشی زیاتری بەرئەکەوێت نەك داوای مافی خەڵکی تر بکات.

بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا( d ) گرنگی بە سەروەتو سامانی گشتی ئەداتو ئەیەوێت کە دابەشی بکات لەنێوان هەمواندا نەك هەندێك قڕبنو هەندێکیش پڕ.



## ٥- کاتێك کە پیاوێك ژنەکەی سێ بە سێ تەلاق دەدات.

پێشەوا (مەخرەمە) لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: گوێم لە مەحمودی کوڕی لوبەید) بو فەرمووی: باسی پیاوێکیا ن بۆ پێغەمبەری خوا( d ) گێرایەوە کە خێزانە کەی خۆی سێ بە سێ تەلاق داوە بەیەکەوە، ئەویش بە توڕە بونەوە هەستایە سەر پێ و فەرمووی: ئایا ئێوە گاڵتە بە کتابی خوای گەورە ئەکەن لەکاتێکدا من لەناو ئێوە دام؟ تا ئەو ئەندازەیەی یەکێك لە پیاوەکان هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا( d ) ئایا نەیکوژم.

ئەم فەرمایشتەش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی تەلاقو لێك ترازانی خێزانەکان بەتایبەتی ئەگەر دەرفەتی گەڕانەوە نەبێت، وەك تەلاقی سێ بە سێ کە جارێکی تر ئەم ئافرەتە بۆ ئەم پیاوە دروست نییە ئیلا دوای تەلاقیکی تر کە پیاوەکەی لێی جیاببێتەوە لەبەرئەوە پێویستە هاوسەرەکان ئاگاداری ئەم خاڵە بن. اخرجه النسائی.

## ٦- لەکاتی پرسیاری پیاوە دەشتەکیەکە لەبارەی واجب بونی فەریزەی حەج

باوکی ئومامە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا( d ) لەناوخەڵکە کەدا هەستایە سەر پێ و فەرمووی: خوای گەورە زیارەتی کەعبە (حەج)ی لەسەر ئێوە واجبکردووە لەو کاتەدا پیاوێکی دەشتەکە (اعرابی) هەستایە پێیانو وتی: ئایا هەموو ساڵێك؟ پێغەمبەری خوا( d ) دەنگی بەرز کردەوەو توڕە بوو، ماوەیەکی تەواو بێدەنگ بوو، پاشان دەستی بەوتار کردەوەو فەرمووی: ئەوە کێبو پرسیاری کرد؟ پیاوە دەشتەکیەکە وتی: من بووم ئەی پێغەمبەری خوا( d ) ئەویش فەرمووی ئەگەر بم گوتبا بەڵێ ئەوە واجب ئەبوو، ئەگەر واجبیش بوایە نەتاندەتوانی ئەنجامی بدەن، ئەگەر ئەنجامیشتان نەدابا ئەوا کافر ئەبوون، ئاگاداربن گەلانی پێش ئێوە بەپێشەوا سەرسەختەکانیان لەناوچوون، سوێند بەخوای گەورە ئەگەر ئەوەی لەسەر ڕوی زەویدایە بۆ ئێوەی دروست (حەلاڵ) بکەم تەنها چەرمی وشترتان لێقە دەغە (حەڕام) بکەم ئێوە دەستی بۆ ئەبەنو وازی لێناهێنن .

لە دوای ئەم فەرمودەیە خوای گەورە ئایەتی ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِنْ تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِنْ تَسْأَلُوا عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ الْقُرْآنُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا اللَّهُ عَنْهَا وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ (١٠١)﴾ المائدة.

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لەو شتانەی لە پەیامبەر( d ) مەپرسن کە ئەگەر بۆتان ڕوون بکرێتەوە غەمبارو ناڕەحەت دەبن ئەگەریش پرسیارەکە هەڵگرن بۆ ئەو کاتەی قورئان بێتە خوارەوە ئەوسا وەڵامەکەتان بۆشیی بکرێتەوە، لەوانەیە توشی ناڕەحەتی ببن، لە فەرمودەیەکی (متفق علیە)دا هاتووە کە: گەورە ترین گوناهی موسڵمان لەوەوە پەیدا دەبێت لە شتێك بپرسێتو حەڕام نەکرا بێت کەچی بەبۆنەی پرسیارەکەی ئەوەوە حەڕا م بکرێت خوای دلۆڤان لەو جۆرە پرسیارە ناپەسەندەی پێشو تان بوورا چونکە خوا بۆخۆی هەمیشە لێبوردەیە، زۆریش لەسەرخۆو هێمنو پەلەنەکەرە لەسزاو تۆڵەدا.

# یادی مەولودی پێغەمبەر ( g )
# لەقورئانو سونەتدا

مەلا عومەر سوێری

(یَا أَیُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِیرًا، وَدَاعِیًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُنِیرًا، وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِینَ بِأَنَّ لَهُمْ مِنَ اللَّهِ فَضْلًا كَبِیرًا) الأحزاب: ٤٧

دع ما ادّعته النصارى فى نبيّهم واحكم بما شئت فيه مدحا واحتكم
وانسُب الى ذاته ما شئت من شرف وانسب الى قدره ما شئت من عظَمِ

الإمام البوصَيرى

له شـەرعو لـە عەقلیـشدا ئاشـکرایە گـەورەییو کـاتو سـاتو شـەوو ڕۆژ بەهۆی ئەو ڕووداوە گرنگو گەورانەیە، کە تیایاندا ڕوو دەدات.

هەموو گەلانی چـالاكو زینـدووی سـەر ڕووی زەوی لـە کۆنـەوە بایـەخیان بەکاتو ڕۆژگارێك داوەو، کردویانە بەجەژنو بە مێـژووی تایبـەتی خۆیـان وە کردویانە بە بەڵگەو نیشانە لەسەر لایەنگریان بۆ کەسایەتیو بیرو ڕاکانیان بە پێی ڕووداوە گرنگەکانی ئەو ڕۆژگارانە.

هـەروا شـەوو ڕۆژ هـەموو کـاتو سـاتە پیرۆزەکـان لـەقورئانو سـونەتی پێغەمبەریشدا پیرۆزیەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوە گـەورەو پیرۆزەکـان. بـۆ نموونە پیرۆزی مانگی ڕەمەزان بەهۆی هاتنـە خـوارەوەی پیرۆزەوەیـە (شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ.....) وە (إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُبَارَكَةٍ إِنَّا كُنَّا مُنْذِرِينَ) وشەی (مبارَكَة) اسم مفعوله وادەگەیەنێ ئـەو شـەوە بـەو بۆنـەیـەوە پیرۆزو گەورە کراوە، هـەروا لـە سـورەتی (القـدر) دا پـەروەردیگار سـەرنجی بـڕواداران ڕادەکێـشێ بـۆ پـیرۆزی شـەوی هاتنـە خـوارەوەی قورئـان وە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) نهێنی بەرەکـەتو پـیرۆزی ڕۆژی هەینی ئاشکرا دەکاتو دەفەرموێت (خير يوم طلعت فيه الشمس يوم الجمعة، فيه خلق آدم وفيه أدخل الجنة، وفيه أخرج منها) رواه مسلم. هـەر پێغەمبـەر درودی خـودای لەسـەر بێـت لـە ڕۆژی عاشـورا بـەڕۆژوو بـوو فـەرمانی بـە هاوەڵەکانیـشدا شـوکرانە بـۆ خـودا بـەڕۆژووبن لەئـەنجامی ڕزگـار کردنـی حەزرەتی موساو گەڵەکەی بـە خنکانـدنی فیرعـەونی زۆر دار لـەناو دەریـادا. ئەم فەرموودەش بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردووە.

جـا ئەگـەر پـیرۆزی ڕۆژی عاشـوورا لـەوە دابـێ خـوا حـەزرەتی موسـاو شوێنکەوتوانی لەدەستی فیرعەون ڕزگار کردبێ، ئەوە لەڕۆژی لەدایك بـوونی دواینو سەرداری هەموو پێغەمبەران پەروەردیگار هەموو مرۆڤایەتی لەتاریکی دەریـای گـومراهیو کـوفردا ڕزگـار کـردووەو کۆشـكو تـەلارەکانی هـەموو فیرعەونەکانی سەر ڕوی زەوی هەژاندۆتـەوەو ڕوخانـدوە. بۆیـە مـن بەهـەموو قەناعەتو بەوپـەڕی دڵنیایـەوە دەڵـێم: یـاد کردنـەوەی ڕۆژی لـەدایك بـوونی دواین پێغەمبەرانی خودا (حەزرەتی موحەمەد) درودی خوای لەسەر بێـت بـە ئاهەنگ گێـڕانو خۆشـی دەربـڕینو ڕازانـدوەی جـلو بـەرگو شـارو بـازارەوە بەجۆرەها کردەوەکانی خێرو چاکەو خوا پەرستی

بە هەڵەدا ناچمو بڵێم لە دابو نەریتە چاکەکانە، بەڵکو خـوا پەرستیەکی زۆر پیرۆزە بە شوکرانە بژێری بۆ خواو بە خۆشەویستی خواو پێغەمبەر.

ئەمە نەك تەنها بەوەندە بەڵگەی لەدوایدا دەیانخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز بەڵکو هەموو قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبـەران (درودی خـوای لەسەر بێت) بەڵگەن ئەم ڕاستیە.

ئەمەش چونکە ئاهەنگ گێڕانو دەربڕینی خۆشی لەم یادە پیرۆزەو شـکۆ دارەدا واتە:

تۆ لەنێو کۆمەگەکەی خۆتدا وە بەرامبەر بەهەموو جیهانی نوێی سـەردەم دەسەلمێنی کە تۆ بڕواداری بەو پێغەمبەرە وەتۆ لایـەنگرو شـوێن کـەوتووی ئەو پێغەمبەرە پێشەوایەی، وەتۆ لە هـەموو کـەسو کەسـایەتیەك خۆشـترت دەویو ڕێزی لێدەگری.

وەدەی سـەلمێنی شـارو وڵاتو گەلەکـەت لایـەنگرو شـوێن کـەوتوی ئـەو پێغەمبەرەیە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا ڕۆژانە وەلە هەموو دونیادا وە لەڕێگەی هەموو سۆنگەکانی ڕاگەیاندندا بەئاشکراو بەوپەڕی بێ شەرمیەوە وەبەمەیدان خواستن لە هەموو موسڵمانانەوە هێرشی ناڕەواو بەد ڕەوشتانە دەکرێتە سەر مەقامی ئەو پێغەمبەرە بەرزەو دوژمنکاری دەکرێت وە ڕۆژانە گەنجو ڕۆڵەکانی موسڵمانان لەو سەر کردە بێ وێنەیە هەڵدەگەڕێننەوە، بۆیە ئێمە لە یـەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستاندا داوا لە جەماوەری بـڕوا داری ئەمەکداری شاری هەولێرو هەموو جەماوەری کوردستانی خۆشەویست دەکەین دەربڕینی خۆشەویستیو لایەنگریان بۆ ئەو پێشەوا خۆشەویستە تەنها بریتی نەبێت لـە ئاهـەنگ گێڕانـی بـچوكو بـەو شـێوەی تـاك لێـرەو لـەوێ، بـەڵکو پێویـستە ئاهەنگەکانی ئەم یادەوریە شکۆدارە گشتی بێو سەرتاسەری شارو دێهاتەکانی بگرێتەوەو بە بەشداری کردنی تێکڕای جەماوەری بڕوادار دەوڵەمەندو ئاوەدان بکرێتەوە وە داوا دەکەین بڕوا دارو شوێن کەوتوانی پێغەمبەری پێشەوا سـەر دەرگـای مـاڵو کۆڵانـەکانیان بڕازێننـەوە وە فرۆشـیارو بازرگانـەکان شـوێنو بازارەکـانی خۆیـان بڕازێننـەوە وە خـاوەن سـەیارەکان سـەیارەکانیان بڕازێننەوە وە کارمەندو موچە خۆرەکان دامو دەزگاکانیان بڕازێننەوە.

بەتایبـەتی لەسـۆنگە کاریگـەرەکانی ئـەم سـەردەمەو لەنیـشانەکانی سەلماندنی خۆشەویستیو لایەنگری بۆ کەسایەتیو بیرو بڕوا هاوچەرخیەکان ئاهەنگ گێـڕانو یادەوەریـە جـۆراو جۆرەکـانو هەڵواسـینی تـابلۆو دروشـمو هۆنراوە ڕێزی سۆنگەی کاراو چەکی کاریگەرن.

بـۆ زۆر کردنـی جـەماوەرو سـەرکەوتنو گەیـشتن بـە ئامـانج ئێـستاکە خوێنەری ئازیز دڵو دەرونت لە چڵکی دەمارگیری بەناوی بشۆو بـە نـەفرەت کردن لە شەیتان پاکی بکەوەو خۆت ڕزگار کـە لـە کۆ زنجـیری کۆمەڵگـەری حیزب گەری وە بەچاوی عەقڵو دڵ نـەك بەچاوی دەرون بڕوانـە ئـەم بەڵگـە ڕۆنو بەهێزانەی خوارەوە، کە لە دڵسۆزی بۆتۆ دەیان خەمە ڕوو ئەمجا ناوی خوا بێنەو بەڵگە ببینە ئەمجا بڕوا بێنە نەوەك بڕوا بێنی ئەمجا بەڵگە بێنی:

١– (لما قدم رسول الله( d ) المدينة، وجد اليهود يصومون يوم عاشوراء، فسئلهم فقالوا: هذا يوم أغرق الله فيه فرعون، ونجىموسى، فصامه شكرا لله، ونحن نصومه شكرا، فقال رسول الله( d ) نحن أحق بموسى منكم، فصامه وأمر بصيامه) رواه بخاري ومسلم.

لەم فەرموودەیـەدا پێغەمبـەری خـوا جولەکـەکانی بـە بیدعـە کـارو بـە گـومڕا نـەزانی لەسـەر ڕۆژوو گرتنیـان بـۆ شـوکرتانەی خـوا بەرامبـەر بـە ڕزگـار بـوونی حەزرەتی موساو لەناو چونی فیرعەونی کافرو ستەمکار بەڵکو پشتگیری لێکردنو خۆشـی لـەم ڕۆژەدا بـە ڕۆژوو بـوو فەرمانیـشی بـە هاوەڵەکانـدا بـە ڕۆژوو بـن وە فەرموی: ئێمەی موسڵمان لە ئێوە شایانترین بەخوا پەرستیو بـە شـوکرانەی خـوا لەم ڕۆژەدا چونکە ئێمەی یەکتاپەرست لەحەزرەتی موسا نزیکترین لە ئێوە.

جا لەژێر تیشکی ئـەم فـەرموودە سـەحیحەدا پێشەوای فـەرموودە (ابن حجر العسقلانی) بەڵگەی هەڵێنجاوە لەسەر ئـەوەی یـاد کردنـەوەی ڕۆژی لـە



دایك بوونی پێغەمبەریش لە سونەتدایە، هەروا شوکرانەی خوا لەسـەر هـەموو نیعمەتێك بە سەدان ئایەتو فەرموودە واجبەو فەرمانی پێدراوە وە بێگومـان نیعمـەتی پەیـدا بـوونی پێغەمبـەری پێشەوای بـڕوا داران وە هـەڵگری ئاڵـای یەکتا پەرستیو سەرکردەی بت شـکێنو قەڵاچۆکردنی هاوبـەش دۆزینـەوەو کوفرو گومراهی گەورەترین گرانبەهاترین بـە خششەکانی پـەروەردیگارە بـۆ بەندە بڕوا دارەکانو شوێن کەوتوانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت).

٢– زانای بەرزو خودایی هاو چەرخی (سـعید حـوی) دەڵێـت: پێـشەوا – ابن الحـاج یەکێکـە لـەتونترینی زانایـانی ئیـسلام بەرامبـەر بـە هـەموو جۆرە بیدعەیـەك لـە کتێبـە ناودارەکـەی خـۆی (المـدخل) دا دەڵێـت: موسـڵمانان جـەژنێکی سێهەمیـشیان هەیـە ئەمـەش بـە بەڵگـەی ئـەو فـەرمودەی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) کاتێ کاتێ پرسیاریان لێکرد ئایـە هـۆی خێـرو پاداشـتی ڕۆژوو گرتنـی لـە ڕۆژانـی دوو شـەممەدا چـیە؟ لەوەڵامـدا فەرمووی (ذلك يوم ولدت فيه وأنزل عليّ فيه) رواه مسلم.

واتە لەم ڕۆژەدا لە دایك بوومەو قورئانیشم بۆ هاتۆتـە خـوارەوە بێگومـان ئـەم فەرمودەیەش بەڵگەیەکی ڕونو بە هێـزە لـە سـونەتی پێغەمبـەردا (درودی خـوای لەسەر بێت) بۆ بەرز ڕاگرتنو زیندو کردنەوەی ئەم ڕۆژە بەجۆرەها خوا پەرستی.

# ئاهەنگی یادی لەدایك بوون (مەولوود)

م. ئەحمەدی شافیعی



وەك ئاشكرایە خەڵكی كوردستان وەك هەموو موسڵمانانی جیهان، یادی مەولودی پێغەمبەر بەرز ڕادەگرن، هەندێ بەوەی كە چەند لافیتەو نوسینێك هەڵدەواسێت، هەندێكی تر لەو مانگەدا خەیرو صەدەقەی زۆری وەك شیرینی بەخشینەوەو خواردندان بەخەڵكو پارە بەخشینو، هەندێكی تریش مەولودنامە لەماڵەكانی خۆیان، یان لەمزگەوتەكاندا دەگێڕنو مەولود نامە دەخوێننەوە، هەمووشیان مەبەستیان تەنها دەربڕینی خۆشەویستیە بۆ پێغەمبەری ئازیز.

پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە، ئایا خەیركردن تەنها لەمانگی مەولوددا خەیری زۆری هەیە، یان هەموو مانگەكانی تر خەیرەو بەڵام مەولود خەیری زیاترە؟ ئایا خوێندنەوەی مەولودنامە لەماڵانو مزگەوتەكاندا دروستەو ڕێگەپێدراوە؟

**وەڵام:**

**یەكەم كەس ( مەولودی ) داهێنا :**

یەكەم كەسێك مەولودی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) داهێنا، پاشای هەولێر بوو بەناوی مەلیك (مظفر، ابوسعید كوكبری ابن زین الدین علی بكتكین)، پاشایەكی زۆر بەساخەوەتو ئازاو، ژیرو دادپەروەرو بوێر بووە، هەموو ساڵێك ئاهەنگیكی گەورەی ئەگێڕا بەبۆنەی یادی لەدایكبونی پێغەمبەری ئازیزمانەوە.

لە هەموو شارو جێگەو شوێنەكانەوە خەڵكی بۆ دەعوەت ئەكرد، ئەمەش شانازیی یەكی گەورەیە بۆ گەڵی كورد، هەتا هەتایە.

**وتەی دەربارەی ئاهەنگی یادی ( مەولود ) :**

١- پێشەوا (ابو شامة) مامۆستای ئیمامی نەوەوەی -رحمە الله- فەرمویەتی: ((جوانترین شت داهێرابێت لەڕۆژگاری ئێمەدا ئەوەیە هەموو ساڵێك لەڕۆژی لەدایك بونی پێغەمبەری سەروەرمان(درودی خوای لێ بێت) خێرو چاكەو دەربڕینی خۆشیو شادیو ڕازاندنەوەی ماڵو شوێنەكان ئەنجام ئەدرێت لەخۆشەویستی هاتنە دونیای ئەوئازیزەوە)).

٢- شێخی سیوتی فەرمویەتی: ((هەرماڵێك، یا مزگەوتێ، یا گەڕەكێ مەولودی پێغەمبەری تێدا خوێنرایەوە، فریشتەكان چوار دەوری ئەو شوێنە ئەگرنو سۆزو میهرو بەزەیی خوای گەورەش ئەبارێ بەسەر ئەو شوێنەدا)).

٣- حافیز عراقی فەرمویەتی: گێرانی خۆشیو میوانداریو بەخشینی خواردن سوننەتە لەهەمووكاتێكدا بەتایبەتی ئەگەر لەمانگی مەولودا بێتو تایبەت بەلەدایكبونی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت).

٤- ابن تیمیە فەرمویەتی: لەكتێبی (اقنضاء الصراط المستقیم)ل: ٢٠٧

((بەگەورە گرتنی لەدایك بوونی پێغەمبەر(درودی خوای لیبیت)و وەرگێڕانی بەئاهەنگ كە هەندێ كەس ساڵانە ئەنجامی ئەدەن ئەوە پاداشتێكی گەورەیان هەیە لەسەری.

یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) گەڕانەوەیە بۆ ئەو كات و ساتەی كەخوای گەورە سۆزو بەزەیی خۆی ڕژاند بەسەر گشت مرۆڤایەتیدا بەلەدایك بوونی ئەو سەروەرە.

هەر بۆیە خوای گەورە وەسفی دەكات بە(رحمة للعالمین) ئەم ڕەحمەت و سۆزو بەزەییەش تایبەت نیە بەزەمەن و كاتێكی دیاری كراو و گەلێكی تایبەتەوە، هەموو قۆناغ و بەشەكانی ژیانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە.

- یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) دەچێتە ڕیزی كردەوە باشەكان و دەبێتە هۆی نزیك بونەوە لەخوای گەورە و پێغەمبەرەكەی و دەست كەوتنی پاداشت، چونكە دەربڕینی خۆشی و شادی بەلەدایك بوونی، ابن حجر عەسقەلانی خاوەنی(فتح الباری) بەڵگە ئەهێنێتەوە لەسەر دروست و ڕەوایی ئاهەنگ گێڕان بەیادی لەدایك بوونی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) بەو فەرمودەیەی كە ئیمامی بوخاری گێڕاویەتەوە:

كە عەباسی كوڕی عەبدولموتەلیب وتی: كاتێ ئەبو لەهەب مرد لەخەودا بینیم دوای ساڵێك لەبارێكی زۆر ناخۆش و ناهەمواردا بوو، پرسیارم لێكرد حاڵت چۆنە؟

وتی: دوای ئێوە خۆشیم نەبینیوە، حاڵم زۆر ناخۆشە، بەڵام هەموو ڕۆژێكی دووشممە سزام لەسەر هەڵئەگیرێ و لەسەرم سوك ئەكرێت بەهۆی ئەوەی كاتێ كە (محەمەد) لەدایك بوو، كەنیزەیەكم هەبوو ناوی "ثوییە" بوو مژدەی لەدایك بوونی محەمەدی پێدام منیش بەخۆشی ئەوەوە ئازادم كرد.

پێغەمبەر ڕۆژی لەدایك بوونی خۆی بەگەورە ناوزەند كردوەو سوپاسی خواشی لەسەر ئەو نیعمەتە كردووە كەبەهۆی هاتنی ئەو مرۆڤایەتی سەرفراز بووە.

هەروەك لەفەرمودەیەكدا هاتووە: "عن أبي قتادة أن رسول الله(صلى الله عليه وسلم) سئل عن صوم يوم الآثنين، فقال: (فيه ولدت وفيه انزل علي). رواه مسلم.

ئەبوو قەتادە دەفەرموێ پرسیار لەپێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) كراوە دەربارەی ڕۆژوی ڕۆژی دووشەممە: فەرمووی: من لەو ڕۆژەدا لەدایك بووم، هەروەها پەیامی خوای گەورەش هەر لەوڕۆژەدا دابەزیووە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە ئەو ڕۆژە تایبەتمەندیو گرنگی خۆی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە، یادكردنو بیرخستنەوەی شوێنەواری باشی ئەبێت لەدەمەزەردكردنەوەی بیروباوەڕی موسوڵمانانندا.

جا ئەو یادكردنەوەیە چ بەڕۆژوو بێت یان بەصەدەقە كردن یان بەخشین و دروستكردنی خواردەمەنی، یان صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر، یان باسكردنی ئاكارو ڕەوشتە بەرزەكانی و ژیانی پێغەمبەر بێت.

دەربڕینی خۆشی بەهاتنی پێغەمبەر

**هەر شتێك پێغەمبەرو یارانی نەیانكردبێ لەچەرخی یەكەمدا ئەوە ناگەیەنێ كەئیتر ڕێگە پێدراو نەبێت**

(درودی خوای لێ بێت) پێویستە بەفەرمانی قورئانی خوای گەورە دەفەرموێ: "قُلْ بِفَضْلِ اللّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ" یونس:٥٨

واتە ئەی محەمەد پێیان بڵێ دەبێ تەنها بەبەهرەو میهرەبانی خوا خۆشحاڵ و دڵشاد بن، چونکە سەرفرازی هەردوو جیهانەکەن، ئەوەش لەو هەموو دەست کەوتەی ئەوان کۆی دەکەنەوە باشترە.

ئیبن عباس ئەفەرموێ: مەبەست لەمیهرەبانی خوا لەو ئایەتەدا پێغەمبەرە (درودی خوای لێ بێت)".

هەروەها یەکێکی تر لەوئایەتانەی کەئاماژە بەدروستی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) ئەدەن ئەم ئایەتەیە "وَذَكِّرْهُمْ بِأَيَّامِ اللَّهِ" ڕۆژەکانی خواشیان وەبیر بێننەوە گومانی تیانیە ڕۆژی لەدایك بوونی حەزرەت(درودی خوای لێ بێت) لەڕۆژەکانی خوای گەورەیە، یادکردنەوەو ئاهەنگ گێرانی یادی لەدایك بوونی ئەو سەروەرە جێ بەجێ کردنی ئەوفەرمانەیە.

## لەروانگەی ئەم بەڵگانەو چەندان بەڵگەی تر ئەگەینە ئەم دەرئەنجامە:

١- دروستە ئاهەنگ گێران بەبۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت)و بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ تێگەیشتن لەژیانی پڕ سەروەری ئەو ئازیزەو خوێندنەوەی قەصیدەو شیعرو پەخشان لەیادی لەدایك بوونیدا.

هەروەك دروستکردنی خواردن و خێرو صەدەقە و بەخشین و دابەشکردنی شیرینی و دەربڕینی شادی و خۆشی.

٢- بەستنی ئەو کوڕو ئاهەنگانە هۆکارێکی باشە بۆ پەخش کردنی بانگەوازی خوای گەورە، ڕێنمایی کردنی موسوڵمانان و شارەزاکردنیان لەڕێبازی ئەو پێغەمبەرە ئاکارە بەرزو جوانەکانی هەلێکی زێڕینە بۆزانایان و بانگەوازخوازان لەوڕێگەیەوە ئەرکی ئاینی خۆیان ئەنجام بدەن بەتایبەت کارکردن لەسەر ناسینی ئەو پێغەمبەرە و ئاکارە جوانەکانی و بانگەشەی بۆ شوێن کەوتنی ڕێبازەکەی.

٣- یادی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) هەر تایبەت نییە بەمانگی مەولود -ربیع الأول- بەڵکو ئەبێت لەهەموو مانگو ڕۆژو ساتێکدا ئێمە یادی بکەینەوەو هەوڵ بدەین شوێن ڕێبازەکەی بەباشی بکەوین. بەڵام مانگی لەدایك بوونی زیاترە لەمانگەکانی تر پاڵنەرە بۆ خەڵکی کۆبونەوەیان بۆئەو یادە.



# ئەوەی موسڵمانان بەباشی دەزانن و پێچەوانەی قورئان و فەرمودە نییە ئەوە لای خوای گەورەش هەر جوان و باشە

٤- یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) زانایان و موسڵمانان بەکارێکی باشی چاکیان داناوە و کاریان لەسەر کردووە لەسەری ڕۆیشتوون. هەروەك هاتووە: (مارأه المسلمون حسنا ومنهو عند الله حسن).

واتە: ئەوەی موسوڵمانان بەباشی زانیو پێچەوانەی قورئانو فەرمودە نەبوو ئەوە لای خوای گەورەش هەرجوانو باشە.

٥- هەر شتێك پێغەمبەرو یارانی نەیانکرد بێ لەچەرخی یەکەمدا ئەوە ناگەیەنێ کەئیتر ڕێگە پێدراو نەبێت.

مادام پێغەمبەرو یارانی بەرگریان لێنەکردووە، هەروەها پێچەوانەی دەقێکی شەرعی نەبێت پاشانیش بەرژەوەندی موسوڵمانانی تیابێت، ئەوە کارێکی ڕەواو ڕێگە پێدراوە ئەنجامدانی باشە ئەو فەرمودەیەش کەپێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) فەرمویەتی:

"من أحدث في أمرنا هذا مالس منه فهو رد"

واتە هەر کەس شتێك لەئاینی ئێمەدا زیاد بکات و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت. ئەوە زانایان فەرمویانە شتێکە کە پێچەوانەی دەقەکانی قورئان و سونەت بێت.

٦- هەروەها شیخ الاسلام ابن تیمە فەرمویەتی: "قد يثاب بعض الناس على فعل الموثر".

ئەو خەڵکانەی هەڵدەستن بەیادی لەدایك بوونی پێغەمبەر پاداشتیان دەبێت لای خوای گەورە.

٧- یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) زیاتر بریتی یە لەهەوڵدان بۆ شوێن کەوتنو بەرجەستە کردنی کارو خورەوشتە بەرزو بەهاکانی پێغەمبەری ئازیزمان لەژیانی ڕۆژانەماندا، دەربڕینی خۆشەویستی یە بۆ ئەو پێغەمبەرەو هەروەها سۆزوو هاوکاری موسڵمانانە لەپەیامو ڕێبازەکەی.

*** مەولود دەربڕینی خۆشەویستیە بۆ ئەو پێغەمبەرەو سۆزو هاوکاری موسوڵمانانە لە پەیام و ڕێبازەکەی**

*** گێرانی ئاهەنگ لە یادی مەولود کە ساڵانە خەڵك ئە نجامی ئەدەن پاداشتێکی گەورەی هەیە**

# یادی لەدایکبوون.. سەکۆیەك بۆ پێغەمبەرناسی



## مەلا یونس باویانی

توێژینــەوەو خوێندنــەوەو هەڵوەســتەکردن لەسەرژیان و کەسایەتی بەرزی پێغەمبەری پێشە وا (دروودی خوای لێ بیَ) گرنگیو ئەهەمیەتی خۆی هەیە لەژیانی هەمووتاکێکی موسڵمان، چونکە دەتوانین لەم ڕێیەوە کۆمەڵێ ئامانج و مەبەستی گرینگ بە دەستبهێنین، هەڵبەت کەسایەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبیَ) نموونەی کەسایەتی مرۆڤێکی ستانداردو تەواو -کامل-ە، خودای خولقێنەر وەك پێشەنگ - قدوە-و پێشەوایەك هە ڵی بژاردووەو پێشکەش بەمرۆڤایەتی کردووە، هاوکات ئایینێکیشی وەك سەرچاوەی کارو مەعریفەت داوەتەدەست -ئایینی ئیسلام - کە ئایینێکە لەسەر ئەم سێ پایەو کۆڵەکە یەدامەزراوە: (کتێب، تەرازوو، ئاسن).

١- کتێبەکە نیشانەی ئایدیۆلۆژی، فەرهەنگ، زانست، بیروباوەڕە.

٢- ئاسنەکەش هێمای هێزوتوانایە: توانای سوپاوسەربازی، توانای ماددی، توانای ئابووری، توانای تە کنیك، توانستی مرۆڤ بەسەرتەواوی سرووشتدا .

٣- تەرازوو- میزان - یش: ئاماژەیە بۆداد پەروەری ویەکسانی.

ئەویش وەك سەرجەم پێغەمبەرانی پێشخۆی (سەلامی خوایان لێبیَ) بەڵکو دانیسقانە تر بەو پەڕی دڵسۆزی و لێبڕاولێبڕاوییەوە زۆر بەڕاشکاوانە پەیامی خوا -جل جلالە-ی بە مرۆڤایەتی گەیاندووەو ناساندووە، پەیامەکەیشی لەم سێ ڕەهەندە سەرەکی یەخۆی دەبینێتەوە :

أ- زانستێکی ڕاست ودرووست وساغلەم.

ب- باوەڕویە ڤینێکی تۆکمەبەوزانستە .

ج- بەدیهێنانو درووستکردنی کەڵکەڵەو ئەنگێزەی کارکردن بەوزانستەو، درێژەدان بە ژیان لەسەرئەو یە ڤینە.

چونکە هەروەك چۆن زانست یەقینی لە گەڵدا نەبێت، سوودێکی بەرچاوو بەرهەمێکی ئەوتۆی نابێت، زانستێکی ڕووتو بەتەنهاش ساردو سڕوبێ گیانەو هیچ گۆڕانکارییەك ناخولقێنێ، کاریگەری نیەلەسەر (تاك) چ جای (کۆمەڵ)، بەڵکو دەبێتە داردە ستی دەسەڵاتو (بۆمبی ئەتۆم)و (چەکی کۆمەڵکوژ)و وێرانکەری لێ سەوزدەبێ.. جۆرێك لەمرۆڤ بەرهەم دێنێ، مرۆڤێ وەك مامۆستا- مصطفی محمود- دەڵێ: "قاچێکی لەسەر زەوییەو قاچێکی لەسەرمانگ، بەڵام -بەداخەوە- خودان ڕوحێکی قەزەم و عەقڵو لۆژیکێکی هە رزەیە، ڕەنگە خۆی لەناوبەرێو بەخۆشی نەزانێ..! چارێکە ملیۆنێ میل لەبۆشایی ئاسماندا بەرەو مانگ دەبڕێ، وەلێ ناتوانێ چەند مەترێ ببڕێ تا یارمەتی هاوڕێ مرۆڤە کانی بدات، کەلە هیند لە برسان دەمرن و، لە قودس و ڤێتنامدا لە ناودەبرێن ..!؟"

بۆیەدەبینین ڕێبەری مرۆڤایەتی-دروودی خوای لێبیَ- خۆی لەگۆڕەپانی پڕا کتیزەو جێبەجێ کردنی ئەم پەیامەدا نموونەی کارەکتە روتاکێکی واقعی و عەمەلی قورئانی ناوەزەی پێشکەش بەمرۆڤایەتی کردووە، بەشێوەیەك کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەتەواوی چینو توێژوئاست و ڕەنگ و ڕەگەزە جیاوازەکان دەتوانێت لێ ی بەهرەمەند بێت وسوودی لێ ببینێت و لێیەوە فێری ژیانێکی تەندرووست وباشتربێت و بەستایلێکی تازەی ژیان ئاشنا بێت، ژیانێك کە لێوان لێوە لە: (مرۆڤدۆستی، خۆشەویستی، ئارامیو ئۆقرەیی، سۆزوبە زەیی، دادپەروەری.... تاد ).

بۆیە کاتێك پرسیارلە خاتوو-عائیشە-ی دایکی بڕواداران دەکرێت -خوا لێ ی ڕازی بیَ-سەبارەت بەخووڕەوشتی، لەوەڵامدا دەفەرمووێ: (کان خلقە القرآن).

کە ڕاستەوخۆ ئاماژە بەم ڕاستی یە دەکات کەپێغەمبەری پێشەنگمان -دروودی خوای لێ بیَ- نموونەیەکی بەرجەستەو زیندوو وکردەیی قورئان بووە، جا لەم گۆشەنیگایەوە گەرسەرنجێکی خێرای ژیان وسەرگوزشتەی پێغەمبەر- دروودی خوای لێ بیَ- بدەین، هەرلەمێژووی لەدایکبوونی یەوە تاوەفات ومالئاوایی لەژیان، بەگوزەرکردن وچاوگێڕان بەتەمەنی منداڵی و قۆناغی لاوێتی، دەعوەو بانگەوازی، جیهاد وخۆڕاگری، زاڵبوون وسەرکەوتنی بەسەر دوژمن و نەیارانی دا، دەگەین بە وڕاستی یە کەلە هەموو بوارەکانی ژیان - کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازی، پەروەردەیی، دادوەری، خواپەرستی - زۆر بەسەرکەوتوویی ڕۆڵی پێشەنگی بینیوە: هاوسەرو مێردێکی دڵسۆز بەوەفا، باوکێکی میهرەبان، سەرکردەیەکی لێهاتوو بەتوانا، جەنگاوەرێکی بەجەرگ، سیاسیەکی شارەزاوقاڵ ودووربین، پەروەردەکارێکی پسپۆڕوکارامە، بانگەوازیکارێکی لێزان وکاریگەر، خواناس وخوا پەرست و لەخوا ترسێکی بێوێنە، دەسەڵاتدارو دادوەرێکی داد پەروەر..... هتد.



بێگومان ئەمە بە تەنها هەڵوێست وبۆچوونی کەسانی باوەڕدارو موسڵمان نیە، بەڵکو زاناودا نا بلیمەتەکانی جیهانیش - لەگەڵ جیاوازی ئایین و بیرو باوەڕیشیانەوە -ٍخودان هەمان هەڵوێستن و زۆربە سەرسامییەوە، باس لەکەسایەتی یەکەی دەکەن، بۆ وێنە:

**ڕاما کریشنا راو:** prof.ramakrishna rao

دەڵێ: (محمد)- دروودی خوای لێ بیَ - پێغەمبەرە، جەنگاوەرە، (رجل الاعمال )ە، سیاسەتمەدارە، وتاربێژە، چاکەکارە، پەناگەی بێ باوکانە، پارێزەری بەندەکانە، ئازادکاری ئافرەتانە، دادوەرە... هەموو ئەمانە شایەنی ئەوەن کەببێتەپاڵەوان. ناتوانین پەی بەهەموو لایەنەکانی کەسایەتی محمد - دروودی خوای لێ بیَ - ببەین، بەڵام ئەوەی لە توانای مندایە ئەوەیە کە پوختەی چەندلایەنێکی ژیانی بخەمەڕوو.

**د.مایکل هاورت:** Michael hart

کە زانایەکی ئەمریکییە، لەساڵی ١٩٢٧ چەند نامەیەکی دکتۆرای لە بارەی گەردووناسی بە دەست هێناوەو یەکێکە لەزانا بەناوبانگەکانی بواری فیزیای جێبە جێکاری، دەڵێ: یەکەمین کەسێك لە نێو گەورەترین پیاوانی مێژوو هەڵی بژێرم (محمد)ە - دروودی خوای لێ بیَ -، ڕەنگە هەندێ کەس تووشی شۆك بێ.. بەڵام تاکە پیاوبووە لەمێژوودا کەلەلایەنی ئایینی ودونیاداریدا بەباشترین شێوە سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت. "محمدگەورەترین ئایینی لەجیهان دامەزراندو بڵاوکردەوەو یەکێکە لە سیاسەت مەدارە گەورەکانی جیهان...".

ئینجا بائێمەیش ئەم یادە شکۆدارەبکەین بەسەکۆیەك بۆ پێغەمبەرناسیمان وچاك چاك لە لایەنەکانی ژیانی بکۆڵینەوەو دیراسەی بکەین، هەمووومان: زانایان، سەرکردەکان، پەروەردەکاران، بانگەوازیکاران، سیاسەتمەداران، ڕوناکبیرو زانست پەروەران.... تاد، ئەم پێغەمبەرە- سەلامی خوای لێ بیَ- بیکەین بەسەرقافڵەو پێشەنگ ومامۆستامان و پەیڕەوی لێبکەین، پسپۆڕی و هوونەری پیشەکەمانی لێوە فێربین، ژیانێك لەژێرسایەیدا بخولقێنین لەئارامی ئۆقرەیی وپاکی وبێخەوشیدا، درێژەپێدەری هەمان ئەو ژیانە نموونەیی ناوازەیی یە بێ کەپێغەمبەر-سەلامی خوای لێبیَ- نەوەی یەکەمی لەسەرپەروەردە کرد کەبە(جیل قرانی فرید) دەناسرێ و شاعیری کوردیش بە پێغەمبەرستان ناوزەدی دەکا...

# باسیك
# لەسەر یادی لەدایکبونی پێغەمبەر ( d )

**د. نەجیب موحسین**

خـــوای گـــەورە لــە قورئـــانی پـیرۆزدا دەفەرمووێ: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) الأنبياء: ١٠٧ واتە: ئەی پێغەمبەر( d ) ئێمە تۆمان تەنها بە رەحمەت ناردوە بۆ ئادەمیزادو فریشتەو جنۆکە، کەواتـە: پێغەمبـەر( d ) رەحمەتی هەرە گەورەیە، وە خوای گەورەش رێی داوە بۆ ئەوەی ئێمەش خۆشی خۆمان دەربڕین بە لەدایك بوونی ئەو رەحمەتە هەرە گەورەیە (قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا) یونس: ٥٨ واتە: تۆ پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر( d ) با ئەوان بە (فضل)ی خواو بە (رحمة)ی خوا کەیف خۆش بن، (الشيخ جلال الدين السيوطي) دەفەرمووێ: لە تەفسیری (الدر المنثور) کەوەری گرتووە لە (ابن عباس رضي الله عنهما) (فضل) واتە: زانیاری رحمە مەبەستی پێغەمبەرە( d )، کەواتە خوا فەرمانمان پێ دەکات کە بەهاتنی بیغەمبەر( d ) دلخۆش بین.




هەروەها یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەر( d ) هاندانە لەسەر (الصلاة)و (السلام) واتە: سەلاوات لێدان و سەلام کردن لە پێغەمبەر( d )، خوای گەورەش ئێمەی هانداوە لەسەر سەلاوات و سەلام، هەر کەسیش هانمان بدات لە جێبەجێکردنی فەرمانی خوا ئەویش دەبێتە پێویست.

## قسەی زانایان لەبارەی یادکردنەوەی لەدایك بوونی بیغەمبەر( d )

**یەکەم:** ابن حجر الهيتمي: ئەی برای موسڵمان (ابن حجر الهيتمي) دەگێڕێتەوە: امام ابو شامەی مامۆستای امام نەوەوی فەرموویەتی: ((لە جوانترین بیدعەکانی ئێستامان ئەو کردەوەیە کە هەموو ساڵێ لە رۆژی لە دایکبوونی بیغەمبەر( d ) دەکرێ لە خێرکردن و چاکەو خۆشی دەربڕین و رازانەوەیە، لەگەڵ ئەوەی چاکە لەگەڵ هەژاراندا تیایدا–نیشانەشە بۆ خۆشویستن و گەورەیی پێغەمبەر( d ) لە دڵی ئەوکەسەی ئەم خێرە دەکاو شوکری خوای گەورە دەکا لەسەر ئەو نیعمەتە کە پێغەمبەر( d )ێکی هێناوەتە سەر دونیا و بەرەحمەت بۆ ئەو حەڵکە ناردووە، بڕوانە (فتح المبين شرح الاربعين)ل(٩٥).

**دووەم:** امام جلال الدين السيوطي: ئەفەرمووێ: (مەولود کردن ئەوەیە خەلك کۆ ببێتەوەو قورئان بخوێندرێ و چەند بەسەرهاتێکی پێغەمبەر( d ) بۆ خەڵك بخوێندرێ و ئینجا خواردنێکی بدرێتێ و بیخۆن و بڕۆن و لەمە زیاتر نەکەن، ئەم شێوەیە بدعە حەسەنەیەو ئەوەی ئەیکا پاداشتی خێری ئەدرێتەوە، چونکە رێزلێنانی پێغەمبەر( d )ی تێدایە، یەکەم کەس کە مەولود کردنی پەیدا کر (سوڵتان مزەفەرەدینی گەورەی (اربيل)ی بوو).

**سێیەم:** امام ابن الحجر العسقلاني: هەر (امام جلال الدين السيوطي) لە (امام ابن الحجر العسقلاني) دەگێڕێتەوە کە فەموویەتی: ((مەولود کردن بیدعەیەو لە سەردەمی (سلف الصالح) نەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا– شتی باش و خراپی تێدایە، جا هەر کەسێك شتە باشەکانی مەولود بکا و خۆی بپارێزی لە شتە خراپەکانی ئەوە دەبێتە (بدعة الحسنة) ئەگەرنا باش نیە جا فەرمووی: بەراستی من مەولود کردنم لە بنچینەی حەدیسی (صحيحين) دەرهێناوە، کە ئەمەیە: (قدم النبي ( d ) المدينة فوجد اليهود صياما يوم عاشوراء، فقال( d ) لهم: ما هذا اليوم الذي تصومونه، هذا يوم انجي الله فيه موسي(عليه السلام) وقومه وغرق فرعون وقومه فصامه موسي شكرا فنحن نصومة، فقال النبي( d ) فنحن احق بموسي منكم فصامة و امر بصيامه).

واتە: پێغەمبەر( d ) هاتە مەدینەو دیتی جولەکان لە (عاشورا)دا بە رۆژوونە، پێغەمبەر لێی پرسین: ئەمرۆژە چییە ئێوە تیایدا بە رۆژوو دەبن؟ گوتیان ئەمە ئەو رۆژەیە کە خوای گەورە موسی بێغەمبەرو (عليه السلام) گەلەکەی تێدا رزگارکردن و (فرعون)و گەلەکەی لە دەریا خنکاندن و حەزرەتی(موسی) بۆ شوکری خوا لەم رۆژەدا بەرۆژوو بوە، ئێمەش بەرۆژوو دەبین.

جا پێغەمبەر( d ) فەرمووی: ئێمە نزیکترو شیاوترین بە موسی لە ئێوە، ئینجا پێغەمبەر( d ) لە عاشورادا بەرۆژوو بوو فەرمانیشی دا موسڵمانان تێیدا بە رۆژووبن.

ئینجا دەفەرموێ: لەو حەدیسەوە وەردەگێرێ: کە شوکری خوای گەورە بکرێ لەسەر ئەوەی لە رۆژێکی دیاریکراودا خۆشیەکی داوە، یان ناخۆشیەکی لابردووە، لە هەمان رۆژیشدا هەموو ساڵێك ئەم شوکرە دووباری بکرێتەوە، شوکری خوای گەورەش بە هەموو جۆرە خواپەرستیەك دێتە جێ، وەکو سوجدەو رۆژوو وقورئان خوێندن و خێرکردن.

ئایا کام (نعمة)و خۆشی گەورەترە لە (نعمة)و خۆشی لەدایکبوونی پێغەمبەر( d )ی رەحمەت لەم رۆژەدا؟ کەوابوو پێویستە لە خودی رۆژەکەدا مەولود بکرێ واتە: واتە (١٢ ربيع الاول) بەڵام هەندێك لە مامۆستایان فراوانیان تێدا کردووە دەڵێن جگە لەو رۆژەش دروستە.

**چوارەم:** ابن تيمية (رحمه الله تعالى) ئەفەرمووێ: ((بەگەورە کردنی (مەولود) کردن و وە دیاریکردنی کاتێك بۆ مەولود کردن، پیشەو کرداری هەندێك خەڵکە، وە ئەو کەسەی (مولود) دەکات پاداشتێکی زۆر گەورەی هەیە لەبەر ئەو مەبەستە جوانەی و لەبەر بەگەورە دانانی پێغەمبەر( d ).

## بەڵگەکان

١– هەروەك باسمان كرد (امام ابن الحجر العسقلاني) دەفەرمویٚ: بەراستی من مەولود كردنم لە بنچینەی حەدیسی (صحیحین) دەرهێناو پێغەمبەر( d ) هاتە مەدینەو دیتی جوەكان لە (عاشورا)دا بە رۆژوونە...

ئینجا فەمووی لەو حەدیسەوە وەردەگیریٚ كە شوكری خوای گەورە بكریٚ، لەسەر ئەوەی لە لە رۆژێكی دیاریكراودا خۆشیەكی داوە یان ناخۆشیەكی لابردووە.

٢– زانایان لە پەرتوكەكانی حەدیس و ژیانی پێغەمبەر( d ) باسیات كردووە كە (ابو لهب) كە نیزەكەكەی خۆی ئازاد كرد(الجاریە)ئازاد كرد كە هەوالی لەدایك بوونی پێغەمبەر( d ) پێدا، وە هەروەها باسیان كردووە كە (العباس بن عبدالمطلب) رضي الله عنة (ابو لهب)ی لەخەودا بینی لەپاش مردنی، پێی وت حالت چۆنە، (ابو لهب)یش وتی: پاش ئێوە تووشی خۆشی نەبوومە وە لەناو ئاگرم بەڵام هەموو دووشەمان لەئازارم سووك دەكریٚ، وە ئاو دەمژم لەنێوان هەردوو پەنجەكانم بە ئەندازەی ئەوە –ئاماژەی كرد بۆ سەری پەنجەی– ئەوەش بە هۆی ئازاد كردنی (ثویبة) یە كە ئازادم كرد لەو كاتی كە خەبەری پێدام بە لەدایك بوونی پێغەمبەر( d ). ئینجا پێشەوای (القران) كە (الحافظ شمس الدین بن الجزري)یە دەفەرمویٚ: مادەم (ابو لهب)ی كافر كە قورئان لە زەمەنی دابەزیوە پاداشتی بدرێتەوە چونكە كەیفو خۆش بووە بە لەدایك بوونی پێغەمبەر( d ) ئەدی دەبیٚ حالی ئەو موسڵمانە یەكتا پەرستە چۆن بیٚ كە ئوممەتی پێغەمبەر( d )یشەدلخۆش بێت بە لەدایكبوونی، وە ببەخشێت ئەوەی لە توانادا هەبێت لەرێی خۆشەویستی پێغەمبەر( d ) بێگومان پاداشتەكەی لەلای خوای بەخشندە ئەوەیە بیباتە بەهەشت.

وە لەم بارەیەوە (الحافظ شمس الدین محمد بن ناصرالدین الدمشقي) دەڵێت:

اذا كان هذا كافرا جاء ذمه بتبت يداه في الجحيم مخلدا

اتي انه في يوم الاثنين دائما يخفف عنه للسرور باحمدا

فما الظن بالعبد الذي كان عمره باحمد مسرورا ومات موحدا

ئینجا ئەو خەونەی كە حەزرەتی(عباس) (رضي الله عنة) بینیتی زۆر لە پێشەوەیانی حەدیس و نووسەرانی ژیانی بیغەمبەر( d ) باسیان كردووە:–

یەكەم: (الامام عبدالرزاق الصنعاني) لە (المصنف) (٧ ٤٨٧).

دووەم: (الامام بخاري)(٥١٠١) باسی (النكاح).

سێیەم: (الحافظ ابن حجر) لە (فتح الباری) (١ ١٢٤)



چوارەم: (الحافظ البیهقي)

پێنجەم: (السیهیلي) لە (الروض الانف)(٥ ١٩٢)

زۆر مامۆستای دیش وەك (ابن الهاشم، الحاچ البغوی، ابن الدیبع، الاشخر، العامری) ١٤ ئەگەر كەسێك بلێت ئەو كەلك وەرگرتنە پێچەوانەی فەرمووەدەی خوای گەورەیە چونكە خوای گەورە دەفەرمویٚ: (وقدمنا الي ما عملوا من عمل فجعلناه هباء منثورا) ١٥ واتە: ئیمە كردەوەی كافرەكانمان هێنا (وەكو سەدەقە و سیلەی رەحم و مێوانداری) هەمووومان كردە تەپ و تۆزی بلاوبون، كەواتە كردەوەی كافران هیچ سودی بۆیان نیە.

وەلام: ئیمامی (البهقی)دەفەرمویٚ: مەبەستی خوای گەورەیە لەوەیە كە كافرەكان رزگاریان نابێت لە ئاگر و یان بچنە بەهەشت، بەلام دروستە خوای گەورە ئازاری هەندێكیان سوك بكات لە جیاتی ئەو چاكەی كە لە دونیادا كردوویەتی.

### بەڵگە لەسەر قسەی ئیمامی (البیهقی)فەرموودەی پێغەمبەر( d ):

ئەبو سعیدی خدری، دەگێرێتەوە كە پێغەمبەر( d ) باسی مامی لەلا كرا كە (ابو تالب) بوو، فەرمووی: تكام هەیە شەفاعەتی من كەلكی بۆ ئەو هەبیٚ لە رۆژی دوایی، كەلكەكەش ئەوەیە لە تەنكاویەك دابنێن كە تەنكاوەكەش لە ئاگریە تاكو گۆزنگەكانی دێت، دەماغی لەبەر دەكولێت.

٣– هەروەها پێغەمبەر( d ) رۆژی لەدایك بوونی خۆی بە گەورە دائەنا، وە سوپاسی خوای گەورەی دەكرد لەسەر ئەو نیعمەتە گەورەی سوپاسیشی دەردەبری بە بەرۆژووبوون، هەروەك هاتووە لە (ابو قتادە) كە پێغەمبەر( d ) پرسیاری لێكرا بۆ دووشوممان بەرۆژو دەبێت؟ لە وەلامدا وتی: (فیه ولدت وفیه انزل علي). واتە: لەو رۆژەدا لە دایك بوومە وە لەو رۆژەشدا قورئانم بۆ دابەزی.

ئەوەش بەلگەیە لەسەر (مەولود)كردن، چونكە یادكردنەوە جیاوازی نیە چ بە رۆژووبوون بیٚ چ بە بەخشینی خواردەمەنی بێت یان بە كۆبونەوە لەسەریادكردنی خوای گەورەبێت یان بە سەلاوات لێدان یان بە گوێدانە رەوشتەكانی پێغەمبەر( d ) بێت.

٤– گێردراوەتەوە لە حەزرەتی (ئەنەس) كە پێغەمبەر( d ) (عقیقە) واتە: موزەبانەی بۆ خۆی كرد لەپاش بە پێغەمبەر( d ) بوونی لەگەل ئەوەش كە باپیری

(عەبدولموتەلیب)ە، هۆزەبانەی بۆ کرد، هۆزەبانەش دووبارە ناکرێتەوەکەواتە: کە پێغەمبەر( d ) ئەم حەیوانەی کوشتەوە بەناوی هۆزەبانە نەبوو، بەڵکو سوپاس کردنی خوای گەورە بوو لەسەر ناردنی بە رەحمەت بۆ بونەوەر، وە بۆ ئەوەی کە موسولمانان چاوی لێبکەن سەلاواتی لەسەر خۆی لێدەدا بۆ ئەم مەبەستە.

٥- پێغەمبەر( d ) لەبارەی رۆژی جومعە دەفەرموێ: ((ان من افضل ايامكم يوم الجمعة، فيه خلق ادم وفيه قبض....)) واتە: گەورەترین رۆژەکانتان رۆژی جومعەیە لەورۆژەدا (ادم) دروست کراوە، وە لەو رۆژەشدا وەفاتی کردووە، لەم فەرموودە پیرۆزەدا ئەمە دەردەکەوێ کە رۆژو کات گەورەیی بۆ پەیدا دەبێ، بەوەی کە پێغەمبەرێك تیایدا لە دایك بوویێت، کەواتە ئەو رۆژەی کە پێغەمبەر( d ) تیایدا لە دایك بووە دەبێ زۆر گەورە بێ دەبێ زۆر رێزی بگیرێ، هەروەکو جێگاو شوێن گەورە دەبێ بەهۆی ئەوەی کە پێغەمبەرێك تێیدا لە دایك بوبێ،هەروەك (جبريل عليه السلام) فەرمانی بە پێغەمبەر( d ) کرد کە دوو رکعات نوێژ بکات لە (بيت لحم) لە پاشان پێی وت: ((اتدري اين صليت؟ قال :لا، قال:صليت ببيت لحم حيث ولد عيسي)). واتە: ئایا دەزانی لە چ شوێنێك نوێژت کرد؟ ئەویش فەرمووی نەخێر، حەزرەتی جبریل فەرمووی لە(بيت لحم) نوێژت کرد لەو جێگایەی کە حەزرەتی (عیسی) تێدا لە دایك بوە.

## چەند گومانێك
## لەبارەی مەولود کردن

١- زۆر کەس دەڵێ مەولود کردن لە سەردەمی پێغەمبەر( d )نەبووە، پێشینەکانیش نەیانکردووە، کەواتە (بدعه)یەکی حەرامە پێویستە قەدەغە بکرێ.

وەڵام: مەرج نیە هەر شتێك کە پێغەمبەر ( d ) نەیکرد بیدعەیەکی حەرام بێت، ئەگەرنا دەبێ ئەوەش حەرام بێت کە حەزرەتی ئەبو بکرو حەزرەتی عمرو حەزرەتی زید (رضي الله عنهم) قورئانیان کۆکردەوە لە ترسی فەوتان و شەهید بوونی ئەو ئەسحابانەی کە قورئانیان لەبەر بوو. هەروەها نوێژی تەراویح یەکجار پێغەمبەر( d ) بە جەماعەتی کرد شەوەکانی تر نەیکرد هەرکەس بۆخۆی دەیکرد لە سەردەمی حەزرەتی ئەبو بکر یش هەروا یەك پێش نوێژی نەبوو تا سەردەمی حەزرەتی عمر (رضي الله عنهم) بۆ نوێژی تەراویح خەڵکی کۆکردەوە لەدوای یەك پێش نوێژ، ئینجا لە دوای یەك پێش نوێش ئەو کۆکردنەوەی خەڵکە لەسەردەمی پێغەمبەر( d )و حەزرەتی(ابو بکر) نەبوو، کەواتە (بدعە)یێکی (حسنة)یە هەروەکو حەزرەتی عمر بۆ خۆی فەرمووی:(نعمە البدعە هڤە)، واتە ئەو بیدعەیە باشترین بیدعەیە.

کەواتە: دیارە بیدعەی چاك و بیدعەی خراپ هەیە هەروەها دەبێ دروست کردنی حوجرەو نەخۆشخانەو خانەی یەتیمان حەرام بووایە، هەروەها کتێب دانان و کۆکردنەوەی ئەو زانیاریە بەکەلکانە حەرام بووایە چونکە لەسەردەمی پێغەمبەر( d ) نەبوویینە. بەڵکو هەرشتێك کە پەیدا بوو دەبێ ئێمە بەرانبەری بکەین بە بەڵگەکانی شەرع هەر شتێك شتی باشی تێدابوو ئەوە دەبێتە واجب ئەوەی شتی حەرامی لەناو دابوو ئەوە دەبێتە (حرام) ئەوەی شتی مکروهی لەناودابوو ئەوە دەبێتە (مکروه) ئەوەی شتی حەلالی لەناودابوو ئەوە دەبێتە حەلال،ئەگەر شتێکیشی لەناودابوو سوونەت بوو ئەوە دەبێتە سوونەت،کەواتە هەرشتێك پەیدابوو مەبەشت ئەو شتە پێچەوانەی ئاین نەبوو وەشتی خەراپیش لەناودا نەبوو ئەوە لە ئاینە،هەرلەبەر ئەوەش مامۆستاکان فەرموویانە کە پێغەمبەر ( d ) دەفەرموێ: (كل بدعة ضلالة) واتە هەموو بیدعەیەك گومراییە.

دەڵێن پێغەمبەر( d ) مەبەستی لە بیدعەی خراپ یووە بەڵگەش ئەوەی کە پێغەمبەر( d ) لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێ: (من سنّ في الاسلام سنة حسنة فلة اجرها واجر من عمل بها من من بعدة من غير ان ينقص من اجورهم شيء) واتە: هەرکەسێك لە ئاینی ئیسلامدا شتێك دابنێ شتێکی باش ئەوە پاداشتی ئەو شتە باشە وە پاداشتی ئەو کەسانەش کە ئەو شتە باشە دەکەن لەپاش مردنی ئەو کەسەیە کە یەکەمجار ئەو شتەی داهێناوە بێئەوەی هیچ لە پاداشتی ئەوان کەم ببێتەوە.

٢- ئەگەر کەسێك بلێت لەدایك بوونی پێغەمبەر( d ) وفاتی لە مانگی (ربيع الاول) بووە بۆچی دلخۆشی دەردەبرین بە لەدایك بوونی و دلتەنگی دەرنابرین بە وەفات کردنی؟

وەڵام: هەروەکو ئیمام (السيوطي) رەحمەتی خوای لەسەر بێ فەرموویەتی: لەدایك بوونی پێغەمبەر( d ) گەورەترین نیعمەتە بۆ ئێمەو وەفات کردنی گەورەترین بەلایە بۆ ئیمە وە شەریعەتی ئیسلام فەرمانی پێکردوین دلخۆشی ئاشکرا بکەین لەسەر نیعمەت، بەلام فەرمانی پێکردووین لەکاتی بەلاو ناخۆشی سەبرگرین وەلەلای خەڵکی باسی نەکەین، هەروەها شەریعەتی ئیسلام فەرمانمان پێدەکات بو هۆزەبانە لە رۆژی حەوتەمی لەدایك بوونی منال، بەلام فەرمانمان پێناکات لەکاتی مردنی منال حەیوان سەربڕین و هۆزەبانە بکەین،ئینجا ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خۆشی خۆمان دەربڕین لەکاتی لەدایك بوونی پێغەمبەر( d ) بەلام نابێ دل تەنگیمان ئاشکرا بکەین بەوەفاتکردنی.

٣- زۆر کەس رەخنە لە هەندێ شت دەگرن کە لە کتێبی (مەولودنامە)کان باس دەکرێت وەکو ئەوەی کە هەندی لە پێشەوایان مەتحی مەولودیان کردبێت لەگەل ئەوەش سەردەمی ئەوان مەولود نەبوبێت،بۆ نمونە:

یەکەم: (شيخ حسن البصري)( رضي الله عنه) دەفەرمووێ: حەزم دەکرد هێندەی چسای (احد) زێرم هەبوایە تا سەرفم بکردایە لە خوێندنەوەی (مولود)

دووەم: (شيخ جنيد البغدادي رضي الله عنه) هەر کەسێك ئامادە بێت لە مەولودو رێزی زۆری لێ بنێتئەوە سەرکەوتوو دەبێت بە ئیمان. ئینجا (شيخ حسن البصري)(رضي الله عنه) لەسالی(١١٠)ی کۆچی وەفاتی کردوە، وە شيخ جنيد البغدادی رچی الله عنه لەسالی (٢٩٨ یان ٢٩٩)ی کۆچی وەفاتی کردووە، لەگەڵ ئەوەش کە مەولود کردن لەپاش قەرنی سێیەم پەیدا بوو.

وەڵام: دەکری ئەو قسانەیان بە خەون بە خەلك گوتێ، وە خەونیش جێی بروایە بەشێکە لە بەشەکانی پێغەمبەرایەتی هەر وەکو لە حەدیس هاتووە: (ان الرسالة والنبوة قد انقطعت فلا رسول بعدي ولانبي، ولكن المبشرات، قالوا يارسول الله وما المبشرات قال رؤيا الرجل المسلم وهي جزء من اجزاء النبوة) واتە: پێغەمبەر( d ) دەفەرموێ: بەراستی پێغەمبەرایەتی برایەوە،هیچ پێغەمبەرێك لەپاش من نایەت،بەلام موژدەدەری دلخۆشکەر هەنە دوای منیش،سەحەبەکانیش لێیان پرسی موژدەدەر چیە؟

فەرمووی:خەون دیتنی پیاوی موسولمان ئەویش بەشێکە لە پێغەمبەرایەتی. کەواتە دەگونجێ پیاوچاکێك ئەوانی لە خەودا دیتبێت لە پاشان بلاوی کردبێتەوە. بەلام (جلال الدين السيوطي(رضي الله عنه) کە دەفەرموێ: هەر موسولمانێك مەولودی لەمال بخوێندرێتەوە ئەوە خوای گەورە لادەبات لەسەر ئەندامانی ئەو مالە گرانی و نەخۆشی و سوتان و بەلاو رق و کینە و حەسودی و چاوپیسی و دزی، وەئەگەر مرد خوای گەورە وەلامی فریشتەکانی بۆ ئاسان دەکات وە دەچێتە بەهەشت٢٩.

ئیمامی (السيوطي) کە لەسالی(٩١١)ی کۆچی وەفاتی کردوە،چۆنی زانی مەولود بکا ئەو پاداشتەی هەیە؟دەلێن دورر نیە بەهۆی (الهام)ەوە بێت هەروەك پێغەمبەر( d ) دەفەرموێ: (لقد كان فيمن قبلكم ناس محدثون فان يك في امتي احد فانه عمر...) واتە: لەناو ئومەتەکانی پێشی خەلکانێك هەبوون شتیان پێ دەوترا لەلایان خوا،ئەگەر لەناو ئومەتم کەسێك هەبێ لەوان ئەوە (عمر) هەوە، ئینجا دەگونجێ (الشيخ السيوطي)یش یەکێك بێ لەو کەسانە،کەواتە: مادام شتێك لە شەریعەتی ئیسلام دروست بیت جێی ململانێو دەمە تەقێ نیە.

# یادی هاتنە دونیای پێغەمبەری نورو ڕەحمەت( g ).

بهاءالدین شێخ محی الدین نەقشبەندی

کاتێ خودای گەورە ڕووی مەرحەمەتی کردە مرۆڤایەتی، تافریادڕەس‌و هیدایەت دەرو، مامۆستایی بۆ بنێرێ، بەهۆی شوێن کەوتنی ئەو زاتە پیرۆزە خۆش بەختی هەردوو دنیا بەدەست بێنێ، یاساو نەخشە ڕێگای ژیانی گشت بەشەریەتیان بۆ دەست نیشان بکات. لەوەختێکا جیهان پڕبوو لەجەورو ستەم، مرۆڤایەتی لەوپەڕی دووری لەژیانی ئینسانیەت دەژیان، لەم ساتە ناسکەدا هاتە دونیا ڕەحمەت، نور، بەرەکەت، دادپەروەر، لێ بوردە، کە ئەویش خۆری خۆش بەختی حەزرەتی ڕەسول الله( d ) بوو لەنیوە دورگەی عەرەب، گەورەترین نیعمەتی خودا هاتە دونیا (محمد مصطفی)یە( d ) ئێمەی میللەتی کورد گەورەترین سەربەرزی‌و شانازیمان پێ براوە کە بەهاتنی مانگی مەولود پڕ خێرو، هاتنەوەی یادی لەدایك بوونی فەخری عالەم( d ) لەشارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان شادی‌و خۆشی‌و مەراسیم‌و یادی پڕ شکۆی ئەم زاتە ئەکرێتەوە، بەتایبەتی شاری هەولێری ئازیز، کە لەم یادەدا بۆتە پێشەنگو سەرقافڵەی گشت شارای جیهان، لەسەردەمی سوڵتان موزەفەرەوە شاری قەڵای خۆشەویست، یەکەم پلەی بەدەست هێناوە هەتا ئەمڕۆ.

پێم باشە بەبەڵگەی فەرموودەی خوای مەزن‌و، فەرموودەی حەزرەتی فەخری بەشەر( d )، ڕاو بۆچوونی زانایانی ئیسلام زیاتر ڕاستی‌و دروستی ئەم یادە مەزنە بخەینەڕوو، تا گەلەکەمان ساڵ لەدوای ساڵ پڕ شەوق تر ئاهەنگی یادی مەولود سازبکەن.

## بەڵگەی ئایەت لەسەر ڕەواو دروستی یادی مەولود

١- خوای گەورە لەقورئانی پیرۆز سورەتی (یونس ئایەتی ٥٨) دەفەرموێت: ﴿قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ﴾. واتە: تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو پێیان بڵێ با بەفەزڵ‌و ڕەحمەتی خودا دڵیان شادو کەیف خۆش بن، ئەو فەزڵ‌و ڕەحمەتە زۆر چاکترە لە بۆیان لەو سەروەت‌و دارایی‌یەی کە کۆی ئەکەنەوە، مەبەست لەوشەی ڕەحمەت لەئایەتەکەدا حەزرەتی فەخری عالەمە ( d )، واتە: بەهاتنە دونیای ئەو ڕەحمەتە کە (رسول الله)یە( d ) دڵشادو کەیف خۆش بن، ئەگەر پرسیار بکرێت ئایا لەقورئاندا وشەی ڕەحمەت بۆ حەزرەت( d ) بەکارهاتووە؟ دەڵێین.. بەڵێ لەئایەتی ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ لێرەدا وشەی ڕەحمەت مەبەست حەزرەتە( d )، وەهەروەها لەحەدیسدا هاتووە کە دەفەرموێت: (انما أنا رحمة مهداة) واتە: من فەقەت ڕەحمەت‌و هیدایەت دەرم بۆ ئۆمەتەکەم لێرەدا وشەی ڕەحمەت بۆ حەزرەت( d ) هاتووە.

بەم ئایەت‌و فەرموودەیە ئەوەمان بۆ دەرکەوت مەبەست لەوشەی ڕەحمەت لە ئایەتەکەدا حەزرەتی (رسول الله)یە( d ).



وەهەروەها لەچەندین تەفسیری قورئاندا هاتووە کە مەبەست لەوشەی ڕەحمەت پێغەمبەری ئیسلامە، وەك تەفسیری (الدر المنثور فی التفسير بالمأثور) بەرگی ٣ لاپەڕە ٣٠٨، وەك تەفسیری (البحر المحيط) بەرگی ٥ لاپەڕە ١٧١، وەك تەفسیری (روح المعاني) بەرگی ١١ لاپەڕە ١٤٠ وەك تەفسیری (الميزان) بەرگی ١٠ لاپەڕە ٨٣.

٢- بەڵگەی دووەمی ئایەت خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (سورة الحج ئایەتی ٧٧) واتە ئیشی چاکترو بەسوودتر بکەن ڕجاوایە ڕزگاربین لەسزای دواڕۆژ. دیارە یادی هاتنە دونیای حەزرەت( d ) یەکێکە لەو کارە چاك‌و سوود بەخشانە کە لەناو موسڵماناندا ئەنجام ئەدرێت.

٣- خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَذَكِّرْهُمْ بِأَيَّامِ اللَّهِ﴾ (سورة ابراهيم ئایەتی ٥) واتە: یادو بیرەوەری ئەو ڕۆژانەی کە خوا نیعمەتی خۆی بەخشی بەبەندەکانی بکەنەوە. ڕوون‌و ئاشکرایە چ نیعمەتێك لەهاتنە دونیای حەزرەت( d ).

٤- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَلِكَ وَمَنْ يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِنْ تَقْوَى الْقُلُوبِ﴾ واتە: هەرکەس ڕێزو گەورەیی هەبێ بۆ شیعارو دروشمەکانی دینی خوا، ئەو نیشانەی تەقواداری ناوناخ‌و دەروونی ئەو ئینسانەیە، بەڕاستی یادی مەولودی حەزرەت( d ) لەگشت شیعارو دروشمەکان گەورەترو بەرزترە، چونکە هەموو شیعارو دروشمەکانی ئاینی ئیسلام لەوەوە سەرچاوەیان گرتووەو، بەئێمە گەیشتووە.

٥- خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدْتُ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا﴾ (سورة مریم ئایەت ٣٣) واتە: درودو ڕەحمەتی خودا لەسەر بێ لەو ڕۆژەدا کە لەدایکبووم‌و هاتمە دنیا، وە لەو ڕۆژەی کە ئەمرم وەلەو ڕۆژەی کە لەگۆڕ زیندوو ئەکرێمەوەو دێمە دەرەوە، لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە لەسەر زمانی حەزرەتی (عیسا) (علیه‌السلام) باسی ئەوەمان بۆ ئەکات، لەڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا (علیه السلام). درودو ڕەحمەتی خودا ئەنێرێ بۆ خۆی حەزرەتی عیسا (علیه‌السلام). بەڵگەیە لەسەر ئەوە ڕۆژی لەدایکبوونی هەر کام لەپێغەمبەران ڕۆژێکی گرنگ‌و پیرۆزە، یادکردن‌و باس کردنی جێی خۆیەتی، ئەو ڕۆژە لای خوای گەورە ڕێزو قەدری هەیە، دیارە وەك ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا (علیه‌السلام) واتە: بەهەمان شێوەیش ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی پێغەمبەر( d ).

٦- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَسَلَامٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ يَمُوتُ وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيًّا﴾ (سورة مريم ئایەتی ١٥) واتە: دروودو ئارامی دابەزێتە سەر حەزرەتی یحیی (علیه السلام)، لەلایەن ئێمەوە، لەو ڕۆژەدا لەدایك بووە، وە لەو ڕۆژەدا ئەمرێ‌و، لەو ڕۆژەدا لەگۆڕ هەڵئەستێنرێت بەزیندوویی. دووبارە خوای مەزن باسی ڕۆژی لەدایك بوونی حەزرەتی یحیی ئەکات‌و، ئەو ڕۆژە پیرۆزو گرنگە درودی خواو هێمنی لەلایەن خواوە دائەبەزێتە سەر حەزرەتی یحیی (علیه السلام)، بەهەمان شێوەیش ڕۆژی لەدایك بوونی حەزرەتی ڕەسول الله( d )، ڕۆژێکی گرنگ‌و پڕ بایەخە، درودو ئارامی خوا دائەبەزێت لەو ڕۆژەدا.

٧- خوای گەورە دەفەرموێت: (قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنْزِلْ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِنَ السَّمَاءِ تَكُونُ لَنَا عِيدًا) (سورەتی مائدە ئایەتی ١١٤)، واتە: عیسی (علیه السلام) لەخوا پاڕایەوەو فەرمووی: خوایە پەروەردگاری ئێمە سفرەو خوانێکمان لەئاسمانەوە بۆ بنێرە، ئەو ڕۆژەی هاتنە خوارەوەی سفرەو خوانەکە، ببێ بەڕۆژی جەژن لە بۆ هەموومان، سەرەتاو کۆتامان، ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە هەر ڕۆژێك نیعمەت‌و بەرەکەتی خودا دابەزی ئەو ڕۆژە

دروستە بکرێتە جەژنو شادیو خۆشی، زۆر ڕوونو ئاشکرایە ڕۆژی هاتنە دونیای حەزرەت( d )، گەورەترین نیعمەتو گەورەترین بەرەکەتو، گەورەترین هەدییە، گەورەترین سەربەرزییە بۆ گەلی موسڵمان، بۆ سفرەو خوانێك دروست بێ ئەو ڕۆژە بکرێتە جەژن بۆ خۆیان بۆ دوای خۆشیان، ئەی چۆن دروست نییە یادی مەولود بکرێتە گەورەترین فستیڤاڵو کەرنەڤاڵو لەخۆشی ئەو نیعمەتە.

٨- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ (سورەتی مائدە ئایەتی ٧)، واتە: ئەی موسڵمانان باسو یادی نیعمەتەکانی خودا بکەن کە داوێتی بەئێوە، ئەو باسکردنە دەبێتە هۆی سوپاس کردنی خودا، خوای باڵادەست لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەگشتی باسی نیعمەتەکانی خۆی دەکات کە زۆرن، یەکێك لەنیعمەتەکانی خوا، هاتنەدونیای فەخری عالەمە( d )، نیعمەتە چونکە ئینسانەکانی ڕزگارکرد لەکۆیلایەتیو، جەورو، ستەمو، نادادپەروەریو، کوشتنو، پێشێلکردنی مافی یەکتر، ئێمەی خستە سەر شاری بەختەوەریو، ئاسودەییو ڕێزو دادپەروەر. لەو نیعمەتە گەورەتر هەیە! دەی خوا دەفەرموێت یادو باسی ئەو نیعمەتە بکەن.

٩- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ﴾ (سورەتی هود ئایەتی ١٢٠) واتە: ئێمە ئەگێڕینەوە بۆ تۆ بەسەرهاتی پێغەمبەران، لەژیانو ئاکارو ڕەوشتی جوانیان، تا ئەو گێڕانەوەو باسکردنو یادکردنەوەی ژیانی ئەوان ببێتە هۆی دامەزراندنی ناخو دڵی تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەو ڕاستیە ئەسەلمێنێ کە یادو باسی پێغەمبەران دەبێتە هۆی دامەزراندنی دڵی مرۆڤەکان، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد باسی یادی هاتنە دونیای حەزرەت( d ) کە یەکێك لەو پێغەمبەرانە دەبێتە هۆی ئاسودەیی ئارامی دڵەکانمان، کاتێ یادی مەولود ژیاننامەی ئەو سەروەرە ئەخوێنرێتەوە زیاتر دڵی گەنجو لاوەکانمان دائەمزرێ لەسەر ئەم دینە.

١٠- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (سورة الاعراف ١٥٧) واتە: ئەو کەسانەی ئیمانو باوەڕیان هێناوە بەو پێغەمبەرە( d ) وە بەگەورەیی سەیری ئەکەن، وە یارمەتی ئەدەنو، شوێن ئەو ڕوناکیو نورە ئەکەون کە بۆی هاتۆتە خوارەوە کە قورئانی پیرۆزە. هەرکەس وابکات ئەوکەسانە ڕزگاریان ئەبێت لەئازاری دواڕۆژ، بەیادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام ئەو چوار خاڵ دێتەجێ، هەم باوەڕو ئیمان هەیە بەحەزرەت( d )، هەرکەسێ ئیمانی نەبێ




یادی ناکاتەوە، هەمیادی مەولود تەعزیمو گەورەی حەزرەتی تیایە، وەهەروەها یارمەتیدانی بەرنامەو ڕێبازەکەیەتی، تازیاتر لەناو دڵان سۆزو خۆشەویستی بمێنێ.. وەلەیادی لەدایکبوونی ئەو ڕابەرە خۆشەویستەدا شوێنکەوتنو ملکەچی بۆ ئەو کتێبە پیرۆزە کە قورئانە دووپاتدەکرێتەوە.

١١- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ﴾ سورەتی الشرح ٤. واتە: ناوو شۆرەتو پایەو شانمان بەرز کردیتەوە، هەتا دونیا دونیایە هەر باس باسی ڕەسوڵ الله( d ) لەیادی هاتنە دونیای پێغەمبەری ئیسلام، بەگێڕانی ئاهەنگو بەرنامەی تایبەت ناوی حەزرەت بەرزتر دەبێتەوەو ئاشنا دەبێت بەگوێچکەی لاوە تازە پێگەیشتووەکانمان، لەشارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان ئەم سەدایە دەبیسترێت زیاتر لەکاتەکانی تر لەمانگی ڕەبیعی پیرۆز.

بەم یازدە ئایەتە پیرۆزە ئەو ڕاستیە ڕوون ئەبێتەوە کە سازدانی ئاهەنگی یادی هاتنە دونیای ڕەسوڵ الله( d ) کارێی ڕەواو دروستە، خێرو چاکەیەکی پڕ سوودە...

## بەڵگەی حەدیس لەسەر ڕەوای یادی مەولود

١- عن أبي قتادة الأنصاري (رضى الله عنه) أن رسول الله( d ) سئل عن صوم الأثنين؟ فقال: فيه ولدت وفيه انزل عليَّ. رواه مسلم. صحيح مسلم ص ٤٢٣ رقم الحديث ١٩٨.

واتە: لە ئەبی قەتادەی ئەنساریيەوە (ڕەزای خوای لێبێت)، پێغەمبەری ئیسلام پرسیاری لێکرا لەبارەی ڕۆژی ڕۆژی دووشەممە بۆچی خێرە بەڕۆژوو بین. لەوەڵامدا فەرمووی: لەو ڕۆژەدا لەدایکبوومو قورئانم بۆ هاتەخوارەوە. ئەم فەرمودەیە ئەوە ئەسەلمێنێ کە ڕۆژی دووشەممە ڕۆژو تیایا سوننەتە لەبەرئەوە کە ڕۆژی لەدایك بوونی حەزرەتە( d ) لەڕۆژانی پیرۆزو خاوەن ڕێز خواپەرستیو چاکەو خێر پاداشتی زیاترە چ جای یادو ئاهەنگ سازکردن.

٢- عن الزهري قال: أخبرني عروة بن الزبير، قال عروة: وثويبة مولاة لأبي لهب كان ابولهب واعتقها فأرفأرضعت النبي( d )، فلما ابو لهب مات ابولهب أريه بعض أهله بشرَّحيبة قال لة مادا القيت قال ابولهب لم ألق بعدكم غير أنّي شقيت في هذه بعتاقتي ثويبة. رواه البخاري (ص ١١٦٩ رقم الحديث ٥١٠١).

واتە: لەزەهرەییەوە کە دەفەرموێ: بۆی گێڕامەوە عوروەی کوڕی زوبەیر دەیفەرموو: سوییبە کە کەنیزەکی ئەبو لەهەب بوو ئازادی کرد شیری دا بەحەزرەت( d ) کاتێ ئەبولەهەب مرد لەخەودا بینیان لەخزمەکانی وتیان حاڵت چۆنەو خوا چۆن مامەڵەی لەگەڵ کردی وتی: لەو کاتەوە ئێوەم جێهێشتووە باش نیم جگە لەوە نەبێ کە فێنکیو ئاوم ئەدرێتێ بەهۆی ئازادکردنی سوییبەی کەنیزەکەمەوە، کە مۆژدەی لەدایك بووی حەزرەت( d ) دابوو بە ئەبولەهەب، جا لەکاتێکدا کافرو بێ باوەڕیت بەهۆی ئازادکردنی کەنیزەکەکەی کە مۆژدەی هاتنە دونیای پێغەمبەری( d ) پێداوە خوا ئەولوتفو کەرەمەی لەگەڵ دەکات، ئەی موسڵمانای کورد کە لەمانگی مەولود ئەو هەموو شادیو خۆشیو خێرو چاکەیە ئەکەیو دەری ئەبڕن دەبێ خوا چۆنیان پاداشت بداتەوە.

٣- عن ابي عباس (رضى الله عنهما) قال: قدم النبي( d ) المدينة في أي اليهود تصوم يوم عاشورا، فقال: ماهذا قالوا: هذا يوم ينجي الله بني إسرائيل من عدوّهم فصامه موسى قال: فأنا احق لموسى منكم فصامه وأمر بصيامه. (صحيح البخاري ص ٤٢٩ رقم الحديث: ٢٠٠٤).

واتە: ئیبنوعباس (ڕەزای خوایان لێبێت) فەرمویەتی: کاتێ پێغەمبەری ئیسلام تەشریفی چووە شاری مەدینە دیتی یەهودییەکان بەڕۆژوی ڕۆژی عاشورا (دەهەمی مانگی موحەررەم) فەرمووی: ئەم ڕۆژووە واجبە، عەرزیان کرد لەشوکرانەی ئەوە کە خوا نەوەی ئیسرائیلی پاراستو نەجاتی دا لەدەست دوژمن، موسی لەم ڕۆژەدا بەڕۆژوو بوو، وەك سوپاسێك بۆ خوا لەسەر ئەم نیعمەتە حەزرەت( d ) فەرمووی: ئێمە لەهەموو کەس زیاتر لە موسی نزیکین ئەم ڕۆژە بۆ ئێمە زۆر باشە، حەزرەت( d ) بەڕۆژوو بوو فەرمانیشیدا بەڕۆژووبین. لەفەرمودەیەوە بۆمان دەرەکەوێ خوای گەورە هەر لوتفو نیعمەتێکی بەخشی بەهەر گەلێك پێویستە لەو ڕۆژەدا شوکرانەو یادو خواپەرستی تیادا ئەنجام بدەن دیارە ڕۆژی لەدایك بوونی حەزرەت( d ) لەهەموو یادو موناسەبەکان گەورەترو پیرۆزترە پێویستی بەزیادە خواپەرستیو سوپاسو ئاهەنگ هەیە.

٤- قال رسول الله( d ): من سنّ في الأسلام سنةً حسنة، فعمل بها بعده كتب له مثل أجر من عمل بها، ولا ينقص من أجورهم مئي. (صحيح مسلم من ١٠٣١ رقم الحديث: ١٠١٧).

واتە: حەزرەتی پێغەمبەری ئیسلام( d ) دەفەرموێت: هەرکەس ڕەویەو کارێکی باشو جوان بڵاوبکاتەوە لەناو موسڵمانانو لەئیسلامدا وەکاربکرێت بەو ڕەویە جوانە، پاداشتی بۆ ئەنوسرێ بۆ ئەو کەسە بەئەندازەی ئەوەی کە کاری بەو ڕەویەکە کردووە بەبێ ئەمە کە لەپاداشتی کارکەرەکە کەم وەبێ، هیچ شتێك لەپاداشتەکەی ئەو کەسەی کاری بەسوننەتەکەو ڕەویەکە کردووە کەم نابێتەوە، ڕوونو ئاشکرایە ئەنجامدانی ئاهەنگی مەولودو یادی هاتنە دونیای ئەو ڕابەرە خۆشەویستە، گەورەترینو جوانترو بەرزترین ڕەوییەی کە موسڵمانانی کوردستان ئەیکەن.

٥- قال رسول( d ): خير يوم طلعت عليه الشمس يوم الجمعة: نيه خلق آدم. (صحيح مسلم ص٣٠٦ رقم الحديث ٨٥٤).

واتە: حەزرەتی پێغەمبەر( d ) فەرموویەتی چاکترین ڕۆژ کە خۆری تیا هەڵبێ ڕۆژی هەینیە، چونکە لەو ڕۆژەدا حەزرەتی ئادەم دروست کراوە.

دیارە یەکێك لەفەزڵو گەورەیو پیرۆزی ڕۆژی هەینی بەهۆی دروست بوونی پێغەمبەرێکەوە یە

كـه حـەزرەتی ئادەمـە واتـە هاتنـە دنیـاو دروستبوونی هـەرکام لـە پێغەمبـەران لەهـەر ڕۆژێکدا ئەو ڕۆژە گرنگو پیرۆزو پڕ بەهایە. کەوا بوو ڕۆژی لـەدایك بـوونی پێغەمبـەری ئیسلامیش چاکترینو گەورەترین ڕۆژە کە خۆری تیا هەڵبێ.

٦- لَما وصلا (اي رسول الله( d )، وجبريل (عليه السلام) الى البيت لم حيث ولد عيسى عليه السلام قال لـه: انـزل فـصلً ركعـتين، فنـزل النبي( d ) فصلى ركعتين. رواه النسائى، موقع انترنيت: فضيلة الدكتور نبيل الحسين الآزهرى.

واتـە: کـاتێ لەسـەفەری ئیسراو میعراجـدا گەیـشتین (حـەزرەتی پێغەمبـەر( d ) لەگـەڵ جوبرەئیل عليه السلام) بە بەیت لەحم لەقودسـی شـەریف کـە شـوێنی لـەدایك بـوونی حـەزرەتی عیسی (عليه السلام)یـە جوبرەئیـل فـەرمووی بـە حـەزرەت( d ) دابـەزەو دوورکـات نوێـژ بکـە، حـەزرەت دابـەزیو دوورکـات نوێـژی کـرد. ئـەم فەرمودەیـە ئیمـامی نیسائی ریوایـەتی کـردووە. دیارە شوێنو مـەکانی لـەدایکبوونی پێغەمبـەران پیرۆزن بۆ نوێژکردن خێری زیاترە، کەوا بوو ڕۆژو مـانگی لـەدایك بوونیـشیان هـەر پـیرۆزەو کـاری چاکە بکرێت خێری زیاترە.

## بەڵگەو ڕاو بۆچوونی زانایان

١- وروى عن ابن مسعود: مارآه المؤمنـون حسناً فهـو عنـدالله حـسنُ ومـا رآه المـسلمون قبيحـاً فهـو عنـدالله قبـيح، (التـاج الجـامع الوصـول ج٢ ص٦٧) وهكذا في الفقه الأسلامى وأدلته (ج٢ ص١٥٥٣).

واتـە: گێڕاوەتـەوە لـەئیبنو مەسعودەوە کـە دەفەرموێت: هەر شتـێ ئیمانـداران پێیـان بـاشو چاك بووە لای خوایش چاکەو باشـە، هـەر شتـێ ئیمانـداران پێیـان ناشـرینو ناپەسـەند بـوو لای خـوایش ناشـرینو ناپەسـەندە. لـەم فـەرمودەوە بۆمان دەردەکەوێت هەر شتـێ موسـڵمانان وتیـان باشـە باشـە، یـادی هاتنـە دونیـای پێغەمبـەری ئیسلام( d ) لای زۆرینەی ئیمانداران پیرۆز باشو چاكو پەسەندە کارێکی خێردارو خـوا ویـستانەیە کەوابوو ڕەوایە کردنی ئاهەنگی مەولود.

٢- قال ابن التيميـة: فتعظـيم المولـد واتخـاذة موسما قد يفعله بعض النّاس، ويكون له فيه أجـر عظيم لحسن قـصده وتعظيمـه لرسـول الله( d ). (إقتضاء الصراط المستقيم، ص٢٩٧).

واتـە: ئیبنـو تەیمیـە دەفـەرموێ: بەبـەرزو گـەورە دانـانی یـادی مـەولودی پێغەمبـەر( d ) وەتەرخانکردنی کاتێکی تایبەت بۆی کە کۆمەڵێك لەخـەڵکی ئەیکـەن هەیـە لـەم یادەی مـەولودەدا پاداشو سەوابێکی گەورە بـۆ حـەزرەتی فـەخری عالەم( d ).

٣- قال ابو شامة المقدسى: في زماننـا مايفعـل في اليوم الموافق ليوم مولـده( d ) مـن الـصدقات والمعـروف بأظهـار الزينـة والـسرور فـأن ذالـك مـع مافيه من الأحسان للفقراء شـعائر المحبتـه( d ). الحلبى السيرة (ج١ص٨٣).

واتـە: ئەبوشـامەی مەقدیـسی دەفـەرموێ: لەکاتـەی ئێمـە ئـەوەی دەکرێـت لـەو ڕۆژەی کـە هاوکاتە لەگەڵ هاتنە دونیـای پێغەمبـەر( d ) لـە خێزانو چـاکە بەئاشـکرای جوانکـاریو شـادمانی لەگەڵ ئەوەی هەیە لـەم کـارەدا چـاکەو هاوکـاری بۆ هەژاران دروسـتە ئـەم یـادە بـۆ خۆشەویـستی فەخری عالەم( d ).

٤- قـال القـسطلانى ولا زال أهـل الآسـلام يحتفلـون بـشهر مولـده( d ) ويظهـرون الـسرور. المواهب اللدين (ج١ ص١٤٨).

واتە: شێخی قەستەلانی دەفەرموێ هەمیشەو




بەردەوام ئەهلی ئیسلام ئاهەنگ دەکەن لـەمانگی مـەولودی پێغەمبـەر( d ) وەخۆشـیو شـادی دەرئەبڕن.

٥- قال محمد متـولى الـشعراوى: إكرامـاً لهـذا المولد الكريم فأنه يحقُ لنـا ان نظهـر معـالم الفـرح والأبتهاج بهـذه الـذكرى وذلـك بالأحتفـال. (مائـدة الفكر الأسلامى ص٢٩٥).

واتـە: موحەمـەد متـەوەلی شـەعراوی دەفـەرموێ: بـۆ ڕێـزو حورمـەتی ئـەم مـەولودی پـیرۆزە شـیاوە لـە بـۆ ئێمـە بـەدەربڕینی لـە بـۆ نیـشانەکانی شـادیو خۆشـی بـەم بۆنـەو یادەوەریەوە ئەویش بەگێڕانی ئاهەنگ.

٦- قال الدكتور يوسف القرضاوي: إذا انتهزنـا هـذه الفرحـة للتـذكير بـسيرة رسـول الله( d ) وبشخصية هذه النبي العظيم فأي بدعة في هذا وأية ضلالة. موقع الدكتور القرضاوي.

واتە: دکتۆر یوسف قـەرزاوی دەفـەرموێ: کـاتی دەرفەت وەرئەگرین ئێمە بەم موناسـەبە خۆشـە، بـۆ یادەوەریو مێژووی حەزرەت( d ) وە بۆ کەسایەتی ئـەو پێغەمبـەرە عەزیمـە دەبێـت لـەم یـادەدا چ بدعەیەك هەبێت دەبێ چ گومڕاییەکی تیابێ.

٧- قـال الـدكتور محمـد رمـضان البـوطى: الأحتفال بذكرى مولد رسول( d ) نشاط اجتماعى فهو كالمؤتمرات والندوات الدينية. لاينطبق تعريف البدعة على الأحتفـال بالمولـد كمـا لاينطبـق علـى الندوات والمؤتمرات. موقع انترنيت.

واتـە: دکتـۆر موحەمـەد ڕەمـەزان بـویتی دەفـەرموێ: ئاهـەنگ بەبۆنـەی یـادی مـەولودی پێغەمبـەر( d ) چـالاکیو چابوکی کۆمەڵایەتییـە وەك کـۆنگرەو کۆنفرانـسە ئاینیـەکان وایـە چـۆن پێناسـەی بدعـە بەسـەر کـۆنگرەو کۆنفراسـەکان جێبـەجێ ناکرێـتو نـاوترێ بەهـەمان شـێوەیش بەسـەر ئاهـەنگی یـادی مـەولودیش جێبـەجێ ناکرێتو ناوترێ.

٨- قال الشيخ العاوى: وورد انّ أبالهب يـسقى في نفرة إبهامه مـاء كـلّ يـوم اثـنين لعتقـه جاريتـه ثويبة، حين بشرته بولادته( d ). تفـسير العـاوى ج٣ص٣١٤.

واتە: شـێخی سـاوی دەفـەرموێ :هـاتووە کـە ئەبولەهـەب ئـاودێری ئـەکرێ لەسـەر پەنجـەی شـەهادەی هـەموو ڕۆژێکـی دووشـەممە لەبـەر ئازادکردنی کەنیزەکەکەی کە نـاوی سوییبە بـووە چـونکە مـوژدەی لـەدایك بـوونی حـەزرەتی( d ) هێنا بۆ ئەبولەهەب.

٩- قـال ابـن الحـاج: فينبغـى ان نحترمـه حـق الأحترام لانّه ولد فيه. المدخل لأبن الحاج (ج٢ ص٣).

واتـە: ئیبنـو حـاج دەفـەرموێ: پێویـستە ڕێـز بگیرێـت بـەو ڕێـزەی کـە شـیاوی ئـەم مانگەیـە چونکە حەزرەت( d ) لەم مانگەدا هاتۆتە دنیا.

١٠- قال الشيخ السليمان: خفّف عن أبى لهـب في كلّ يوم اثنين بسبب سروة بـولادة الـنّبي( d ). بجدمى علي خطيب (ج١ ص٣٦٠).

واتە: شێخ سولەیمان دەفەرموێ: سوك دەبێ سزا لەسەر ئەبولەهـەبی بێبـاوەڕ هـەموو ڕۆژێکـی دووشـەممە بـەهۆی شـادیو کـەیفو خۆشـی بەهاتنە دونیای حەزرەت( d ).

١١- قـال الـدكتور علـي جمعـة مفتـى ديـار المصرى: الأحتفال بذكرى مولده( d ) من أفضل الأعمـال وأعظـم القربـان، لأنـه تعـبير عـن الفـرح والحبّ له( d ). موقع انترنيت.

واتە: دکتۆر علی جومعە مـوفتی وڵاتـی میسر دەفـەرموێ: ئاهـەنگ گێـران بەبۆنـەی یـادی مەولودی پێغەمبـەر( d ) لەچاکەو پـڕ مایـەترین کردارەو گەورەترین هۆکارە بۆ نزیکـی لەئیسلامو بەرنامەکـەی چـونکە هەسـت کردنـی بەشـادیو خۆشی بۆ حەزرەت( d ).

١٢- قـال الـدكتور وهبـة الزحيلـى: المولـد النبي( d ) لايعد من البدع. موقع انترنيت.

واتـە: دکتـۆر وەهبـی زوحـەیلی دەفـەرموێ: مەولودی حەزرەت هەژمار ناکرێت بە بدعە.

خۆشەویـستان بـەم ئایـەتو حـەدیسو فەرمودانـە بۆمـان دەرکـەوت کـە ئاهـەنگو یـادی هاتنـە دونیـای حـەزرەت( d ) کـارێکی ڕەواو دروستو پەسەندە دەبێتە هۆی پاداشتی دواڕۆژ، وەلەیادی مەولوددا ئەم شتە جوانانە هەن:

١- لەم ئاهەنگەدا گوێبیستی ژیاننامـەو خـوو ئاکارە بەرزو پیرۆزەکانی حەزرەت( d ) دەبین.

٢- لەم یادەدا تـەعزیمو ڕێـزە تیایـە بـۆ ئـەو زاتە پیرۆزە.

٣- لـەم یـادەدا سـۆزو خۆشەویـستی دەرئەبڕێت بۆ حەزرەت( d ).

٤- قورئان خوێندنو سـەلاوات لێدان هەیـەدا لەم بۆنە گرنگەدا وێنەی ڕابردوومان دەهێنینـەوە بەرچاو زیاتر گرنگی پێشەدەین.

کۆتایی بەم نووسینەم دەهێنم بەهۆنراوەکـە لەم کتێبانەدا هەیە: حاشیەی ابن قاسم (بـەرگی حەوتـەم، لاپـەڕەی ٤٢٥)، وەحاشـیەی شـیروای (بەرگی حەوتەم لاپەڕە ٤٢٣) هەردووکیان لەسەر (سخطة)ی شێخی ابن حجرەب.

إذا كان هذا كافى اجاءَ زِمُّه
وتَبّتَ يداه في الجحيم مُخلّداً
أتى أنَه في يوم الأثنين دائماً
يُخَفّف عنه للسرور بأحمدا
فما الظَنُ بالعبدِ الذي كان عمرهُ
بأحمدَ مسرورَ او مات مُوَحّدا

بـەرزو پـیرۆزو گەشـەدارتربێ یـادی هاتنـە دونیای سەیدو گـەورەمان حـەزرەتی پێغەمبـەری خۆشەویستمان( d ) لەکوردستانی ئازیزماندا.

# حوكمی ئاهەنگ گێڕان لەیادی لەدایك بوونی پێغەمبەر( d )

بەردەوام بابەتی ئاهەنگ گێڕان بە لەدایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام محمد( d ) کراوە بەکێشەیەکی زۆر گەورە لەلایەن هەندێك لەتوند ڕەوەکان خوای گەورە ڕێنماییان بکات بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، لەخوا بەزیاد بێت بەتێپەربوونی دەورو زەمانە کۆمەڵێکیان ئەو گرێیە، کە هەبووە لەمێشكو هیزریاندا کرایەوە ڕاستیەکانیان بۆ دەرکەوت وەکو خۆی بەگۆڕینو پێشکەوتنی ژیانو جیاوازی کۆمەڵگاکان فتوا درا لە بابەتە ئیجتیادیەکان. لەشوینو جیگاکانی تردا بەشێوەیەکی تر فتوایان دەدا واتە (بیرو بۆچونیان بەردەوام بەپێی کاتو شوین دەگۆڕڕا) ئەوەی تەمەنی درێژ بێت ئەو بیرو بۆچونە جیاوازانە دەبینێتو دەیبیستێت لەئێستاو داهاتودا بەردەوام دەبینین هەموو ساڵێك لە مانگی ڕەبیع وە لەڕۆژی لەدایك بوونی پێغەمبەر( d ) کۆمەڵێك قسەی پروپوچ بەرامبەر ئەوانەی ئامادە دەبن لەم جۆرە ئاهەنگانەدا دەوترێ چەندجار ئەمە روون کراوەتەوە کەڕۆژی لەدایك بوونی پێغەمبەر( d )چەژن نیە و بەچەژنیش دانانرێ بەڵام زۆر لەچەژن گەورەتر و پیرۆزترە لەبەر ئەوەی چەژن ساڵی جارێك دێت بەڵام ئاهەنگ گێران بەلەدایك بوونی پێغەمبەر( d ) واتە یاد و باسکردنی ئەو زاتە کە ئەمە واجب و پێویستە لەسەر هەموان لەهەموو کات و زەمانێك وە دەربارەی ئەوانەی کە دەڵێن چەژن بەلەدایك بوونی پێغەمبەر( d ) ئەوە نەزانن ئەمەش لەسەر زمانی کۆمەڵێك نەخوێندەوار دەوترێت مەبەستیان چەژنی شەرعی نیە، بەڵکو عادەتێکی خەڵکیە مەبەست پێی دەربرینی خۆشی و شادیە بەرامبەر خۆشەویستیەکیان وەکو چۆن دەڵێن ئەمرۆ چەژنە یان هاتنتان چەژنە یان بینینتان چەژنە وە شعری عەرەبی پرە لەمجۆرە وشانە، ئێمە وەکو موسڵمان خاوەنی دوو چەژنین چەژنی ڕەمەزانو چەژنی قوربان بەڵام وەکو وتمان ڕۆژی لەدایك بونی پێغەمبەری خۆشەویستمان( d ) گەورە و پیرۆزترە لەڕۆژانی چەژن پێش نوسینی بەڵگەکانی دروست بونی مەولودی پێم خۆشە چەند روون کردنەوەیەك بکەم:

أ- ئێمە کە ئاهەنگ دەگێڕین بەلەدایك بوونی پێغەمبەرمان( d ) لەهەموو کاتێکدایە، بەڵام زیاتر لەمانگی لەدایکبوونیدا کەمانگی ڕەبیع و ڕۆژی لەدایك بوونەکەی کەدووشەمە هیچ گونجاو مەنتقی نیە پرسیاری ئەوە بکرێت بوترێ بۆچی ئاهەنگ دەگێڕن؟ وەکو ئەوە وایە بوترێ بۆچی دڵ خۆشن بە پێغەمبەر( d ) دوورە لەژیریەوە ئەم جۆرە پرسیارانە بۆ باوەردارێك کەدەڵێت (اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمدا رسول الله) لەبەر ئەوەی پرسیارێکی زۆر سارد و سرە پێویست بەوەڵام ناکات بەسە بۆ ئاهەنگ گێڕ لەوەڵامدا بڵێ من ئاهەنگ دەگێڕم لەبەرئەوەی دڵ خۆش و شادومانم بەپێغەمبەر( d )وە دڵخۆش و شادومانم بەپێغەمبەر لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێ وە خۆشم دەوێ لەبەر ئەوەی باوەڕدارم .

ب- بایەخی ئێمە لەم جۆرە ئاهەنگانە گوێ لێبونە لە ژیان و بەسەرهاتی پێغەمبەر( d )و سەلاوات لێدانە لەسەری بیستنی ئەو شیعرو پێهەڵدانانەیەو بەخشینی خواردن بەسەر هەژارانو خۆشی خستنە دڵی خۆشەویستانی پێغەمبەرمان( d ).

ج- ئێمە ناڵێین ئاهەنگ گێڕان بەلەدایك بوونی



نووسینی : م. دلێر احمد کەلاری

پێغەمبەر( d ) لەکاتێکی دیاری کراو تایبەت بەم شێوەو چۆنیتیە کە ئیستا هەیە شەریعەتی ئیسلام داوای کردوە وەکو چۆن لەنوێژ و ڕۆژوو سەرجەم خودا پەرستیەکانی تردا هەیە بەڵام ئەوە هەیە هیچ بەڵگەیەکیش مەنعی ئەمە ناکات کە خەڵکی کۆببنەوە بۆ یادی خوای گەورەو سەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەرەکەی لەهەر کاتێکدا بکرێ بەتایبەت لەمانگی مەولوددا کەخەڵکی بەتینو جۆشێکی جیاواز پێشوازی لێدەکەن وەهەروەها بیرهێنانەوەی رابردووە بەئیستاوە.

د- ئەم جۆرە کۆبونەوانە وەسیلەیەکی گەورەیە بۆ بانگکردنی خەڵکی بۆ لای خوای پەروەردگار وە فرسەتێکی ئاڵتونیە نابێت لەدەستی خۆمانی بدەین وە پێویستە لەسەر بانگخواز و زانایانمان بەیادی خەڵکی بهێننەوە کە پێغەمبەر( d ) چۆن بووە لەرووی ڕەوشت و ژیان و مامەڵە و خواپەرستیدا وە ئامۆژگاری و ڕێنمای بکەن بۆخێروچاکە و رزگاربون وە ئاگاداریانبکەنەوە لەشەر و داهێنراوی خراپ و فیتنە و ئاشوب وە ئێمە بەپشتیوانی خوای پەروەردگار خەڵکی بۆ ئەم جۆرە ئاهەنگانە بانگ دەکەین و بەژداریش دەبین، چونکە وەسیلەیەکی شەریفە بۆ غایەو مەبەستێکی شەریف.

## بەڵگەکانی دروستی ئاهەنگ گێران لەڕۆژی لەدایك بوونی محمد( d )

١- یەکەم کەسی ئاهەنگ گێر بەلەدایك بوونی پێغەمبەر( d ) خودی پێغەمبەر خۆی بوو وەکو لەفەرمودەی راستدا هاتووە (موسلیم) پرسیاری لێکرا دەربارەی بەرۆژووبوون لەرۆژی دوو شەمەدا وەفەرمووی لەبەر ئەوەی لەم رۆژەدا لەدایك بووم ئەمە بەهێزترین و روونترین بەڵگەیە لەسەردروستی ئاهەنگ گێران.

٢- فەرموودەی (ئیبن و حەجەری )ی عەسقەلانی کەلەفەرموودەی راستدا وەری گرتووە (بوخاری و موسلیم)پێغەمبەری خوا لەمەدینەدا بینی یەهودیەکان بەرۆژوو دەبن لەعاشورا پرسیاری بەرۆژووبوونی لێکردن وتیان لەبەر ئەوەی لەم رۆژەدا خوای گەورە فیرعەونی خنکان و موسای رزگارك رد، بۆ ئەم مەبەستە سوپاسی خوا دەکەین.

پێغەمبەر( d ) ئێمە لەپێشترین لەئێوە بەپێغەمبەر موسا، ئەو سودانەی لەم فەرمودەیە وەردەگیرێ سوپاس کردنی خوای گەورەیە لەکاتی بەخشینی نیعمەتێك یان دورخستنەوەی خراپەیەك سوپاسکردنی خوای پەروەردگار بەچەندها جۆر خواپەرستی دەکرێ لەوانە کرنۆش و بەرۆژوو بوون و چاکەکردن و خوێندنی قورئان وە چی نیعمەتێك هەیە بەقەد پێغەمبەری خۆشەویستمان گەورەبێت . وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: (**لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا** مِنْ **أَنْفُسِهِمْ** يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِه وَيُزَكِّيهِمْ)

٣- ئیمامی سیوتی دەفەرموێ ئیمامی بەیهەقی لەئەنەسەوە دەگەرێتەوە کە پێغەمبەر ( d ) کە کۆێزە بانەی بۆخۆی کردوە لەدوای بون بەپێغەمبەر لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە کەباوە گەورەی عبدولموتەلیب لەحەوت سالیدا گۆیزەبانەی بۆ کردوە وە روون ئاشکرایە گوێزەبانە یەکەمجار دەکرێت ئەمەش بەوە لەیەك دەدرێتەوە دەرخستنی سوپاس گوزاری پێغەمبەرە ( d ) بەرامبەر خوای گەورە کە وەك رەحمەت



ناردویەتی بۆخەڵکی بەگشتی وە پەسەندە ئێمەش سوپاسی خوای گەورە بکەین لەسەر نیعمەتی لەدایك بوونی پێغەمبەر بەکۆبونەوەمان لەگەڵ براکانماندا و بەخشینی خواردن و هەرشتێکی نزیك کەرەوە و دەرخستنی خۆشی.

٤- وتەی حافز شمس الدین کوری جزری ئیمامی سیوتی وتی: بیستم حافز شمس الدین کوری جزری لەکتێبەکەیدا بەناوی (عرف التعریف بالمولود الشریف) ئەمە دەقەکەیتی کە ئەبو لەهەب لەدوای مردندا لە خەودا بینی پرسیاری حاڵی لێ کرد وتی: لەئاگردام بەلاَم سزاکەم لەسەر سوك دەبێت لەهەموو شەوێکی دووشەممە بەهۆی ئەوەوە کە (سوییبە)م ئازادکرد کەمژدەی لەدایك بوونی برازاکەمی پێدام واتە پیغەمبەر( d ) باشە ئەبو لەهەبیك کە کافرەو قورئان لەسورەتێکی تایبەتدا باسی دەکات کە سزای لەسەر سوك ببێت بەس لەبەر ئەوەی بەلەدایك بونی دڵخۆشبوە ئەبێت حاڵی موسڵمانیکی باوەردار چۆن بێت کەهەموو تەمەنی بەلەدایك بونی پێغەمبەر( d ) دڵخۆشە و یەك تاپەرستیش بێت ان انشاالله ئومید دەکەم بەهەشتی بەرین جێگەی هەموو کەسێکی دڵخۆش بێت بەلەدایك بوونی ئەم زاتە.

٥- وتەی حافز شمس الدین کوری ناصرالدین الدمشقی لەکتابی (مورد الصادی فی المولد الهادی) وەهەروەها لەکتابی (حسن المقصد فی عمل المولد) دانراوی ئیمامی سیوتی کەراستە ئەبو لەهەب بە هۆی ئازادکردنی سوییبەی خزمەتکاریەوە هەموو شەوی دووشەممە یەك سزای لەسەر سوك دەبێ کە مژدەی لەدایك بوونی پێغەمبەر پێدا پاشان ئەم شعرەی وتووە:

إذا كان هذا كافراً جاء ذمه
بتبت يداه في الجحيم مخلد ا
اتى انه في يوم الاثنين دائما
يخفف عنه للسرور باحمدا
فما الظن بالعبد الذى طول عمره
باحمد مسرورا ومات موحدا

ئەوی کە زیاتر پێویستی بەروون کردنەوە هەیە ئەوەیە مولودی ئەصلی هەیە بەلاَم چۆنیەتیو شیوەی کە لەبابەتە ئەجتهادیەکانە جیاوازە لەم نمونانە زۆرن ئەوەی لەهەموویان لەپێشترە قورئانی پیرۆزە کە جیاوازی نیە کە فەزل و گەورەی قورئانو ئەو کەسانەی لەبەری دەکەن و دەبنە مامۆستاو خەڵکی فێردەکەن ئایە یەك ڕێگاو یەك چۆنێتی هەیە بۆ بڵاوبونەوەی قورئان و فێربون و لەبەرکردن وەلاَم. ئەوەی وەکو رۆژ روناکە هەندێ پێی وایە لەرێگای قوتابخانەی قورئانی و ریکخراوەیەوە دەبێت هەندێ لەرێگای دیاری و بڕوانامەوە هەندێکی تر لەرێگەی پێشبرکێ و کۆنگرەوە کۆمەلێکی کەش لەرێکای تۆمارگە و کاسێتەوە .ئەمە جگە لە فەنتازی کردن لەکاتی چاپدا لەشێوە و وشە و پیت و کاغەز و رەنگ و گەورە و بچوکیدا ئایا ئەمانە هەمووی لەسەردەمی پێغەمبەردا هەبووە مولودیش قیاس بکە بەهەمان شێوە .

٦- ئاهەنگ گێران بریتیە لەدەربرینی خۆشی و شادمانی بەلەدایك بوونی پێغەمبەر( d ) وە کافر سودمەند بووە وەکو باسمان کرد. ئەوەی کە باسکرا لە بوخاریدا سوك بونی سزای ئەبولەهەب هەموو دووشەممەیەك بەهۆی رزگاکردنی (ثوییە) کە مژدەی لەدایك بوونی پێغەمبەری دابوو، (إذا كان هذا كافرا جاء ذمه) ئەم هەوالە ئیمامی بوخاری لەصحیحەکەیدا لەکتاب نكاح وەهەروەها ئیبن و حەجەرلە (فتح الباری) وە ئیمامی صەنعانی لە المصنیف وە ئیمامی بەیهەقی لە دەلائل وە ابن كثير لە السيرة النبويه. باسیان کردوە.

٧- پێغەمبەر( d ) رۆژی لەدایك بوونی بەگەورە زانیوە و سوپاسی خوای پەردوەردگار لەسەر ئەو نیعمەتە گەورەیە کردووە، وە ئەم بەگەورە زانینەی بە رۆژوو دەربریوە وەکو لەفەرموودەی (موسلم) کتابی صیام پرسیاری بەرۆژوو بوونی دووشەممەیان لێکرد فەرمووی لەو رۆژەدا لەدایك بووم ئەمە مانای ئاهەنگ گێرانە بەلاَم سورەتەکەی جیاوازە بەلاَم ماناکەی هەیە ئیتر ئەو سوپاسە بەرۆژوو بون بێت یان خواردن بەخشین بێت یان کۆبوونەوە بۆ کاری خوای پەروەردگار یان گوێ کردن بۆباسی سیرەو ژیانی پێغەمبەر بەلاَم ئەوانەی دەڵێن ئەکردەوە داهێنراوە وە داهێنراویش لای ئەوان یەك جۆرە ئەویش خراپە بەلاَم زانایان داهێنراویان کردوە بەپێنح بەشەوە: (١- واجب، ٢- مندوب، ٣- مکروه، ٤- مباح، ٥- محرم)

واتە هەموو داهێنراویك خراپ نیە ئەگەر وابوایە کۆکردنەوەی قورئان لە لایەن (ئەبوبكر، عمرو زید رەزای خوایان لێبێت حەرام و قەدەغە دەبوو کەلەترسی فەوتان ئەمکارەیان کرد وە حەرام دەبوو کۆکردنەوەی خەڵکی لەنوێژی تەراویح بەپێش نوێژی یەك ئیمام بەوتەی (نعمت البدعة هذه) وەهەروەها کۆکردنەوەی هەموو کتێبە زانستە سودبەخشەکان حەرام دەبوو وەواجب دەبوو لەسەرمان شەرکردن لەگەڵ بێباوەڕاندا بەتیروکەوان لەکاتێکدا ئەوان بەفیشەك و تۆپ و تانگ و فرۆکە شەرمان لەگەڵ دەکەن وە حەرام و قەدەغە دەبوو بانگ دان بەسەماعە کردنەوەی خوێندنگاو نەخۆشخانەو جێگای فریاکەوتن و بینایی بەخێوکردنی بێ باوكو بێ دایك و زیندان.

٨- ئاهەنگگێران ئەگەر لەسەردەمی پێغەمبەر( d ) دا نەبوبێ وە داهێنراوبێ ئەوە داهێنراوێکی باشە چونکە لەژێر بەڵگە شەرعێکاندا جێگای دەبێتەوە ئەگەر بەشێوەی کۆمەڵ نەبووبێ بەشێوەی تاك هەبووە وەهەرشتێك لەسەردەمی سەدەی یەکەمدا نەبوبێ بەشێوەی کۆمەڵ بەلاَم تاکەکان پیادەیان کردبێ ئەوە داواکراوە لەلایەن شەرعەوە ئەوەی بەتاك مەشروع بێت بەکۆمەلیش مەشروعەو ڕەوایە وەکو ئاشکرایە، وەئیمامی شافعی دەفەرموێ هەرداهێنراوێك پێچەوانەی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر( d )و یەك دەنگی زانایان ئەوە داهێنراوێکی خراپە بەلاَم داهێنراوی چاك پێچەوانەی ئەمانە نەبێت واتە بەلای ئیمامی شافعیەوە دوو جۆرە، بەلاَم ئیمامی نەوەوی و عزالدینی کوری عبدالسلام داهێنراویان کردوە بۆ ئەو پێنج بەشەی کە لەپێشدا باسمان کردووە.

وە لەقورئاندا (کل) بەمانای (بعض) هاتوە. ئەمیش وەلاَمە بۆ راستی تێگەشتن لەفەرموودەی پێغەمبەر( d ) (کل بدعة ضلالة).

٩- ئاهەنگ گێرانَ واتە زیندووکرنەوەو بەگەورە زانین و دەربرینی خۆشەویستی پێغەمبەرە( d ) تۆ دەبینی زۆربەی کارەکانی حەج یادخستنەوەی بیرەوەریەکانە وەکو رۆشتن لەنێوان سەفا و مەروەدا وە سەربرین و کارەکانی تریش هەموو ڕوودای رابردوو موسڵمانان تازەی دەکەنەوە بەم شێوەی کە دەبینین. بەڵگەش فەرموودەی خوای گەورەیە (**وَأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ** يَأْتُوكَ رِجَالا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ) حج[٢٧] وەهەروەها ئایەتی (رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُسْلِمَةً لَكَ **وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا** وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ)البقرة[١٢٨] کە مەبەست لێی گێرانەوی چیرۆکی ابراهیم واسماعیله سەلامی خوایان لەسەربێت.

١٠- شادومان بوون بە پێغەمبەر( d ) لەقورئانی پیرۆزدا ((**قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا**)) خوای گەورە فەرمانی پێکردوین دڵخۆش و شادومان بین بە رەحمەت وە پێغەمبەر( d ) گەورەترین رەحمەتە وەك خوای گەورە دەفەرموێ (**وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ وە ئیبن** عەبباس راڤەی ئایەتەکە بەم شێوەیە دەکات (فضل الله) واتە زانست وە (رحمەت) واتە محمد( d )

١١- خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێ (**کلا نقص علیك من أنباء الرسل ما نثبت به فؤادك**) ئەوەی ئاشکرایە حیکمەت لەگێرانەوەی چیرۆك و بەسەرهاتی پێغەمبەرانی پێشوو بۆ تەسبیت و جێگربوونی دڵی پێغەمبەرە ئەوەی کە گومانی تێدا نیە ئەمرۆ ئێمە زیاتر پێویستمان بەگێرانەوەی ژیان و هەواڵی پێغەمبەر( d ) هەیە بۆ جێگرکردنی دڵەکانمان .

١٢- زانایانی ئێمەی کورد زوبانیش خاوەنی چەندەها کتێبین دەربارەی مەولودی ناتوانین بەدرێژی باسیان بکەین لەوانە مامۆستا ملا عبدالکریم بیارە و مامۆستا شێخ محمدی خاڵ و مامۆستا محمدی شەڵماش و مەولودنامەی شمس...هتد، وە ئەوەی زیاتر جێگەی دڵخۆشی و ئومیدە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی فاکتەرێکی سەرەکیە لەوەی کەلە زۆربەی مزگەوتەکانی هەرێم یادی مەولودی تێدا بەرز ڕادەگیرێت و مامۆستایانی مێزەر پاکیش قسوریان نەکردووە .

لەکۆتایدا ئەمانەی کەباسمان کرد مەبەستمان ئاهەنگێرانە بەلەدایك بوونی پێغەمبەری خۆشەویستمان نوری چاومان بەوشێوەیەی بێ شەرعی تێکەڵاو نەکرێ وەك تێکەڵ بوونی پیاو و ژن سەرجەم کارە نادروست و قەدەغەکراوەکان لەهەمان کاتدا ئەوەی ئاهەنگ دەگێرێ وە ئەوەش کەبەشدار دەبێ تەنها نابێت لەیەك رۆژدا ئامادە سازی تیادا بێت پاشان گوێ نەدا بەشێوێن کەوتنی سەرجەم سونەتەکانی تر بەلاَم وەك ئاشکرایە ئەوانەی کە ئینکاری ئاهەنگێران دەکەن مەبەستیان لایەنی خراپی مەولودی نیە بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی باش و خراپی بەنادروست و قەدەغە کراو دەزانن.

**سەرنج: ئەو سەرچاوانەی کە سودم لێوەرگرتوە:**

١- قورئانی پیرۆز.
٢- فەرموودە راستەکانی .بوخاری و موسلیم
٣- منهج السلف في فهم النصوص بین النظریه و التطبیق (محمد بن السید علوی المالکی ).
٤- حول الاحتفال بمولد النبی (محمد بن السید علوی المالکی).
٥- دلائل النبوة ي ئیمامی بەیهەقی .
٦- فتح الباری ،شەرحی صحیحی بوخاری ئیبن و حەجەری عەسقەلانی.
٧- حسن المقصدی ئیمامی سیوتی .
٨- لەگەڵ کۆمەڵێك رۆژنامە و بابەت کە پەیوەندیان بەبابەتەکەوەیە .





www.zanayan.org

# گەورەیت سەروەرەکەم...

شیخ عبدالباسط شیخ عمر بالیسانی

إذا كــان هــذا كــافرا جــاء ذمــه * * * وتبــت يــداه في الجحــيم مخلــدا

أتــى أنــه في يــوم الإثــنين دائمــا * * * يخفّــف عنــه للــسرور بأحمــدا

فما الظّن بالعبد الذي طول عمره * * * بأحمــد مــسرورا ومــات موحــدا

ئەم دێڕە شیعرانە باسی ئازادبوونی (ئەبولەهەب)ە لە سزای گۆڕ هەموو ڕۆژی دووشەممانێك بەهۆی ئەوەی، کە لەرۆژی دووشـەممە کـە جارییەکـەی خـۆی بـە نـاوی (ثويبـة) ئـازادی کـرد لەبـەر ئـەوەی مـوژدەی پـێ دا بـە لـەدایيك بـوونی حەزرەتی (محمد المصطفى) صلى الله عليهوسلم.. کـە ئـەمـە ئیمـامی بوخـاریو پێشەوایانی (فـەرموودە) ریوایەتیان کردووە..

ئینجا بۆ ئەوەی موسڵمانانی کوردیش سوود لەم فەرمایشتە پیرۆزە وەربگـرن وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی بەمجۆرەیە:

ئەگەر یەکێ گـاور بـێ زەمـی بکا پـەروەردگار
(تبـت یـدا)ی بـۆ بڵـێو لـە دۆزەخ بـی جێگـەدار

بۆی بێ ڕۆژی دووشەممە هەمیشەو بەبەردەوام
ئـازاری لەسـەر کزبـی بـە هـاتنی سـید الأنـام

(ظن) چۆن ئەبی بەو بەندەی بەخت کا گـشت ژیـانی
بەناسـینی یـەکتای حـەق شـوکری خـودای مـەننانی

یانـە دڵـی شـادبی بـە گـەورەیی پێغەمبـەر
سـەلاواتی لـێ بـداو بڵـێ تـۆی (نـور)و ڕەهبـەر

زۆر ڕاسـتە ئـەم واقیعـە ریوایـەتی بوخـاری
گومان نەکەوتـە دڵتـان لـە ئاسـت قـودرەتی بـاری

مانگی لەدایکبوونی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)

# وێستگەیەك بۆ نوێکردنەوەی پەیمان‌و رەنگدانەوەی رەوشتەکان

ئا: مەلا ئەمیر گەردی

ماموستایانی ئایینی: بەرزترین پەیامی مانگی مەولود زیندووکردنەوەی رەوشت‌و سوننەتی پێغەمبەرە. ساڵانە لەگەڵ هاتنەوەی مانگی (ربيع الأول)و، بەبۆنەی یادی مانگی لەدایکبوونی سەرداری پێغەمبەران، محمد (درودو سەلامی خوا لەسەر هەموویان بێت)، بە مەبەستی بەرزو پیرۆز راگرتن‌و، دوبارە ئاشناکردنەوەو زیندوو راگرتنی ژیان‌و ژیاننامەو رەوشت‌و شکۆی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە موسڵمانان، رێورەسم‌و چالاکی‌و، وتارخوێندنەوەو ئاهەنگ لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی، بەشێوازی جۆراوجۆر، بە جۆش‌و خرۆشەوە سازدەکرێت‌و بەرێوەدەچێت.

لە کوردستانیش، هەموو ساڵی بە درێژایی مانگی مەولود، وەك نەریتێکی کوردەواری لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان‌و، لە زۆربەی مزگەوت‌و تەنانەت ماڵەکانیش، وێرای سازکردنی زۆرترین ئاهەنگی خوێندنەوەی مەولود، چەندین کاری خێرخوازی‌و، بەرنامەی هەمەجۆر بەرێوەدەچێت‌و، چەندین کتێب‌و نامیلکەی تایبەت بەم بۆنەوە دەنوسرێت‌و بڵاودەکرێتەوە، ئێمەش لە گۆڤاری (پەیامی زانایان) بەم بۆنەوە بە پێویستمان زانی کە ژمارەیەك لە ماموستایانی ئایینی بدوێنین‌و، بە زاری ئەوانەوە پەیامی زانایانی ئایینی کوردستان لە مانگی مەولود بگەیەنینە موسڵمانان.

سەرەتا بەرێز ماموستا مەلا عبدالله گەرمیانی پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (حەزرەتی ئیبراهیم) لە کەلار، بەم شێوەیە بۆ (پەیامی زانایان) دواو گوتی: مانگی مەولود مانگی تازەکردنەوەی پەیمانی موسڵمانە لەگەڵ لەگەڵ پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، بەر لەهەر شتێك با موسڵمان بڵێت: پەیمان بێت ئەی پێغەمبەر سوننەتەکانت بەر نەدەین و، تۆمان خۆشتر بوێ لەباوك‌و دایك‌و منداڵ‌و ماڵ‌و گیانی خۆمان، لەومانگەدا بۆ تەواوی ساڵ‌و



ماموستا مەلا عبدالله گەرمیانی

## با بە رەوشتەکانمان بیسەلمێنین شوێنکەوتەی پێغەمبەرین

تەمەن پێشانی جیهانی بدەین بەرەوشتەجوانەکانمان کە ئەگەر پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) بە لەش‌و گیان لە ناومان نەماوە پەیامەکەی زیندوە لە ناوماندا، هەلگرو شوێنکەوتەی رێبازی ئەوین.

بەرێزیان زیاتر گوتی: لەم مانگەدا پێویستە وەزارەتی ئەوقاف‌و یەکێتی زانایان بەرنامەو پرۆگرامی زیاترو تۆکمە دابرێژن بۆ بەرز راگرتن‌و چەسپاندنی سوننەتەکانی پێغەمبەرو، ئاشناکردنی زیاتری موسڵمانان بە رێبازی بەرزو بەنرخی پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) زانایانی ئایینش لەو مانگەدا لە وتارەکانیان زیاتر تیشك بخەنە سەر باسکردنی ژیانی پێغەمبەرو خۆشەویستی هاوەلان بۆ پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت)و، گرنگی‌و گەورەیی شوێنکەوتەیی‌و، خۆ دوورگرتن لە بێفەرمانی سەروەرمان.

دواتر بەرێز ماموستا مەلا عماد نانەکەلی، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (ماوان) لە (کۆیێ)، لە وەلامی پرسیارێکی (پەیامی زانایان). کە پەیامی بەرێزیان بە بۆنەوە چیە گوتی: ئەم مانگەو ئەم رۆژە رۆژێکی گەورەیەو، لەم رۆژە زاتێك لە دایك بوو کە هەموو مرۆڤایەتی لە جەهل و نەزانی دەرهێنا بۆ ژیان وخۆش بەختی دونیاو دوارۆژ، پێویستە هەریەك لە یەکێتی زانایان‌و وەزارەتی ئەوقاف وەك هەمیشە بە وتار وئاهەنگ ئەم یادە جوانتر و رازاوەتر بکەن‌و، هەڵبستن بە چاپکردن‌و دابەشکردنی چەند پەرتوکێك بەسەر موسڵمانان، کە پوختەی ژیانی پێغەمبەر لەخۆبگرێت (درودی خوای لەسەر بێت) بۆ زیاتر شارەزاکردنی موسڵمانان، وە موسڵمانانیش دەبێت هەرکارێك‌و چاکەیەك کە لە دەستی دێت درێغی نەکات، بە هەر جۆرێك بێت ئەم رۆژە بەرز رابگرێت.

لەلایەن خۆیشیەوە ماموستا مەلا مەریوان نەجم پێشنوێژو وتارخوێن لە هەڵەبجەی



ماموستا مەلا عماد نانەکەلی:

## با مانگی مەولود بکەینە مانگی خێرو لێبوردەیی‌و خۆشەویستی

شەهید گوتی: با موسڵمانان مانگی مەولود بکەنە مانگی برایەتی‌و ئاشتی و پێکەوە ژیانی هەموو ئاینەکان لەکوردستان‌و، ماموستایانی ئایینی موسڵمانان ئاکاداربکەنەوە لەرێزگرتنی ئاینەجیاوازەکان لەئیسلام.



ماموستا مەلا مەریوان نەجم:

# پێویستە لەو مانگە خولی تایبەت بە کەسایەتی پێغەمبەر بکرێتەوەو منداڵەکانمان ئاشنای ژیانی بکەین

لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا ماموستا مەریوان گوتی: پێم باشە کە ئەم خاڵانە لەم مانگەدا جێبەجی بکرێ: یەکەم: کردنەوەی خولی تایبەت بۆ گەنجان و منداڵان بۆ ئاشنابوون و ناسینی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە هەموو شارەکاندا. دووەم: لەم ساڵدا برەوی زیاتر بەم یادە بدرێت و هانی خەڵکی بدرێت بۆ بەرزکردنەوەی یادی مەولود. سێیەم: بەرنامەو پرۆگرامی تایبەت بەناسینی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە راگەیاندنەکاندا بەبەشداری ماموستایانی خاوەن ئەزموون پێشکەش بکرێ. چوارەم: هەوڵ بدرێ بە مەبەستی قوڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان، لەم یادەدا نوێنەرانی ئایینە جیاوازەکان لەئیسلام بانگهێشتی ئاهەنگو رێورەسمەکانی مەولود بکرێن بۆ بەشداری کردن.

پاشان ماموستا مەلا جیهاد بێسڤکی، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ سەعیدی پیران) لە شاری دهۆك بۆ (پەیامی زانایان) گوتی: من پێباشە کو هەول دانا ساخکرنا یادا بونا فەخرێ عالەمێ محمدی(سلاڤ ل سەر بن) ل ژێر چارچوڤێ دەستپرداییە ژلایێ ئایینێ ئیسلامێ ڤە بهێتە کرن، کارەکە بو نیکرن و ساخکرنا پەیاما پیروزا ئەو پێهاتی کو پەیوەندیا وی دگەل خەلکی راستگویێ ئەمین بویە، ب دلوڤانی و لێبورین بویە، لەوڕا دشێم بێژم تێگەهشتنا موسلمانان بوّ ڤێ ساخکرنێ بیر ئینان بیت ل گور پەیاما وی یا پیروز، کو دلوڤانی بویە بوّ هەمی جیهانێو، پەیاما وی بویە نەخشە ل سەر دلو ومەژیو ودەرونی.

ماموستا مەلا جیهاد زیاتر گوتی: پەیاما من بو موسلمانان ئەوە کو خو ل دینێ خودێو شەریعەتێ زێتر شارەزا بکەنو، بزانن و کارپێبکەن و کار بوّ بکەن، پێغەمبەری



ماموستا مەلا جیهاد بێسڤکی:

# هەمی دەزگەهێن راگەهاندنێ رولێ وان یێ بەرچاڤ بیت بوڤێ یادێ

بۆخو بکەینە چاڤ لێکەرێ باش، هەر وەکی خودایێ مەزن دەربارەی وی دبێژیت: (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا)الاحزاب(٢١).

هەروەسا پێدڤی یە کو ژ بوّ پتر پیتەدان ب ڤێ یادێ:

یەك: هەمی دەزگەهێن راگەهاندنێ رولێ وان یێ بەرچاڤ بیت بوڤێ یادێ.

دوو: دڤێ روژێدا هاریکاریا کەسانێن فەقیرو ژار بێتەکرن ب دانانا بەرنامەکێ هاریکاری بوّ هەژاران.

سێ: خرڤەکرنا خەلکەکی ل هولێت بیرەوەریا و ئاهنگێت رێك وپێك بێنە رێخستن.

چار: هەروەسان ل مزگەفتان هەمی فەرمانبەرێت وێ ئامادەکریەك بێتەکرن و ئەوقاف هاریکاربیت.

پێنج: هندەك پەرتوك ب زمانێ کوردی ل سەر ژیاننامێ پێغەمبەری(سلاف لێ بن)و، پەیاماوی ل سەر موسلمانان بێنە گێران.

شەش: هەمی لق و لژنێت زانایان ئامادەکاریێ بو ڤێ یادێ بکەن



گۆزە

# خۆ پێغەمبەریش شوان بوو؟!



سەرنووسەر

لێم پرسی: ژیان لە گوند خۆشترە یان لە شار؟ گووتی: نا وەڵا لە گوند خۆشترە، هەوای سازگارە، دڵکراوەیی‌و، گیانی هاریکاری‌و، میوانداری‌و، دینداری‌و... هەموو شتێکی جوانی لێیە، بەڵام بە حکومەت‌و رۆشنبیرو مەلایانەوە هەموویان دوژمنی گوندو گوندنشینانن، کە باسی مەلای کرد، لەسەر حکومەت‌و رۆشنبیران نەرۆییشتم، لێم پرسی: بۆچی مامۆستایانی ئایینی دژی گوندن، وەڵامی دامەوە، بەداخەوە وتاربێژەکانمان، کە باسی کەسێکی نەفام بکەن، دەڵێن: (دەرێی شوانە، خۆ شوان نییە، وکی شوانان بوو)، بەبێ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەن هەستی شوان‌و خاوەن مەڕو ماراتی بریندار دەکەن، وامان لێدەکەن کاری شینایی چەقاندن‌و بیستان‌و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات لەبەر چاومان ناشیرین بکەن، چونکە ئەوە خاوەنی ئەو سەرمایە نەتەوەیی‌و نیشتیمانی‌و بێ منەتە بێت، دواکەوتووە، پێشکەوتوو ئەوەیە: ماری لە شاری بیت، لە دائیرەیەك دابمەزرێت.

ئینجا لەسەری رۆییشت... باشە خۆ پێغەمبەری خوا شوانەتی کردووە، هەموو پێغەمبەران شوانەتیان کردووە، ئیدی بۆ دەبێ ئەو پیشە سەربەرزە بە چاوی سووك تەماشا بکرێت.!

ئەو قسانە هی کوڕە گەنجێك بوو لەبەر دەرگای عیادەیەکی پزیشکی بۆی کردم، منیش وەعدم دا وەکو خۆی بڵاوی بکەمەوە، بۆ ئەوەی هەم رۆشنبیران‌و هەم مامۆستایانی ئایینی بە وریایی مامەڵە لەگەڵ وتەکانیاندا بکەن.



مەلا) لە تەفسیرەکەی (مەلای گەورە)دا

# مەلایەتی و مەزهەبەکان

## ١٥

هێمن عومەر خۆشناو- شەقلاوە

هەموو مەزهەبەکان، چۆنیەتی تێگەیشتن‌و تێراوبوون‌و شێوازی ئاوخواردنەوەیان خۆیان لەسەرچاوەی قووڵ‌و دوورودرێژی ئیسلامدا دەنوێنن، لەبەر هەندێ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەزهەبانە دەبێ بە هەگبەیەکی پڕ زانیارییەوە بێت‌و بەبێ شارەزابوون هەڵەیەکی گەورەیە باس لە هەر مەزهەبێك بکرێ، بەتایبەتی مامۆستای ئاینی بە شەن‌و کەو کردن‌و تەتەڵەکردنی هەموو بیروڕاکان وەك واجبێکی شەرعی‌و وەك زەروورەتێك بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکانی شەرع، دەبێتە بەرچاورووونییەك بۆ هەموو هەنگاوەکانی.

ئێمە لەم نووسینەدا ناچینە سەر هۆکاری دروستبوونی مەزهەبەکان‌و باشی‌و خراپییان، بەڵکو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واقیعە لەلایەن مامۆستایانی ئاینییەوە جێگای هەڵوەستەکردنەو دەبێ بەوریایی‌و لێزانی‌و زانستانەوە کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ ببەسترێ، بەو پێیەی کە گەلی کورد زۆربەی هەرە زۆری پەیڕەوی مەزهەبی شافیعی کردووەو نزیکی سێ مەزهەبەکەی تری ئەهلی سوننەت‌و خودی مەزهەبی لامەزهەبیشی تێدایە، بۆیە لەو نێوانەدا ئەرکی مامۆستای ئایینی قورستر دەبێت، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە پەیڕەوکارانی مەزهەبەکانی تر بە ئاسانی لەگەڵ مەزهەبی شافیعی تێکەڵ دەبن‌و خەڵك بە نوێژی نیوەڕۆ جیاوازییەکان دەبینن.

خۆ بەستنەوە بە تاکە مەزهەبێك‌و تەعزیم کردنی لەسەر مەزهەبەکانی تر، لەمێژووی کوردیدا دیاردەیەکی بەرچاوەو کاریگەری نەرێنیشی دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە لاریمان لەپەیڕەوکردنی تاکە مەزهەبێك نییە، ئەوەندەی قسەمان لەسەر چۆنیەتی پەیڕەوکردنەکەیە، بەواتای ئەوەی شێوازی دەمارگیرییانەو لەپەنجەرەی تەسك تەماشاکردن‌و زەحمەت کردن‌و گران کردنی هەندێ پرس، کە لەمەزهەبی تردا بەشێوازو تێگەیشتنی ترە، کۆمەڵێك گرفتی بەدوای خۆیدا هێناوە کە تێگەیشتنی تاکی موسڵمانی کوردو زانایاکانی هەندێ جار بە هەڵە بردووە. لەڕاستیدا مادام هەموومان بڕوامان بە هەرچوار مەزهەبەو دەشزانین کە پەیڕەوکردنی ئێمە لەچوارچێوەی زانستانەو تێگەیشتنێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو بەشێوەی میراتەوە لەباب‌و باپیرانمان بۆ بەجێ ماوە، کەواتە ئەگەر بۆ خەڵکیی ئاسایی–یش لەبەر بێ زانیارییان سەخت بێت بیر لەمەزهەبی تر بکەنەوە، بەڵام بۆ زانای ئایینی زۆر ئاساییە بەقووڵی توێژینەوە لەبارەی هەموو مەزهەبەکان بکات، **(کە ئەمە تارادەیەك لەکۆندا لای کورد کەم دەبینرا)**، خودی سەرمەزهەبەکانیش ئەم پەیڕەوکردنە تەسکەیان قبوڵ نەبووە، بەڵکە هەموویان بەسەرچاوە سەرەکییەوە پابەندبوونە. تەماشای وتەی هەر چوار سەرمەزهەب بکەین، هەموویان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەمارگیرانە پەیڕەویان نەکەن:

ئەبو حەنیفە: لایحل لاحد ان یاخذ بقولنا ما لم یعرف من این اخذناه.

شافیعی: ما قلت وکان النبي( d ) قد قال بخلاف قولی، فما صح من حدیث النبي اولی ولا تقلدوني.

احمد بن حنبل: لاتقلدني، ولا تقلد مالکا، ولا الشافعي، ولا الاوزاعي، ولا الثوري، وخذ من حیث اخذوا.

مالکی: انما انا بشر اخطیء واصیب، فانظروا في رأیي فکل ما وافق الکتاب والسنة فخذوا به، وکل ما لم یوافق الکتاب والسنة فاترکوه.

تا ئێرە کێشەمان لەسەر ئەوەش نییە کە پەیڕەوی دەکرێ، چونکە بانگەشەی بێ مەزهەبی راناگەیەنین، بەڵام جیاوازی‌و ناکۆکییەکە بگاتە رادەی یەکتر قبول نەکردن‌و بەخراپ سەیری ئەویتر کردن ئەمە کارەساتە، یان لەلایەکی تر ئەگەر بڕیارە کاروبارەکان تەواو جێبەجێ نابن بەبێ گەڕانەوە بۆ مەزهەبی تر، کەواتە ناکرێ مامەڵەکردنەکە بەبیرتەسکی‌و دەمارگیرییانە بێت، چونکە هەیە (حەتتا لە عولەماو روئەسای ئەدیان دین ئەکەنە ماکینەی تضیق، ئەها ئەو قسەی مەکە کافر ئەبی. بنۆڕە کوتوبی حەنەفیان، ئەگەر وابی، مسوڵمان لەرووی عەردی نییە... ئاخری لەبەر تضیق لەدین دەردەچن، گەلێ جار لەسەر دروسی فەقێیان ئەڵێم: بەعزە زەواتێ بە سێ مەسئەلە مەزهەبی شافعیان ئینقراز پێدا: ١: (اقترا)ی نییەت لە نوێژ. ٢– عەدالەت لە نیکاح. ٣– (رؤیة) لەبیع.

مەزهەبێ نوێژو نیکاح‌و بەیعی پێ نەکرێ، چی پێ ئەکرێ؟ (تەفسیری کوردی، بەرگی حەوتەم، لا٢٠١).

خەمی جەنابی (مەلای گەورە) رەفتاری هەندێ مامۆستای ئاینی ئەوسا بووە کە زۆر دەمارگیرو تەسك بینانە سەیری مەزهەبەکانیان کردووەو بۆیە ئەو ویستویەتی مەزهەبێك پەیڕەو بکا بەڵام بۆ هەندێ کاروباریش‌و بۆ کارئاسانی هەندێ پرسیش، ئاو لە مەزهەبەکانی تریش بخواتەوە. بە هیوای ئەوەی ئەو تێگەیشتنە لەناو مامۆستایانی ئێستا دروست دەبووو بە چاوێکی زانستیانەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو پرسەدا دەکرد!!!

Hem992003@yahoo.com
Facebook:Hemn Omar Khoshnaw



# خواناسی له (جیلوەی جەلال‌و جەمال)دا

مودریك عەلی عارف

دیدو تێڕوانینی هەر مرۆڤێك بۆ چەمكەكانی خواناسی‌و خواپەرستی لە سۆنگەی چەند حاڵەت‌و دیاردەو شتێكی تایبەتەوەیە، كەسی وا هەیە كە لە ڕوانگەی عەقڵ‌و زانستەوە ئەو بڕواو قەناعەتەی بۆ دروست دەبێت، كە خوا بناسێت‌و پاشتر بیپەرستی‌و بەندایەتی بۆ بكات، كەسێكی دیكەش هەیە كە لە ڕوانگەی متمانەی بە پەیامبەران‌و هەڵگران‌و بانگخوازانی پەیامی یەكتاپەرستی‌و خواناسییەوە ئەو بڕواو قەناعەتەی بۆ دروست دەبێت، كەسانێكی دیكەش هەن كە لە ڕوانگەی خۆشەویستی‌و عیشق‌و مەحەببەتیان بۆ ئەو لوتفەی، كە خوا بەرامبەریان نواندوویەتی خوا دەناسن‌و دەیپەرستن، بەشێك لە خەڵكیش بە هۆی چەند حاڵەتێكی نائاسایی وەك ترس‌و كەوتنە حاڵەتێكی لەو چەشنەی، كە دەستیان لە هەموو شتێك بڕاوەو دڵنیا بوون لەوەی كە بێجگە لە خوا هیچ كەسێكی دیكە لەو كاتەدا ناتوانێت ـ وەك فریادڕەسێك ـ بێت بە هانایانەوە، خوای گەورە دەناسن‌و بەندایەتی بۆ دەكەن‌و هانای بۆ دەبەن، وەك ئەو حاڵەتەی كە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بۆمان نومایش دەكات‌و دەفەرمووێ: ﴿هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ حَتَّى إِذَا كُنْتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِمْ بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا بِهَا جَاءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءَهُمُ الْمَوْجُ مِنْ كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنْجَيْتَنَا مِنْ هَذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ فَلَمَّا أَنْجَاهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا بَغْيُكُمْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ مَتَاعَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُكُمْ فَنُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ یونس (٢٢-٢٣)

بەشێكی دیكەش لە خەڵكی، بەهۆی ئەوەی كە لە ژینگەیەكی دیندارو لەناو خێزانێكی خواناس‌و خواپەرستدا لەدایك بوون، بۆیە خوا دەپەرستن‌و بەندایەتی بۆ دەكەن، كە جۆری خواپەرستی ئەم كەسانە هەندێ جار وایان لێدەكات كە (عادەت)و (عیبادەت)یان لێ تێكەڵ دەبێت‌و بەندایەتی‌و عیبادەتێكی عادەتیانە ئەنجام دەدەن.

ئەگەر سەرنج لە كۆی ئەم حاڵەتانەو چەند حاڵەتێكی دیكەش بدەین، ئەوا بۆمان دەردەكەوێت كە هەموو ئەم خواناسی‌و خوا پەرستی‌و بەندایەتییانە لە ڕوانگەی یەكێك لەم دوو حاڵەتەی خوارەوەیە:

١- لە ڕوانگەی (جیلوەی جەلال)ەوە:

واتە دەسەڵات‌و (جەلال)و هێزو تواناو گەورەیی خوا ئەو بڕواو قەناعەتەی بۆ ئەم كۆمەڵەو گروپە لە خەڵك دروستكردووە كە بیناسن‌و بیپەرستن‌و بەندایەتی بۆ بكەن، بۆ نموونە: كاتێك تەماشای ئاسمانی بەرزو بەرین دەكەن‌و دەبینن كە هیچ پایەو كۆڵەكەیەكی نییە، بۆیان دەردەكەوێ كە ئەمە دەبێ دەسەڵاتێكی باڵاو بەهێزی خوایانە توانای ڕاگرتنی هەبێت، هەروەها كاتێك بوركانێك لەسەر لوتكەی چیایەك یاخود لەناو قوڵایی زەریاو دەریایەكەوە بە گڕو بڵێسەو تواوەیەكی زۆر لە كانزاكانی ناو زەوی دێتە دەرێ، دڵنیا دەبن كە ئەم كارە تەنها لە دەسەڵاتی خوادایە، یاخود كاتێك مرۆڤو دروستكراوێكی گیاندار دەبینن، بۆیان ڕوون دەبێتەوە كە هیچ كەسێك توانای بەخشینی ڕۆح‌و گیانی نییە، بێجگە لەو زاتەی كە خالیق‌و بەدیهێنەرو دروستكاری ئەم بوونەوەرە نەبێت، ئەمانەو هەزاران نموونەی دیكە لە نیشانەكانی دەسەلات‌و (جەلال)و گەورەیی‌و بەتوانایی خوای گەورەو مەزنن، كە بوونەتە هۆكاری ئەوەی كە بەشێكی زۆر لە بەندەكان لە ڕوانگەی تێگەیشتن لە (جەلال)و دەسەڵات‌و توانای خوای گەورەوە خوا بناسن‌و بەندایەتی‌و عیبادەتی بۆ بكەن.

٢- لە ڕوانگەی (جیلوەی جەمال)ەوە:

بەشێكی دیكە لە بەندەكانی خوای گەورە لە ڕوانگەی تێگەیشتن‌و تێڕوانینیان بۆ (جیلوەی جەمال)ی خوای میهرەبان، خوا دەناسن‌و بەندایەتی بۆ دەكەن.

ئەم گروپ‌و بەشە لە مرۆڤەكان، كاتێك تەماشای جوانی گوڵێك دەكەن، جوانی خوایان بیر دەكەوێتەوە، كاتێك گوێ لە دەنگی بولبول‌و مەلێك دەگرن مەست‌و حەیرانی دەنگی خوایانەی خوا دەبن، كاتێك گەڵایەكی ناسك‌و باڵی پەپولەیەك دەبینن تامەزرۆی هەستی بەسۆزانەو میهرەبانانەی خوا دەبن، كاتێك نمەی باران‌و پروشەی بەفر دێتە خوارێ، ڕەحمەت‌و بەزەیی خوا دێتەوە یادیان، كاتێك كە ڕووبارێك چەم‌و دۆڵێكی پڕ لە خاشاك ڕادەماڵێ‌و پاكی دەكاتەوە، لێبوردن‌و بەخشندەیی خوا دێتە پێش چاویان، كاتێك دەمەو بەیان شنەو شەماڵێكی فێنك هەڵدەكات‌و پڕی سییەكانیان هەناسە هەڵدەمژن، خەلاتی ڕۆح‌و گیان‌و نەفخەی ئیلاهی دێتەوە یادیان كە بەخشییە مرۆڤەكان، ئەمانەو چەندین دیمەن‌و تابلۆی نەخشینی دیكە لەو تابلۆیانەن كە جوانی‌و (جەماڵ)و جیلوەی ڕەحمەتی خوا دەخەنەوە یادی مرۆڤەكان‌و دەبنە هۆی ئەوەی كە خوا بناسن‌و بیپەرستن‌و بە عیشق‌و خۆشەویستی‌و مەحەببەتەوە بەندایەتی خوای میهرەبان بكەن.

دەگێڕنەوە پیاوێك لە ڕۆژێكی بەهاری‌و لە خەڵوەت‌و لە ناو باخ‌و سەوزاییەكداو لە ژێر درەختێكدا دانیشتبوو، هەستی بە تەنیایی‌و بێ تاقەتی دەكرد، بۆیە هانای برد بۆ نزاو پاڕانەوەو ڕووی كردە ئاسمان‌و دەستی كرد بە دوعا كردن‌و وتی:

(خوایەگیان! تكا دەكەم قسەم لەگەڵ بكە، لەم كاتەدا بولبولێك چریكاندی‌و چۆلەكەیەك جریواندی، بەڵام پیاوەكە ئەم دەنگانە سەرنجی ڕانەكێشاو گوێی نەدایە... جارێكی دیكەش وتی: خوایەگیان! تكات لێدەكەم قسەم لەگەڵ بكە، ئەمجارەیان هەورێك گرماندی‌و كۆترێكیش گماندی.. بەڵام پیاوەكە ئەمجارەشیان بێباك بوو بەرامبەر بەم دەنگانە، ئەمجارەیان پیاوەكە بە بێتاقەتییەكی زۆرەوە وتی: دەی خوایەگیان! داوات لێدەكەم پەردەو حیجابی نێوان زاتی نورینت‌و من لادەو خۆتم نیشان بدە با بتبینم‌و بە بینینت نورانی ببم، شكۆفەی گوڵێكی جوان پشكوت‌و گەڵایەكی ناسك بە هێواشی هاتە خوارەوەو كەوتە بەردەمی، پیاوەكە ئەم دیمەنانەش سەرنجی ڕانەكێشاو هەستی بە هیچ نەكرد... دواجار پیاوەكە وتی: خوایەگیان! لێت دەپاڕێمەوەو تكا دەكەم كە دەستم بگرەو باری سەرشانم سوك بكەو لە ئامێزتم بگرە، لەم كاتەدا پەپوولەیەكی نەخشین‌و ڕەنگاو ڕەنگ هاتە سەر شانی پیاوەكەو بە ئەسپایی نیشتەوە، پیاوەكەش بێ ڕەحمانە دەستێكی لێدا كە هەڵی فڕێنێ، بەڵام باڵی ناسكی پەپولەكە هەڵوەری‌و كەوتە سەر زەوی، پیاوەكە بە نائومێدی هەڵسایەوەو ڕۆشت، وای زانی كە نزاو داواكارییەكانی قبوڵ‌و گیرا نەبوون، تێنەگەیشت لەو هەموو شتانەی كە خوای میهرەبان لە سروشت‌و دەوروبەریدا نیشانیدا، تێنەگەیشت كە هەموو ئەوانە جیلوەو تەجەللاكردنی خوان لە سروشت‌و دروستكراوەكانیدا.)

بەداخەوە زۆرێك لە ئێمەش وەك ئەم پیاوە سادەو ساویلەكەیە بە پاڵ هەموو ئەو دیمەنانەدا تێپەڕ دەبین، كە ئاماژەو نیشانەیەكن لە جیلوەو تەجەللاكردنی (جەمال)و جوانی خواو هیچ وانەو پەندێكیان لێ وەرناگرین‌و هەست بە (جیلوەی جەمال)و جوانی لەڕادەبەدەری خوای جوانكاری بوونەوەر ناكەین‌و نابێتە هاندەرمان بۆ زیاتر ناسین‌و پەیرستن‌و بەندایەتیكردنی ئەو خوایەی كە خاوەنی (جەماڵ)و جوانی ڕاهاو بێ سنوورە، جوانییەك كە تۆزقاڵ‌و پرشنگ‌و تروسكایەكی ئەم هەموو جوانی‌و ڕازاوەییەی لە گەردوون‌و لەسەر زەویدا خولقاندووەو نیشانی ئێمەی مرۆڤی دەدات.



# پێش هاتنت سەرابێك بووم

هەلاڵە محەمەد



ئـەی خۆشەویـست فریـاد ڕەسـم، ئـەی ڕزگارکـەری سـەرجەم مرۆڤایـەتی، پـێش هاتنـت پێش بڵاوبوونەوەی نورت، ون بوویـەك بـووم، لـە بیرمـە ئازیزەکـەم، پـێش تەشریف هێنانـت، مـن ژیانم لیٚ زەوت کرابوو، بـە هـەموو شـێوازیك دیـل کرابـووم، بگـرە بـە لـەدایك بـوونم بـابو بـراو بنەماڵەم شەرمەزار بوون، یادووریان دەخستمەوە بۆ بیابان، یان دەیانکردم بە هاوڕێی خاكو زینـدە بە چاڵیان دەکردم، یا دەیانهێشتمەوە لـە ژیانـدا، بەڵام چۆن ژیانیك دیلو زەلیلو ژێـر دەسـتە، بـیٚ مـافو بـیٚ کـەسو کەسـاس، هەنـدێکیش کـڕینو فرۆشتنیان پیٚ دەکردم، هەندێکی تر تەنها هەر لە زەتیـان لیٚ دەبـردم، لـەناو ئەوانیـشدا هـەبوو بەوەیـشومو شـەیتان ناویـان دەبـردمو، گـەلێکی تریش هەبوون وەك میراتی بەشیان دەکردم، بـە هەر جۆرو ستەمیك بوایە دەکرام بە دایك، دیسان هەر ژێر دەستەو بـیٚ دەسـەڵاتو بـیٚ ڕێـز بـووم، کاتێـك لـە پـێش چـاوم کـچەکەم زینـدە بـە چـاڵ دەکـرا نەمـدەتوانی بـەرەنگاربم بـۆ ئـەو کـارە نامۆیە، کاتێك کیژەکەم خراپەی بەرامبەر دەکـرا، نەمـدەتوانی قـسە بکـەمو هەڵوێـست دەربـڕم ئەمەمانو نەمانم بوو، وەك سەرابێك دەردەکەوتم، لە بیاباندا لە بەین دەچـووم دەبوومـە سـووتووی جەورو ستەم، ئەمـە هـەموو بـوونی مـن بـوو وەك بوونەوەرێك لەم بوونەدا جێگەو شوێنم وونکرا بوو بـەرگێکی ناشـرینو ناشایـستەو نـامۆو سـیام بـۆ دوورابوو، نەمـدەتوانی لـە جێگـەو شـوینی پـاكو جوان بمێنمـەوە، هـەروەك پیـاوان مـافم هـەبێت، بۆیـە دەڵـێم ژیـانم لـە هـەموو بوارەکانـدا سـەراپا تاریکستانو شەوەزەنگی بێکۆتاو خنکێنرا بوو.

پێـشهاتنت هـەواڵم بیـست کـە فریـاد ڕەس بەڕێوەیـە، ڕزگارکـەرو مـژدە دەری مرۆڤـەکان بەڕێوەیە، چاوەڕێکەن، هەر ئەو کاتـە ئازیزەکـەم نـەك هـەر چـاوو گـویم بـەڵکو هـەموو جەسـتەو جومگـەو ئەنـدامێکم کـردە بیناوبیـسا بـۆ تـۆی ئازیز، تا بـزانم لـە کوێیـت تـا بـێم بـۆ لاتو گـویٚ بیـستو گـویٚ ڕایـەڵت بم، چـۆن دەمزانـی ئـەی سەروەرم تۆ ڕزگارکەرو فروستادەی بۆ گـشت بـە شەر.. ئەو ڕۆژەی مژدەی لە دایك بونـت درا، مـن چاوەڕیٚ بـووم سـاتو هەناسـەکانم دەبـژارد، زۆر پەلەم بـوو، ئـەو ڕۆژە خـۆر ڕوناکیەکـەی ئێجگـار جوانو دەم بە خەندەو کێوەکانیش لە خۆشییان شـاییان دەکـردو هـەورەکان سـیبەریان دروسـت دەکرد، هەر ئەو کاتە کە نوور دەرکـەوت .. ژیـان گـۆڕا.. تاقـەکانی کێـسراو قەیـسەر لێـك تـرازان، دەسەڵاتی جەورو ستەم لە بیابانی تاریکیدا ڕاپێچ کراو لەناو برا، ئەو گۆڕانە بە جۆرێـك بـوو هـەموو بوونـەوەر بـە یـەکجار ژیاییـەوە، شارودەشـتو دەغـلۆو دانو زینـدەوەران گـوڵی نێرگزیـان هـەڵ گرتبـوو، منـیش گـوڵاوی نێرگـزم دەڕشـتو لـە پێشەوەی کاروانەکە نێرگزاوی ڕێگەم دەکرد.

بـە هاتنـت ئـەی خۆشەویـست منـی بیابـانی زەردو وشـك هەڵگـەڕاو بوومـە کـانیو ڕووبـارو دەریا، ڕێگەی دووری نەهامـەتیو ژێـر دەسـتەیو بێمافیمان برایەوەو لەت لەتمکرد، بە هاتنت ئـەی سەروەرم مافی مرۆڤ بوونم خەڵات کـرا، فـەرمووت مرۆڤەکان هەموو یەکن مەگەر لە پلەی پارێزگاریدا جیـاوازبن ، ئـەوەی لـە درێـژایی مێـژوو لـە بـیرم برایەوەو لێم زەوتکرا تـۆی ئـازیزو خۆشەویـستتم پێتدامەوە، تاجی ڕێزی دایکایـەتیو خـستەسەرم بە هەشتیشت خستە ژێر پێم هاوشـانت کـردم لـە گەڵ پیاوان، ئەوەی لە ژین بێبەشـی دەکـردم بـە زیندووی بۆ چاڵی دەبردم بەبکوژ ناوزەند دەکرد، ئـەوەی بـە چـاوی سـوك سـەیری بکردمایـە دەتفەرموو(ما اکرمهن الا کریم ولا اهانهن الا لئـیم) ئەگەر جیاوازی بکرامایە لەگەڵ کوڕدا دەتفـەرموو (اتق اللة واعدلوا بین اولادکـم). ئـەی پێغەمبـەر ..لەیادمە، کاتێك هاتیت پێشبرکێم دەکرد لەگـەڵ پیاوانو لە هەوڵی یەکەمیندا بـووم، خۆشەویـستم لۆمەم مەکە، چونکە لە بیابانی وشکی بیٚ ڕەحمو سۆزدا بەند کرابووم.

بـەڵیٚ قوربـان خـۆتو پەیامەکـەت بیابـانی ژینمتان کردە باخو بێستانی چڕو جوان، بـەرزو نەخشینو ئاودان، چۆن پەلە نەکەم وازنـاهێنم لـە هـەموو کارێـك بـۆ خواناسـین لـە پێـشەوەی مرۆڤەکانم، منیش هاتووم ئەی سەرکردەم پشکی خۆمو ژینی فەوتاوم بەرمەوە.. کیـژەکانی دایکـە حـەوا لـە ناسـۆریو چەوسـاوەیی ژینـی تاریـك بدۆزمەوە ، ئەی تاجی سەر ئەی محەمـەد(درودی خوای لەسەر بیت) ببمە قوربـانی ڕێگـەی خـۆتو بەرنامەکەت هەتا ژینم مابێت لە ژیـان لـە ڕێگـەی بەرزی مرۆڤ دۆستیت قەت لانادەم، خزمەت کـاری بانگەکـەتم، هـەڵگری سـونەتەکەتم، بـەڵیٚ ئـەی خۆشەویـستی خـوا .. ئێمـە هـاتووین بـە خـۆمو دەسـتە خوشـکەکانمەوە بـە یـەك دەنـگ دەڵـێین خۆشمـان دەوێیـت، ڕێبـازە جـوانو شـیرینەکەت هیچ کات بەرنادەین.

نا ئازیزم لەوانە نـیم بـە تـۆی پێـشەواو پایـە بەرز لە ئاسمانو زەمین گاڵتە بکەم ژینم کوێرکەم بە پشت کردنە بەرنامەکـەت خـۆم ڕسـواکەم، بـە خـوا قوربـان لێیـان دوورم بـە ئەنـدازەی دووری ڕەحمو سۆزو ئەوینی تۆی مەزن کـە دەتفـەرموو( استوصوا بالنساء خیرا) ، بەڵیٚ قوربان مـن لەوانـەم لە ئوحودا لە بەرخاتری زاتـی تۆجەسـتەم دەیـان سەرە ڕمی لێدراو نەسلەمیمەوەو هەر خەمی تـۆو بەرنامەکـەتم بـوو، ئـەی سـەروەرو پێغەمبـەرو پێـشەوای سـەرجەم مرۆڤـەکان، ئێمـە قوتـابیو شـاگردوو فێرخـوازی بـەردەرگای دەسـتورو پەیامەکـەتین، ئومێددەکـەین لـە سـەر حـەوزی کەوسـەر چاوەکانمان لـە کوێرێتی ڕزگـار بکـەین دڵەکانمان لە تینوییەتی تاسەی دەرکەین.



# مەرحومی شێخ محی الدین نەقشبەندی لەیادی مەولود



مۆژدەبێ لێتان موسڵمان مانگی مەولود هاتەوە
مانگی نورو مانگی قورئان مانگی ئیمان هاتەوە
مانگی تەدمیری فەسادو کوفرو ئیلحاد هاتەوە
مانگی پەیدابوونی نوری ئەرزو ئاسمان هاتەوە
مانگی پەیدابوونی زاتی فەخری عالەم هاتەوە
مانگی ئاهەنگو سرور بۆ قەومی ئیسلام هاتەوە
مانگی رەحمەت مانگی عیززەت مانگی شەوکەت هاتەوە
مانگی شانازی زەمین بۆ ئاسمانان هاتەوە
مانگی رووناکی شەوی کوفرو زەڵالەت هاتەوە
مانگی عەدلو دادوەری بۆ چینی مەزلوم هاتەوە
ئەی موسڵمانان وەرن تێکڕا بە ئیخلاسو سەفا
شوکری حەق کەین وا پەیا بوو زاتی پاکی (مصطفی)
پێی عەتا کرد زاتی حەق بەو مەنبەعی سدقو یەقین
تاجی عیززەت بەو دەفەرموێ: (رحمة للعالمین)
پێی دەفەرموێ: تۆ بەشیرو هەم نەزیری ئادەمی
تۆ لە دونیاو هەم لە عوقبا قائیدێکی عالەمی
ئەی برایانی عەزیزم موخڵیسانی (مصطفی)
خاوەنی تەقواو عیبادەت ساجی سۆزو وەفا
قەدری ئەم مانگە بزانن خێرو ئیحسان زۆربکەن
گوێ لە ئینسانی خەشیمو دڵ رەشو جاهیل مەکەن.

# رۆژی لە دایک بوونت

خاڵە رەش رواندزی

هەموو ساڵێ چاوەڕێین — تا ئەم رۆژە دێتەوە
یادی لە دایک بوونی — پێغەمبەر بکرێتەوە
رۆژی لە دایک بوونت — لە دایک بوونی سۆزە
تۆ نەبیت ئەم ژیانەش — بێ خۆشیەو ئاڵۆزە
کە هاتیت لەگەڵ خۆتا — رووناکیت دا بە دونیا
بوویتە پەیام هێنەری — خوای میهری تاکو تەنیا
ورەو پشتو پەناگەی — بۆ ئێمەی بێ دەستەڵات
بۆ ئایینی ئیسلامیش — تۆی بەهاترین خەڵات
ئەوەی رێی تۆی گرتووە — راستو بەرزە رەوشتی
لەبەر خاتری چاوی تۆ — خوا دەیباتە بە هەشتی
پێشڕەوی خۆشەویستی — ڕابەری پێغەمبەری
سایەو سەرچاوەی خێری — بۆ هەمووومان سەروەری



# توندو تیژی..هۆکارو چارەسەر

مەلا ئەحمەدی قامیشی
a_qamishi@yahoo.com

خوای بەدیهێنەری بونەوەر مرۆڤەکانی جۆرێك دروست کردووە، کەلەهەموویاندا توانای خێرو شەڕو توندوتیژیو نەرمو نیانیو خۆشەویستی پێداون بەڕێژەی جیاواز، وەبۆ رێکخستنی تواناکانیان رێنمونی بۆدیاریکردون، چون ئەگەر تواناکانیان رێك نەخرێن ئەوا دەرهاویشتەی خراپی لێدەکەوێتەوە کەیەکێ لەوانە توندوتیژییە، توندوتیژی (العنف) پێناسەی تایبەت هەڵناگرێ و لەهەر شوێنێ بەجۆرێك دەردەکەوێ، هۆکارەکانی توندوتیژی: پێش ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە ئەبێ میتۆدو سەرچاوەکەی بزانی کەزیاتر بریتین لەهۆکاری (ئابوری وکۆمەڵایەتی وسیاسیو فیکری) کەدەبنە هۆکاری توندوتیژی لەنێوان خێزانەکانو پاشان کۆمەڵگا، توندوتیژی لەشوێنی خۆیدا گونجاوە وەك لەجێبەجێکردنی یاساکاندا (تنفیذ الاحکام)یان لەمەیدانی روبەڕوبونەوەدا کەلە گۆرەپانی جەنگ دایە، بەڵام لەسەرجەم کایەکانی ژیانداعەدالەت و چاکەکاری چاکترین چارەسەرە کەفەرمانی خواو پێغەمبەرە(ان اللە یامر بالعدل والاحسان)، ئەوە تالەدەیان ئایەت و فەرمودەداهانی موسڵمانان دەدات بۆ نەرمو نیانیو لەسەرخۆبونو تەسامح و لێبوردەیی، پێغەمبەر( a ) فەرمویەتی: (انَ الرفقَ لایکونُ فی شَیَ الازانَهُ، ولایُنزَعُ منَ شَیَ الاشانَهُ) (رواه مسلم) واتە: نەرمو نیانی لەهەر شتێکدابێت جوانی دەکات و کەلێی دەرهێنرا ناشیرینی دەکا)، لەفەرمودەیەکدا کە پێشەوا (بخاری) گێراویەتیەوە (ابوهریرە)خ، فەرموی: پیاوێك لەمزگەوتدا میزی کرد، خەڵکەکە خەریك بو ئازاری بدەن و دەری بکەن، پێغەمبەر( a ) پێی فەرمون: وازی لێبێنن و بڕۆن دۆڵچەیەك ئاو بێننو شوێنەکەی پاك بکەنەوە.. (فانما بُعثتُم مُیَسَرین ولم تُبعَثوا مُعَسرین)، واتە ئێمە بۆ ئەوەر ەوانە کراوین کار ئاسانی بکەین نەك شت لەخەڵك قورس بکەین، (هەڵبە هەڵە چارەسەر نابێ) دیارە پێچەوانەی نەرمونیانی تورە بونە کە سەرچاوەو هۆکاری توندوتیژیەو لەئیسلامدا بەتوندی رێگری لێکراوە،(ابوهریرە) بۆمان دەگێڕێتەوە کابرایەك وتی بەپێغەمبەر( a ) اوصنی، واتە، ئامۆژگاریم بکە، قال لاتغضب، واتە: تووڕەمەبە، پیاوەکە چەند جارێك هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە، هەر فەرمووی: (لا تَغْضَبْ) واتە: تووڕە مەبە (بخاری)، چەند جار دووپاتکردنەوەی ئەم ئامۆژگاریە بێ حیکمەت نەبووەو جێگەی سەرنجە! پیاوەکەدەڵێ دوایی بیرم کردەوە لەو وەسیەتەی پێغەمبەر( a ) چونکە تورەبوون هۆکارو کۆ کەرەوەی هەموو خراپەیەکە، وە لەفەرمودەیەکی تردا هاتووەکە پێشەواکەمان فەرموویەتی: (تورە مەبەو بەهەشت بۆ تۆیە.. ولك الجنة) چونکە هەرچی لەکاتی تورەبوندا بکرێ کاری شێتانەیەو کۆتاییەکەشی پەشیمانیەو پەشیمانی سودی نیەو خەجاڵەتی دنیاو دوارۆژە، کەتورەبوو جوێن ئەدات ستەمو خراپە دەکات تاهەندێ جار دەکوژێو دەبڕێ، بکەری هەرکام لەمانە ماڵ وێرانەو پەشیمانە، بەتایبەت لەکێشە کۆمەڵایەتیەکاندا یەکسەر سێ بەسێ تەڵاق ئەخوات وپاشان دەبینێ ماڵی وێران بووە منالی دەربەدەربووە لەناو خەڵکدا عەیبدار بووە.. هتد، جائەگەر بیربکاتەوە لە ئەنجامەکانی هەرگیز تورەبونەکەی جێبەجێ ناکات ودان بەخۆیدا دەگرێ و سەرەڕای ئەمانەش تورەبون کاریگەری زۆرخراپی هەیەلەسەر تەندروستی لاشەو دەبێتەهۆی بەرزبونەوەی پەستانی خوێن، زیاد بونی لێدانی دڵ، تەنگە نەفەسی، بەرزبونەوەی شەکرەو هەنێ جارجەڵتەی دڵ، پەنابەخوا لەشەیتانو لەمەترسی و زیانەکانی تورەبون کە توندوتیژیە.



## جۆرەکانی توندوتیژی:

١- (عنف أسری) توندوتیژی خێزانی، ئەوە کاتێ دروست دەبێ کەپێکهێنانی خێزانەکە لە سەرەتاوە لەسەر بنەماکانی خێزان دروست نەکراوەو تەنها روکەش وسۆزو عاتیفەیەك بووەیان بەکەلتورییەکی لاروخواری کۆمەڵایەتی بەیەکگەیشتوون کەسەرەنجام ئەوڕێزو خۆشەویستیە (مودەو رحمە) کە پێویستە بەرجەستە نابێت، لەفەرمودەدا، پێغەمبەر( a ) پێوەری چاکەی بەوەداناوە کەلەگەڵ ئافرەتانداباش بین فەرموویەتی: (خیرکم خیرکم لاهلە وانا خیرکم لاهلی)

٢- (العنف الجسدی) توندوتیژی جەستەیی، لەڕوی جەستەییەوە ئازار دەدرێ لێی دەدرێ وماندو دەکرێ ململانێ نابەجێ دەکەن، کەزیاتر بەهۆی لەیەکتر نەگەیشتنە، لەئیسلامدا رێگری لێکراوەو سزای هاوشێوەی خۆی بۆدانراوە (..من اعتدی علیکم فاعتدوا علیه بمثل ما اعتدی علیکم..)

٣- (العنف المعنوی) توندوتیژی و ئازاردانی رۆحی بەفشاری دەرونی، وەك لێسەندنەوەی دەسەڵات وپەراوێز خستنی وەڵام نەدانەوەو بەکەم سەیرکردن، چارەسەر لەئیسلامدا خوا قەدەغەی کردووە ناوناتۆرەو یەکتر ناشیرین کردن(..ولاتلمزوا انفسکم ولاتنابزوا بالالقاب../ الحجرات)

٤- (العنف الجنسی) توندوتیژی سێکسی، وەك اغتصاب دەستدرێژی سێکسی ولادانی سێکسی مامەڵەی نادروست بەئافرەتانەوە، چارەسەری ئیسلام بۆئەوە زیناو نێربازی و حەرام کردووە سزای بۆداناوە لەپێناو پاراستنی حەیاو حورمەتی مرۆڤەکان بەتایبەت پاراستنی ئافرەت.

٥- (العنف الاقتصادی) توندوتیژی ئابوری، وەك ئەوانەی ئافرەتان ناچار دەکەن بژێوی پەیدا بکەن، کاری ماڵەوەو دەرەوەیان پێدەکەن، یان میراتی نادەنێ یان ئاڵتونەکەی پێ دەفرۆشن، ئیسلام چارەسەری بۆ داناوە(نەفەقە)بەخێوکردن لەسەر پیاوە، هەرچەندە ئافرەتیش رێگەی لێنەگیراوەوە.

## چارەسەری گشتی:

یەکەم: پابەندبونە بەڕەوشتە جوانەکانی ئیسلام پێغەمبەر( a ) فەرمویەتی (ما اکرم النساء الا کریم وما اهانهن الا لئیم) (مسلم) واتە: ئەوەی رێزیان دەگرێ چاك و بەڕێزن، وەگێل و نەفامەکانن رێزیان ناگرن و بەکەمیان دەزانن، وەهەروەها فەرمویەتی: (لَیْسَ الشَّدِیدُ بِالصُّرَعَةِ إِنَّمَا الشَّدِیدُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ) (مَتفق علیه) واتە: ئەو کەسە ئازا نیە کە پاڵەوانی چاکەو کەس لە زۆرانبازیدا دەرەقەتی نایەت بەڵکو ئازا ئەو کەسەیە کەلەکاتی تووڕەییدا خۆی دەگرێ و رقی خۆی دەخواتەوە (ئازا کەسێکە لەکاتی بەڵا… خۆی بۆ بگیرێ ونەیکا بەهەڵا).

دووەم: زوو بەدەم کێشەکانەوە بچین وهەوڵی چارەسەرکردنیان بدەین وبەخەم یەك ترەوەبین، وەك پێغەمبەر( a ) رۆژێ کە چووبۆ ماڵی فاتیمەی کچی وپرسی علی لەکوێیە؟ فاتیمە فەرمووی: دەمە بۆڵەیەکمان بوو رۆیشت بۆ دەرەوە کە بینی وا لەمزگەوت پاڵ کەوتوەو لایەکی عەباکەی خۆڵاوی بووە،

پێغەمبەر( a ) پێی فەرمو (قم یا ابا تراب..) بردیەوە ماڵەوە بۆلای فاتیمەی خێزانی..، بێگومان سۆزو بەزەیی ونەرم و نیانی (صبر) ڕەوشتی بروادارانی ڕاستەقینەیەودان بەخۆداگرتنی پێویستەو دەبێ باجەکەی بدەی وەك وتراوە (سەبر تاڵەو بەری شیرینە) جاری وایە خەڵکانی بێبارو بێوەفا لەبەرانبەر دابۆمەبەستی خراپ ئەو هەڵوێستە دەقۆزنەوە ئەوەش تاقی کردنەوەیە، وتراوە:ڕەسەن ڕێزتگرت شەرمەزار دەبێ بەڵام ناڕەسەن تابێ هاردەبێ)، چینیەکان دوای (٥٠٠٠) ساڵ لێکۆڵینەوە گەیشتنە ئەم حیکمەتە: (ئەوەی بەنەرمونیانی هەنگاو بنێت، زۆر دەڕوات)، باپیرانی ئێمەش جوانیان وتوە: بەتوندو تیژی کار ناچێتە سەر ...ماربەقسەی خۆش لەکون دێتە دەر(پەندی پێشینان)

### هۆکارەکانی توندوتیژی تایبەت بەمندالآن:

١) دوورکەوتنەوەلەمەنهەج و بەرنامەی ئیسلام.

٢) کاریگەری سلبی میدیاکان.

٣) هاوڕێی خراپ، بەتایبەت لەشوێنی کار.

٤) نەبونی سۆزو بەزەیی، بەتایبەت لەکاتی جیابونەوەی دایك و باوك ئەو کات دەکەوێتە لای کەسێ کە هەرگیز جێگەی دایك و باوکی ناگرێتەوە.

مامەڵەی سەلبی ماڵەوە، بەتایبەت کە ئێمەی کوردپەروەردەی توندوتیژ بوەتە بەشێکی کەلتورەکەمان، جائەو دایکەی منالەکەی بەکەوچکی چاداخ دەکات یان بەهەڕەشە ئەیترسێنێ هەڵەیە، پەروەردەی خراپ تەنها زیان لەخێزان نادات بەڵکو کۆمەڵگاش زیانی لێدەکەوێ وکاریگەری خراپی دەبێ بۆی چونکە ئەندامێکی لە دەست داوە، بۆیە ئیسلام زۆر گرنگی بەخێزان داوە کە بەردی بناغەی کۆمەڵگایە، ڕێکخراوەکانی مندالآن تائێستاش نەیان توانیوە چارەسەری کێشەکانی مندالآن بکەن، چونکە پاشکۆی حیزبن! کێ بەرپرسیارە لەمندالآنی دەست گێروسوالّ کەری سەر شەقام (مندالآنی کاروکۆلآن)؟ وە لەو منالآنەی کەلەخوێندن دا براون؟ ئەو مندالآنەی کەخاوەن پێداویستی تایبەتن؟ مندالآنی بێنازی بەتیم و پاشماوەی شەڕی ناوخۆ؟ تاکەی بێدەنگی؟ بۆچی کەس ئامادە نییە ئەو بەرپرسیاریەتیە بەکردەیی بگرێتە ئەستۆ؟ ڕێکخراوەکانی منالآن دەزگاکانی حکومەت، بەسە بۆ گەورەیی ئەم دینە کەنەیارانیشی دانیان بەوە داناوە کەئیسلام لەمامەڵەی ڕۆژانە نەرمونیانە (جۆن ئیسپۆزیتۆ)م. لەزانکۆی (جۆرج واشنتۆن) وتویەتی (ئیسلام ئاینی میهرەبانی و پێکەوەژیانەو دورەلە توندوتیژی).

# سیفەتەکانی بەندە چاکەکانی خودا لەقورئاندا

**حەیدەر مەحمود حەسەن**

هیچ لایەکمان شكو گومانمان لەوە نیە کەدروستکراوی خوداینو بەندەی ئەوین، وەك خودا ئاماژەی پێکردووە لەقورئانی پیرۆزدا کە دەفەرمووێ: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً) (النساء: ١) واتە: (ئەی خەڵکینە لەخەشمو ناڕەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن کە ئێوەی لەتاکە نەفسێك دروست کردووە، هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدی هێناوە لەو دووانە پیاوانو ژنانی زۆری خستۆتەوەو بلاَوکردەوە) ت: ئاسان.

یان کە دەفەرمووێ: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ) (الحجرات: ١٣) واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەك دروستکردووە (کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە). کەواتە خالقی جسمو لاشەو هەمووی مرۆڤایەتی تەنها خودایە، خودا حەزدەکات کەوا بەندەکانی بەگوێرەی پەیامو ڕێیە ڕاستەکەی بڕۆنو سەرپێچی نەکەن لەفەرمانەکانی، بۆیە لێرەوەش من بەباشم زانی لەسایەی ئەم مینبەرەوە هەندێ لەو سیفاتو خەسڵەتانەی کەخودای گەورە لەقورئانی پیرۆز باس کردووە لەسورەتی (الفرقان) کە دەفەرمووێ سیفەتی متەقیانو ئیماندارانە باس بکەمو شیکردنەوەیەکی بەئایەتو فەرموودە بیدەمێ لەگەڵ چەند بەسەرهاتێك لەبارەی بابەتەکەوە، ئەمانەی خوارەوە سیفەتەکانن کە لەهەر کەسێ بێتە جێ بێگومان لە بەندە چاکە خوازەکانی خودان:

١- خودای گەورە دەفەرمووێ: (وَعِبَادُ الرَّحْمَٰنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا) (الفرقان: ٦٣) واتە: بەندەکانی خوای میهرەبان ئەو کەسانەن کە زۆر بەهێمنیو سەلاری بەسەر زەویدا دەڕۆن، خۆ بەگەورە زانین یەکێکە لەو نەخۆشیە کوشندانەی کە ئەگەر هەر مرۆڤێك پێی گیرۆدە ببێت ئەوا ناچێتە بەهەشت ئەگەر تەوبە نەکاتو نەگەڕێتەوە وەك پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێ: (لا یدخل الجنة أحد في قلبه مثقال ذرة من كبر) رواه مسلم. واتە: خوای گەورە کەسێك ناخاتە بەهەشتەوە ئەگەر بەقەد میسقالە زەڕەیەك خۆ بەگەورە زانینی لەدڵیدا بێت.

بێگومان ئەمەش لەتاوانە گەورەکانە خودا پەنامان بدات، بۆیە سەرەڕای ئەمانەش خودا کەسی خۆ بەگەورەزانی خۆش ناوێ وەك دەفەرمووێ: (إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْتَكْبِرِينَ) (النحل: ٢٣) واتە: بەڕاستی ئەو زاتە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە لووت بەرزو خۆ بەگەورە دەنوێنن، جا بەڕاستی لەسەر موسڵمانان پێویستە کەوا لووت بەرز و خۆبەگەورە زان نەبن تا وەکو لەبەندە صالحەکانی خودای میهرەبان بن.

٢- خودای گەورە دەفەرمووێ: (وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا) الفرقان: ٦٣ واتە: کاتێکیش نەفامان بەقسە وقسەڵۆکی ناخۆش بەرەنگاریان دەبنەوە، لەوەڵامیاندا دەڵێن: سلاَو ڕەوشت بەرزی خۆیان دەنوێنن.

لەسەردەمی ئەمڕۆماندا ئێمە پێویستیەکی زۆر زۆرمان بە جێبەجێ کردنی ئەم ئایەتە هەیە، وەهەروەها گوێنەدان بەقسەی نەفامان و نەزانان یەکێکە لەسیفەتە بەندە چاکەکانی خودای گەورە، بۆیە دەگێڕنەوە کەوا ڕۆژێکیان ئیمامی ئەحمەد وتار دەخوێندەوەو ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد، لەناکاو کابرایەکی نەفامو جاهیلو خاوەن پلە هاتوو قسەی نابەجێ بەئیمامی ئەحمەد وت و لەپاشان ڕۆیشت، ئامادەبووان وتیان: قوربان تۆش بۆ قسەیەك ناکەیت و تا ئێمەش بچین لێی بدەین، ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: بەڕێزان دەبێ لێرە ئایەتی خودا تەتبیق بکەین کەدەفەرمووێ: (وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا) الفرقان:٦٣، بۆیە چاکە ئەم سیفەتەمان لێ بێتە جێ.

٣- خودای گەورە دەفەرمووێ: (وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا) الفرقان: ٦٤ واتە: ئەوانەی کە شەوگار بۆ پەروەردگاریان بەسوژدەو نوێژ دەبەنە سەر. یەکێك لەخەسڵەتە بەرزەکانی بەندە صالحەکان بریتیەلە شەونوێژ بەتایبەتی لەمانگی ڕەمەزان، فەچل وگەورەیی شەونوێژ زۆرن، بەڵام لێرەوە ئاماژە بەچەند ئایەتو




حەدیسێك دەكەین دەربارەی خێر وگەورەیی شەونوێژ، خودای گەورە ڕوونی كردۆتەوە ئەوانەی بەردەوامن لەسەر شەونوێژ چاكەكارنن وشایستەی خێرو میهرەبانی پەروەردگارن كە دەفەرمووێ: (إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ، آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَٰلِكَ مُحْسِنِينَ، كَانُوا قَلِيلًا مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ، وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ) الذاريات: ١٥-١٨ واتە: بەڕاستی پارێزگارانیش لەباخەكانو كانیاوەكانی بەهەشتدا ژیانی خۆش دەبەنەسەر، ئەو شتانەی كە پەروەردگار بۆی ئامادەكردوون پێیان دەبەخشێت، ئەوانیش بەخۆشی و شادیەوە وەریدەگرن، بەڕاستی ئەوانە پێشترو شادیەوە وەریدەگرن، بەڕاستی ئەوانە پێشتر لەدونیادا چاكەكارو چاكەخواز بوونە، لەشەوگاردا زۆر كەم دەخەوتنو ڕادەكشان) چونكە سەرگەرمی شەونوێژ ودەور كردنەوەی قورئان ویادی خوا بوون، لەبەرە بەیانەكانیشدا داوای لێخۆشبوونیان لەپەروەردگاریان دەكرد (تا لێیان ببورێت).

وە دەفەرمووێ: (وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَىٰ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا) الإسراء: ٧٩ واتە: لەبەشێكی شەوگاردا خۆت ماندوو بكە بەدەور كردنەوەی قورئانەوە لەشەونوێژدا كەزیادە ئەركێكە لەسەر تۆ ئەی پێغەمبەر، ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ ئەوەی پەروەردگارت بتخاتە شوێنو جێگەی بەرێزەوە كە تیایدا سوپاسكراو بیت) (ت/ئاسان)، ئەو فەرمانە هەرچەندە تایبەتە بەپێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) بەڵام سەرجەم موسڵمانانیش ئەو حوكمە ئەیان گرێتەوە، چونكە داوایان لێ كراوە لەكردەوەكانیاندا چاو لەپێغەمبەر بكەن (صلى الله عليه وسلم)، یان لێرەوە خوا بەئایەتەكانی شایەتییان بۆ ئەدات كە خاوەن باوەڕن دەفەرمووێ :(إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّدًا وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ، تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ، فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) السجدة: ١٥-١٧ واتە: (بەڕاستی تەنها ئەوانە بڕوا بەئایەتەكانی ئێمە دەهێنن، كاتێك یادەوەری دەكرێن پێی خێرا سوژدە دەبەن تەسبیحات و سوپاسگوزاری پەروەردگاریان دەكەن، لەكاتێكدا ئەوانە هیچ فیزیان نییەو خۆیان بەگەورە نازانن (ئەو ئیماندارە بەختەوەرانە) نێوانیان خۆش نییە لەگەڵ ڕاكشان لەجێگەو ڕێگەو ڕێگەی گەرمو نەرم (واتە بەنوێژ و خواپەرستی بەشێكی شەو دەبەنە سەر)، هەمیشە نزاو پاڕانەوەیان ڕوو بەپەروەردگاریانە لەخەشمو قینو دۆزەخی دەترسن، ئاواتی ڕەزامەندیو بەهەشتیان هەیەو لەڕزق وڕۆزی وتوانایی وزانیاریەی پێمان بەخشیوون دەبەخشن جا هیچ كەس لەو بەختەوەرانە نازانێت چی بۆ هەڵگیراوەو شاردراوەتەوە لەناز ونیعمەتی جۆراوجۆر لای پەروەردگاری، كەچاوان پێی گەش دەبنەوەو بەدیتنی شاد دەبن، لەپاداشتی كارو كردەوەی چاك وپاكیاندا كە ئەنجامیان داوە.

هەروەها لەهەندێ فەرموودەكانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەم شێوەیە هاتووە، عبدالله ی كوڕی سەلام (ڕەزای خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێ: یەكەم جار كەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتە ناو مەدینە خەڵك بەپەلە چوون بەپێرییەوە، منیش لەو كەسانە بووم، كاتێ باش سەرنجم لێدا بۆم دەركەوت ئەو ڕوخسارە درۆزن نییە، جا یەكم ووشە لێم بیست ئەوە بوو فەرمووی: (يا أيها الناس أفشوا السلام وأطعموا الطعام وصلوا الأرحام وصلوا بالليل والناس نيام تدخلوا الجنة بسلام) (رواه الحاكم وابن ماجه والترمذي وقال: حديث حسن صحيح. واتە: ئەی خەڵكینە كاتێ گەیشتن بەیەك سلاو بكەن ودەستی هەژاران بگرن وصیلەی ڕەحم بەجێ بگەیەنن وشەونوێژ بكەن كاتێ خەڵك لەخەودان، ئەچنە بەهەشتەوە بەسەلامەتی، یان لەفەرموودەیەكی تردا سەلمانی فارسی دەفەرمووێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: عليكم بقيام الليل فإنه دأب الصالحين قبلكم وهو قربة لكم إلى ربكم ومكفرة للسيئات ومنهاة عن الإث). واتە: شەو نوێژ بكەن چونكە شەو نوێژ پیشەی پیاوچاكانی پێش ئێوە بووە، بەهۆیەوە لەپەروەردگارتانەوە نزیك ئەبنەوەو ئەبێتە كەفارەتی گوناهەكانتان، یا سەبارەت بەهاندان بۆ شەونوێژی ڕەمەزان دەفەرمووێ: (عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: كان رسول الله (صلى الله عليه وسلم) يرغب في قيام رمضان من غير أن يأمرهم بعزيمة ويقول: "من قام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه فتوفى رسول الله صلى الله عليه وسلم والأمر على ذلك ثم كان الأمر كذلك في خلافة أبي بكر وصدرا من خلافة عمر بن الخطاب على ذلك") رواه البخاری واتە: ئەبو هريره (ڕەزای خوای لەسەر بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه سلم) هانی دەداین بۆ شەونوێژی ڕەمەزان بەبێ ئەوەی فەرمانیان پێبكات، دەیفەرموو: "هەركەس لەڕەمەزاندا بەبڕوای تەواو و بەهیوای پاداشتەوە شەونوێژ بكات، خوا لەگوناهە پێشوەكانی خۆش دەبێت" هەتا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) كۆچی دوایی كردو كار بەم شێوەیە بوو، لەسەردەمی ئەبوبكر و سەرەتای خەلافەتی عومەری كوڕی خەتاب (ڕەزای خوایان لەسەر بێت) هەر بەو شێوەیە بوو (مەبەست لەنوێژی تەراویحە)، خوێنەری بەڕێز ئەمە بەشێك بوو لەئەجرو خێرو پاداشتی شەونوێژو گەورەیی كە لەئایەت و فەرموودە هاتبوون كەواتە بەڕاستی فرسەتێكی گەورەیە كەببین بەیەكێك لەبەندە صاڵحەكانی پەروەردگار بەهۆی ئەم عیبادەتەوە.

تێبینی: سوودم لەچەند سەرچاوەیەك وەرگرتووە.

# با وەك ئاوێنە وابین

م. محمد مەلا محمود تاوگۆزی*



چەمکی (ئاوێنە) لە زۆرێك لە فەرمودەکانی حەزرەتی نازداردا (درودی خوای لەسەر بێت) هاتووە،و ئامۆژگاریو ڕێنمایی موسڵمانانو بڕواداران دەکات، بەوەی کە ئاوێنەی یەکتری بن، با لەم دەرفەتەدا هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو فەرمودانە بکەین و بزانین تا چەند ئەم (تەشبیهە) لێکچواندنەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە جێی خۆیەتیو لێکچواندنێکی مانا بەخشو تەواوە.

## ئەو فەرمودانەی کە تیایدا باسی چەمکی (ئاوێنە- مرآة) کراوە:

وەك باسمان کرد لە گەلێك فەرمودەدا چەمکی (ئاوێنە) ئاماژەی پێ دراوە، کە ئەمانەی خوارەوە ئەو دەقانە لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (المؤمن مرآة المؤمن). راوه السيوطى.

دووەم: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: ( المؤمن مرآة أخيه). رواه البخاري فى الأدب: ٤٩١٨، والبيهقي: ٧٦٤٥.

سێیەم: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (إن أحدكم مرآة أخيه، فإذا رأى به أذى فليمطه عنه). رواه السيوطى.

چوارەم: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (المؤمن مرآة المؤمن، المؤمن أخ المؤمن يكفّ عليه ضيعته ويحوط من ورائه). رواه البخاري فى الأدب، وأبوداود.

پێنجەم: پێغەمبەر (د درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (المسلم مرآة المسلم فإذا رأى به شيئاً فليأخذه).

هەموو ئەم فەرمودانە دەلالەت لە یەك شت دەکەن، ئەویش ئەوەیە موسڵمان دەبێت دڵسۆزو خەمخۆری برا دینیەکەی بێتو، کەم وکورتی وهەڵەکانی پێ پیشان بداتو چارەسەری بکات بۆی.

وە دەتوانین بە شێوەیەکی دیکە مانای فەرمودەکە (المؤمن مرآة المؤمن) لێك بدەیەنەوە، و بڵێین: بڕوادار ئاوێنەی (المؤمن)ـە، کە (المؤمن)ی دووەم یەکێکە لە ناوە پیرۆزەکانی خوای پەروەردگار، واتە مرۆڤی بڕوادار کاتێك لە دروست بوونی خۆی و پێکهاتەی جەستەی بیر دەکاتەوە، ئەوا دەسەڵات و توانای خوای پەروەردگاری وەبیر دێتەوە. هەروەك خوای مەزن خۆی دەفەرموێت: ﴿وفی أنفسکم أفلا تبصرون﴾. الذاريات: ٢٠.

## ئایا حیکمەت لە ئاوێنەدا چییە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئیماندارانی پێ شوبهاندووە؟:

ئاشکرایە یەکێك لە موعجیزە و تایبەتمەندییەکانی حەزرەت (درودی خوای لەسەر بێت) ئەوە بووە کە (جامع الكلم) بووە، واتە وشەکانی کەم و کورت و بچوك بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا مانا و مەبەستەکانی زۆر تێر و تەواو و فراوان بووە. هەر بۆیە لەم فەرمودانەیشیدا هەمان موعجیزەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، ودەرك بە ئاست بەرزی دەربڕین و گوزارشتەکانی دەکەین.

بۆیە دەبینین ئاوێنە هەموو ئەم سیفات و خەسڵەتە جوانانەی خوارەوەی لە خۆیدا حەشارداوە، هەر بۆیە دەبێت ئێمەیش ئاوێنە ئاسا لەگەڵ موسڵماناندا هەڵس وکەوت بکەین.

### خەسڵەتەکانی ئاوێنە:

١- ئاوێنە کاتێك دەچینە بەردەمی بەنهێنی و دوو بە دوو عەیبەو ناشیرینیەکانمان پێ دەڵێت، کەواتە دەبێت موسڵمانانیش ئاوێنە ئاسا بە نهێنی عەیبەکانی یەکتری دەست نیشان بکەن، نەك لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا، چونکە ئەو کاتە نەسیحەت دەبێتە فەزریحەت.

٢- ئاوێنە عەیبەکانمان پێ دەڵێ بە بێ هەست برینداکردن و شعور شکاندن، کەواتە موسڵمانایش دەبێت لە کاتی ئامۆژگاریدا هەستو شعوری یەکتر بریندار نەکەن.

٣- ئاوێنە بە تەنها عەیبە و ناشیرینییەکانمان پیشان نادات، بەڵکو لەگەڵ عەیبەکاندا جوانیەکانیشمان نیشان دەدات و نایشارێتەوە، کەواتە موسڵمانایش دەبێت بە ویژدان بن، بۆ عەیبەو خراپەو هەموو شتە جوانەکان نەشارنەوە.

٤- ئاوێنە لە هەڵوێستی خۆی ناگۆڕێت و لەسەر ئەرك و وەزیفەی خۆی سورە و تاکو عەیبەکان چارەسەر نەکرێن پاشەکشە ناکات و عەیبەکان هەر دەردەخات، کەواتە موسڵمانیش نابێ پاشەکشە لە قسەی حەق و دڵسۆزی بکات تاکو کەم و کورتیەکان چارەسەر نەکرێن.

٥- ئاوێنە سیفەتی عەدالەتو دادپەروەری تێدایە، جیاوازی نێوان هەژارو دەوڵەمەند وبەرپرس و پاشاو گەدا ناکات وکەم و کورتی ونوقسانیەکان بە هەموویان دەڵێت، کەواتە موسڵمانیش دەبێت نەترس و نەگۆڕ بێت و لەلای هەموو کەسێك ڕاستییەکان بدرکێنێتو، جیاکاریو چینایەتی نەکات.

٦- ئاوێنە حەقی هەموو شتێك (بە جوان و ناشیرینەوە) دەدات، واتە نە شت گەورە دەکات، وە نە بچوکیشی دەکاتەوە، بەڵکو بە قەبارەی خۆی جوانی وناشیرینەکان پیشان دەدات، کەواتە موسڵمانیش دەبێت دادگەر بێت وهیچ شتێك لە سنوری خۆی تێنەپەڕێنێت، نە گەورەی بکات وە نە بچوکیشی بکاتەوە.

٧- ئاوێنە چۆن بیت لەگەڵیدا، ئەویش بەشدارە لەگەڵتدا، ئەگەر بە دەمیەوە پێ بکەنی ئەویش پێدەکەنێت، وە ئەگەر خەمبار بیت ئەوا ئەویش خەمبارە لەگەڵتدا، کەواتە موسڵمانیش دەبێت لە خۆشی وناخۆشی یەکتردا بەشداربن.

٨- ئاوێنە قەت لەگەڵتدا ماندوو بێزار نابێت، تاکو لەلای بیت ئەویش لەلاتایە، کەواتە موسڵمانانیش نابێت لە یەکتری بێزار وبێ تاقەت بن.






٩- ئاوێنە بۆیە عەیبەکانت پێ دەڵێ بۆ ئەوەی چارەسەریان بکەیت، نەک بۆ شکاندن و توانج و تەشەر، کەواتە موسڵمانیش دەبێت بە نیەتی پاکەوە عەیبەکان بە برا دینییەکەی بڵێت نەک بە مەبەستی شکاندنەوەو تانەو تەشەر.

١٠- ئاوێنە ناسکە وزوو دەشکێت، بۆیە دەبێ بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، کەواتە موسڵمانیش دڵی ناسکە دەبێ بزانین چۆن هەڵس وکەوت لەگەڵ براکانمان دەکەین.

١١- ئاوێنە ئەگەر ئیتار وچوارچێوەیەکی نەبێت ئەوا مرۆڤ بریندار دەکات و ئەزیەتمان دەدات، کەواتە موسڵمانیش دەبێت چوارچێوە و سنورێکی هەبێت بۆ ئەوەی هەستی کەس بریندار نەکات و زیان بە کەس نەگەیەنێت.

١٢- ئاوێنە بۆ ئەوەی ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات دەبێت پاک وخاوێن وروون بێت، کەواتە موسڵمانیش دەبێت دڵی پاک وروون بێت.

١٣- ئاوێنە باسی ئەو کەسە دەکات کە روو بە رووە، وباسی کەسی نادیار ناکات، کەواتە موسڵمانیش دەبێت باس وغەیبەتی کەس نەکاتو قسە و ئامۆژگارییەکانی روو بە روو بێت نەک پاشملە.

١٤- ئاوێنە ئەگەر ژەنگن و خراپ بوو ئەوا کەڵکی نامێنێت و فڕێ دەدرێت، کەواتە ئەگەر کەسێکیش چاوەڕوانی خێر وچاکەی لێ نەدەکرا ئەوا دەبێت وەلای بنێین ولێی دوورکەوینەوە.

١٥- ئاوێنە ئەگەر پیس وعەیبدار بوو ئەوا لە پێشدا عەیبەکانی خۆی دەردەخات، نەک عەیبی ئەو کەسەی کە سەیری دەکات، کەواتە دەبێ موسڵمانیش لە پێشدا سەیری خۆی بکات وچاو بە خۆیدا بخشێنێت، پاشان عەیبی خەڵکی ئاشکرا بکات وبۆی باس بکات.

١٦- ئاوێنە کاتێک جوانی یاخود عەیبەی کەسێک پیشان دەدات منەت ناکات و دەستخۆشی وسوپاسی ناوێت و چاوەڕوانیشی ناکات، کەواتە موسڵمانیش دەبێت منەت نەکات و چاوەڕوانی سوپاس و دەستخۆشی نەبێت.

١٧- ئاوێنە تەنها عەیبە زاهیری و دیارەکان پیشان دەدات، وباسی پەنهانیەکان ناکات، کەواتە موسڵمانیش نابێ بە دوای نهێنییەکاندا بگەڕێت، و حەقی بەسەر ناخی مرۆڤەوە نەبێت.

١٨- ئاوێنە ئامۆژگاری کەسانی لوت بەرز و موتەکەبیر ناکات و نایان دوێنێت و جوانی ناشیرینیەکانیان پیشان نادات، چونکە نایەنە بەردەمی ئاوێنە و دان بە گەورەییدا نانێن، بۆیە بەردەوام عەیبەکانیان زیاتر وزۆرتر دەبێت، کەواتە موسڵمانیش دەبێت خۆی بە دوور بگرێت لە خۆ بەزلزانی و ئامادە بێت ئامۆژگاری هەموو کەسێک وەربگرێت، ئەگینا نازانێت عەیبە ونوقسانیەکانی چین وبەردەوامیش لە بچوکبوونەوەدا دەبێت.

١٩- ئاوێنە تاوەکو گەورە بێت شتی زیاتر وزۆرتر پیشان دەدات وسودیشی زیاترە، کەواتە موسڵمانیش دەبێ دڵو دەروونی فروان بێتو رەخنەی زیاتر قبوڵ بکاتو قسەی موسڵمانی دڵسۆز بە هەند وەربگرێت، بۆ ئەوەی جوانتر بێت.

٢٠- ئاوێنە کە دەچیتە بەردەمی زیکری خوات بیردەخاتەوە، وجوانی ورێکی لەش ولارت دەخاتە پێشچاو، هەروەک سونەتە لەبەر ئاوێنەدا ئەم زیکرە بخوێنرێت: (الحمد لله الذي خلقني فأحسن خلقي، وصوّرني فأحسن صورتي، وزان منّي ماشان به غيري، وأكرمني بالإسلام، اللهم حسّن خُلقي كما أحسنت خَلقي))، کەواتە دەبێت موسڵمانانیش بە بینینی یەکتری زیکری خوایان بیر بکەوێتەوە.

٢١- ئاوێنە عەیبی کەس لای خۆی ناهێڵێتەوە، کە خاوەنەکەی لەلای دەرچوو ئیتر باسی ناکات، کەواتە موسڵمانیش دەبێ عەیبەی کەس لای خۆی نەهێڵێتەوە ونەیداتەوە بەناوچاوانیدا.

٢٢- ئاوێنە قەبارەی جیاوازی هەیە، گەورە و بچوک، بازنەیی ولاکێشە وچوار گۆشەی هەیە، وهەریەکەیشیان سودی خۆی هەیە ورۆڵی خۆی دەبینێت، کەواتە موسڵمانانیش هەریەکە و تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئەرکی خۆیان بەجێدەگەیەنن.

٢٣- ئاوێنە کاتێک ئەم سودانەی هەیە و دڵسۆزی مرۆڤە کە بە زیو رووپۆش کرابێت و نرخەکەی گرانتر بێت لە شوشە، کەواتە موسڵمانیش دەبێت بە ڕەووشتی جوان و مامەڵەی باش نرخ وسەنگی خۆی قورس بکات.

٢٤- هەموو ئاوێنەیەک شتەکان وەکو خۆی پیشان نادات، بەڵکو هەندێک ئاوێنە هەیە ڕاستیەکان دەشێوێنێت، وەکو ئاوێنەی قۆقز، کەواتە هەموو ڕەخنەگر و نەنگۆیەک ڕاست ناکات ودڵسۆز نییە.

٢٥- ئەگەر ئاوێنەکە ڕەش یان هەر ڕەنگێکیتر بوو ئەوا شتەکان وەکو خۆی پیشان نادات، بەڵکو وێنەکە دەگۆڕێت، موسڵمانیش هەروایە، بۆ ئەوەی ڕاستیەکان وەکو خۆی پیشان بدات دەبێ بێ لایەن بێت.

٢٦- ئاوێنە ئەگەر شکا وپارچە پارچە بوو ئەوا هەر پارچەیە وسودی خۆی هەیە وشتێک هەر پیشان دەدات، موسڵمانیش بە هەمان شێوە بالە کۆمەڵگەدا پەراوێز خرابێت و بە کەم تەماشا بکرێت، ئەوا حەقیقەتێک هەر دەڵێ وسودێکی دەبێت.

٢٧- ئاوێنە هەموو خاوەن هەست و ژیرێک ڕێزی لێدەگرێت و دەیپارێزێت، موسڵمانیش بە هەمان شێوە ڕێز لێگیراو و بەنرخن لای خەڵکی.

٢٨- ئاوێنە بۆ هەموو زەمان وسەردەمێك و لەگەڵ هەموو کەسێکدا گونجاوە و هاوڕێ و خۆشەویستی لە نێوانیشیاندا هەیە، موسڵمانیش دەبێت ئاوا بێت و لەگەڵ خەڵکیدا مامەڵەی گونجاو بێت و مودارات بکات.

٢٩- ئاوێنە تەنها بە ئەندازەی خۆی شت پیشان دەداتو، زیاتری لەتوانادا نییە، کەواتە موسڵمانانیش بە ئەندازەی توانای خۆیان ئەرکیان پێ دەسپێررێتو زیاتریان لێ چاوەڕوان ناکرێت.

٣٠- ئەگەر ئاوێنە نەبێت سەیری خۆمانی پێ بکەین ئەوا قەلەقیو نائاسودەیی داماندەگرێت وبێ تاقەت دەبین، بەهەمان شێوە ئەگەر مرۆڤ هاوەڵێکی باش ودڵسۆزی نەبێت دڵنیایی پێ ببەخشێت ئەوا لەناو ناڕەحەتیو نائارامیدا دەژی.

٣١- ئاوێنە غەش و غەدر و فرت و فێڵ لە هیچ کەسێك ناکات، کەواتە موسڵمانیش نابێت ناپاکی لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکات.

ئەمانە گەلێك بوون لەسیفاتە جوانەکانی ئاوێنە، کە پێغەمبەری خۆشەویستمان (درودی خوای لەسەر بێت) ئێمەی موسڵمانی پێوە شوبهاندووە، بێگومان ئێوەی خوێنەریش هەموو ئەم حەقیقەتانەتان لا ڕوونە و دەیزانن، بەڵام دەبێت بە هەموومانەوە کار لەسەر بەرجەستە کردنیان بکەین لەسەر ئەرزی واقیعدا، و ببینە ئاوێنەیەکی ڕوون بۆ یەکتری.

سود وەرگیراوە لە:

١ـ المؤمن مرآة المؤمن، عبدالله العلوي، ئێلەتی: شبكة أهل البيت للأخلاق الإسلامية.
٢- وتاری هەینی (دکتۆر محمد راتب النابلسی)، لە بەرواری ١١/١٢/ ١٩٩٨.
٣ـ نوری ڕێ: نجم الدين فرج، لاپەڕە: ٤٤-٥١.

***وتارخوێنی مزگەوتی ئیمامی شافیعی- هەڵەبجەی تازە**

# مەلایەتیو هەموو شتەك..

## خوێندنەوەیەكی واقیعیانە

مەلا سامان فاتاوەیی

ئەگەر تەماشای مێژووی دێرینی میللەتەکەمان بکەینو ئاوڕێك لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە، ئەو حەقیقەتەمان بۆ پشت ڕاست دەبێتەوە کەوا مامۆستایانی ئایینی پێشەنگو قەشەنگی ئەم وڵاتە بوونە، وەك کاریزمایەك سەیریان کراوە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، هەر لە قازی پێشەواو سەرکردەمان مەلا بوونەو لەحوجرەدا تێگەیشتوونەو خۆیان پێگەیاندووە، پاشان هاتونەتە نێو کۆمەڵگە تاکو سوودبەخش بن بە میللەتو نیشتیمانەکەیان، یاخود جوانتر وایە بڵێم هەموو هێزو تواناکانیان وەگەڕخستووە تاکو میللەت لە جەهلو نەفامی ناحەزانو پیلان گێڕان ڕزگاری بێت.

بۆیە ئەگەر سەیری مێژووی نەتەوەکەی خۆمان بکەین (مەلایان) ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان هەبووە هەر بۆیە لە شۆڕشی ئەیلول (مەلا مستەفای بارزانی) زیاتر گرنگ بە تواناکانیان دەدات و دەیان کاتە قازی شۆڕش، سەرەڕای ئەمەش لە کوردستانی خۆمان غەیری حوجرەکان هیچ شوێنێك نەبووە وەك ئەم سەردەمە کەوا خەڵکان فێری خوێندەواری بکات یاخود کەسانێکی وەك (ناڵی ) و (مەحوی) ! بهێنێتە کایەوە.

### ڕۆڵی مامۆستایان لە ئێستاو ڕابردوودا

ئەگەر سەیری پێگەی مامۆستایانی ئایینی بکەین لەهەموو کاتو ساتێکدا ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەبووە، بۆ نموونە لە شۆڕشی ئەیلول مامۆستایان وەك پێشمەرگەیەکی ونو، لە ڕێگەی یەکێتی زانایان خەباتیان دەکرد تاکو میللەت ڕزگاری بێتو، لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆ مامۆستایانی ئایینی پەیامی ئاشتیو نەهێشتنی توندو تیژیان لەنێوان ڕیزەکانی ناوەخۆی کوردستان دەبینی. وە هەوڵی لێك نزیککردنەوەیان دەدا. لەسەردەمی ئەمڕۆشمان پاش ڕوخانی ڕۆژێم بەهەمان ڕۆحیەتەوە ئەم ڕۆڵەیان هەبووە، هەروەکو ئەوەشمان بینی کە لەدوای حەڤدەی شوباتەوە مامۆستایان هەڵگری ئاشتی و تەبایی بوون لەنێو گەلەکەمان وەك ناوبژیوانی کردنیش لەنێوان جەماوەرو دەسەڵات، دەسەڵاتو جەماوەر، وە داخوازی گەلیان لا هەموو شتێك بوو.

لە مەسەلەی توندو تیژی دژ بە ئافرەتان وهەوڵدان بۆ پتەوکردنی دەنگی کورد بەنێو جیهانی ئیسلامیدا یەکێکە لە دەستکەوتەکانی مامۆستایانی ئایینی، جگە لەمەش مامۆمستایانی ئایینی لەسەر مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان و ئاڵای کوردستان بەهەمان شێوە داکۆکیان کردووە، ئەمە نەك هەر لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی دەرەوەش.

ئەگەرچی ئەمڕۆ مامۆستایان لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەندێك ئەرکیان کەمتر بووە، ئەمەش بەهۆی فراوان بوونی کۆمەڵگاو درووست بوونی چین و توێژە جیاجیاکان وەك ئەوەی لە ڕابردوو ئەگەر ئافرەتێك کێشەی هەبا مامۆستای ئایینی هەڵدەستا بەچارەسەرکردنی، بەڵام ئەمڕۆ ئافرەتان ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەیە، یاخود بۆ مەسەلەی فێرکردن و فێربوون پێشان حوجرە هەبوو ئەمڕۆ زانکۆ هەیە قوتابخانە هەیە، بەڵام ئەمە مانای وانییە مامۆستایان دابنیشن بەتەمای ئەم لاو ئەولا لێی گەڕابن، بەڵکو لەپاڵ ئەوانیشدا مامۆستا هەوڵی باڵای خۆی داوە.

### مەلاو کۆمەڵگە:

سوپاس بۆخوا هەمیشە کۆمەڵگەی کوردی بەچاوی ڕێزو پێزانینەوە سەیری مەلایان کردووە، بۆیە بەهەموو شێوەیەك لەگەڵ مەلا بوونە، ئەگەر هەر کەسەو پلەو پایەکی گەورەشی هەبێت بەڵام مەلا پێگەی لەهەموو پلەوپایەیەك بەرزتربووە، ئەو جەماوەرەی مەلا هەیەتی هیچ کەسێك نیەتی، بۆیە ئەگەر سەیری مامۆستای قوتابخانە بکەین لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆیان بەڵام لەچاوی کۆمەڵگە تەنها لە قوتابخانە مامۆستایەو، دکتۆرو ئەندازیارێکیش بە هەمان شێوە، بەڵام مامۆستای ئایینی لە مزگەوت، بازاڕ، نەخۆشخانە، هەموو شوێنەکان هەر مامۆستاو مەلایە، ئەمەش حەقیقەتێکەو نکوڵی لێناکرێت، بەڵکو زیاتر لەوە مامۆستایانی ئایینی موڵکی خۆیان نین، موڵکی گەلو هەموو خەڵکن، بۆیە ناکرێت مامۆستایانی ئایینی بە موڵکی پارت و گروپێك بزانرێ، چونکە ئەگەر بەلایەنی لۆژیکەوە تێروانینی بۆ بکەین ئەو حەقیقەتەمان بۆ پشت ڕاست دەبێتەوە، بۆ نموونە: مامۆستایانی زانکۆ بەس موڵکی خۆی و قوتابیە، یاخود هونەرمەند بەس موڵکی خۆیو گوێگرەکەیەتی، یان ڕۆژنامەنووس موڵکی خۆیو ڕۆژنامە خوێنەرەکەیەتی، بەڵام مامۆستایانی ئایینی مامۆستای هونەرمەندە، دکتۆرە، قوتابیە، ئافرەتە، پەرلەمانتارە... بۆیە لەجێی خۆیەتی ئەگەر بڵێم مامۆستاو هەموو شتێك یان هەموو شتێكو مامۆستای ئایینی.



# لەرێورەسمی بەخاکسپاردنی (مامۆستا مەلا یونس ئەتروشی)دا سەرۆکی یەکێتی زانایان وتەیەکی پێشکەش کردو رۆڵی دیاری خوالێخۆشبووی بەرز نرخاند



رۆژی ٢٠١٢/١/٣ لەعەممانی پایتەختی ئوردن، بەهۆی نەخۆشییەوە (مامۆستا مەلا یونس عەلی موسا) ئەندامی لیژنەی راوێژکاری یەکێتی زانایانو، کەسایەتی ئایینی ناوداری دەڤەری شێخان کۆچی دوایی کرد.

لەمەراسیمێکی شایستەو پڕ شکۆ، رۆژی ٢٠١٢/١/٥ لە فرۆکەخانەی هەولێر، بەئامادەبوونی بەڕێزان مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکو، ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیو، لقی شێخانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانو، کەسایەتیو جەماوەرێکی بەرچاوی دەڤەری ناوبراو، لە کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ، پێشوازی لە تەرمی مامۆستای کۆچکردوو کرا.

ئەمەو ئێوارەی هەمان رۆژو، بە بەشداریو ئامادەبوونی سەرۆکو جێگری یەکێتی زانایانو، مامۆستایانی ئایینیو، بەڕێزان نوێنەرانی پارێزگای دهۆکو، قایمقامیەتی قەزای شێخانو، بەرپرسانی حکومیو حیزبیو، جەماوەرێکی بەرچاو، لە (گۆڕستانی قەزای شێخان)، مامۆستای خوا لێخۆشبوو، بەخاکسپێردرا.

لە وتەیەکیدا، لە مەراسیمەکە بەرێز سەرۆکی یەکێتی زانایان، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر رۆڵی بەرزی مامۆستای کۆچکردوو، تیشکی خستە سەر لێهاتووی مامۆستاو رۆڵی دیاری لەخزمەت کردنی پێکهاتەکانی دەڤەرەکەو جێدەستی بە گەورەو کاریگەر دیار کرد، هەروەها گوتیشی مامۆستا یەکێ بوو لەو کەسایەتیانەی کە هەمیشە پێشنیاری جوانی لە بارەی پێکەوە ژیان دەخستە ڕوو، هەروەك زۆر جار لە کۆبونەوەکان تەرحی جوانی دەداو ئێمە پاڵپشتیمان دەکردو فیعلەن توانی لەو بوارە نمونەیەکی جوانی برایەتیو پێکەوەژیانی نێو پێکهاتەکانی دەڤەری شێخان پیشان بدات، بۆیەشە ئێستا خەڵکی موسڵمانو مەسیحیو یەزیدی لەو مەراسیمە بەژدارنو هاوخەمی بە لەدەست دانی کەسایەتیەکی وەك مەلا یونس دەردەبڕن.

لەبەشێکی تری قسەکانی وتی: پێویستە زانایانی ئەو دەڤەرە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کەلیچنە بدەنو هاوشێوەی خزمەتە جوانەکانی مەلا یونس خزمەتی ئەو دەڤەرە بکەن.

دواتریش سەرۆکی یەکێتی زانایان سوپاسی جەماوەری شێخان بە موسڵمانو مەسیحیو ئێزیدییەوە کرد، لەسەر ئەوە پێشوازییە گەرمەی کە لە تەرمی (مامۆستا مەلا یونس ئەتروشی) ی خوا لێخۆشبوو کرا.

## بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا یونس ئەتروشی یەکێتی زانایان پرسەنامەیەك ئاراستەی خانەوادەکەی دەکات

مامۆستا مەلا یونس عەلی موسا راوێژکاری مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئەمشەو بە نەخۆشی لە عەمانی پایتەختی ئوردەن کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا پێشنوێژو وتارخوێنی عین سفنی شێخان بوو، هەروەها راوێژکاری مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بوو، هەروەها کەسێکی چالاکو کارای بواری پێکەوەژیانی ئایینی بوو لەو دەڤرەو، کە هەمیشە لە پێشەنگ بوو بۆ ئەوەی باشترین پەیوەندیو رێزو هاریکاری لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ناوچەکە هەبێت.

ناوبراو لە (١٩٦٣/٧/١) لەدایك بووەو، دوایی تووشی نەخۆشی بوو بە مەبستی چارەسەرکردنی سەردانی پایتەختی ئوردەنی کردبوو، بەڵام ئەمشەو (٢٠١٢/١/٣) کۆچی دوایی کرد، شایانی باسە بەپێی زانیارییەکانی سایتی زانایان تائێستاش تەرمی مامۆستا هەر لە ئوردەنەو هێشتا نەگەڕێندراوەتەوە کوردستان.

هەر لەو بارەوە مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی ناوبراو کرد، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

((يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً فَادْخُلِي فِي عِبَادِي وَادْخُلِي جَنَّتِي)).

بەرازیبوون بە قەدەری خوا، هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای بەرێزو خۆشەویستمان مامۆستا مەلا یونس عەلی موسا راوێژکاری مەکتەبی



تەنفیزی یەکێتی زانایان رادەگەیەنین، بەم بۆنەوە پرسەو سەرەخۆشی لە خۆمان دەکەین، هەروەها پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی تەواوی ئەندامانی خانەوادەو خزمو کەسو کارو دۆستو برادەرانی مامۆستای کۆچکردوو دەکەین، لە خوای گەورە دەپارێینەوە سەبووری و ئارامیمان پێبەخشێتو، مامۆستاش بخاتە ژێر رەحمەتی خۆیی و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

بەڕاستی وەفاتی مامۆستا کەلێنێکی گەورەیە بۆ دەڤەری شێخان، بەتایبەتی مامۆستا هەمیشە کەسێکی بە زەردەخەنەو ماندوونەناسو بەخشندە بوو، کەسێکی زۆر کاراو چالاکی بواری پێکەوەژیانیش بوو لەو دەڤەرە.

إنّا لله وإنّا إليه راجعون

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١٢/١/٣**

# کورتەیەك لە ژیاننامەی مامۆستا مەلا یونس ئەتروشی

مەلا محمد أحمد محمود*

زۆرن ئەوانەی کەوا هەموو ژیانیان لە خزمەتی ئایینو گەلّ و نەتەوەکەیان تەرخان دەکەن، و بە کۆچ کردنیشیان کەلێنێکی گەورە دروست دەکەن، بەڵام لە هەزرو بیری براکانیان هەر دەمێنن، یەکێ لەو بەرێزانە خوالێخۆشبوو (ملا یونس ئەتروشی) یە کە لە رۆژی ٢٠١٢/١/٣ بە نەخۆشی ماڵئاوایی لێی کردین...

ناوی تەواوی ( ملا یونس علي موسى ) یەو لەدایك بووی/١٩٦٣/١٠/١٧ لەناحیەی ئەتروش هاتوتە سەر دونیا،و خوێندنی سەرەتاییو ئامادەیی لە شاری موسل تەواوە کرد، وەدوایی خویندنی ئامادەیی دەستی بەخویندنی فەقیاتی کرد لەلای زانایی بەناوبانگی شاری موسل (ابراهيم النعمە)، وەدوایی تەواوکردنی خوێندنی فەقیاتی لە لای ناوبراو، دەستی کردووە بە کاری مەلایەتیو بوە بە وتارخوینی مزگەوتی حەمام عەلیل لە نزیك موسل، وەلەساڵی ١٩٩٢ بوو بە وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی قەزای شێخان تا کوچکردنی لەم مزگەوتە ماوەتەوە...

وەلەدوای رووخانی رژێمی بەعس ساڵی ٢٠٠٣ بە یەکجاری ماڵی خوی گواستەوە بۆ قەزای شیخان، وە لەبەر لێهاتووی و شارەزایی لە ٢٠٠٤/١٠/١٥ بەئەندامی لقی شێخانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەست نیشان کراوە...

خوالێخۆشبوو مەلا یونس رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە پێکەوە ژیانی ئایینیو نەتەوەیی لە دەڤەری شێخانو، رێگر بو لەوەی کێشە لە نیوان پێکهاتە جیاجیاکانی قەزای شێخان دروست ببی، بۆیە هەر کاتێك هەستی بە کێشە و گرفتێك کردبا وەك کەسێکی بروسك ئاسا هەولی چارەسەر کردنی دەدا،و هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٨ وەك سەروکی جڤاتی روسپی لەسەنتەری قەزای شێخان دەست نیشان کرا، کە ئەم ئەنجومەنە پێکهاتوە لە موسلمان و یەزیدی ومەسیحی، و بەو پەری لە خۆ بوردەییەوە کارەکانی ئەم ئەنجومەنەی رادەپەراند...

وە لە بەرواری ٢١ /٢٠١٠/١١ وەك ئەندامی لێژنەی راوێژکاری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەست نیشان کرا ...

وەلەرۆژی دوو شممە رێکەوتی ٢٠١٢/١/٢ بۆ چارەسەری نەخوشی بەرەو عومانی پایتەختی ئوردن چوو، بەڵام قەدەر وەی نەکرد چارەسەری خۆی ئەنجام بداتو، لەشەوی ٢٠١٢/١/٣ کۆچی دوای کرد، وەلەرۆژی پێنچ شەممە رێکەوتی ٢٠١٢/١/٥ تەرمی خوالێخوشبوو گواستراوە لە عومانی پایتەختی ئوردن بۆ هەریمی کورستان، و لە مەراسیمێکی شایستە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی ئاینیو پێکهاتە جیا جیاکانی قەزای شێخان بە خاك سپێردرا...

*** بەرپرسی لقی شێخانی یەکێتی زانایان**



**مامۆستای رەحمەتی لەکاتی جەژنە پیرۆزەی منداڵە یەزیدییەکان**

# تکایە چیتر ئازارمان مەدەن



مه لا زیادحسن ئاژگەیی*

بەڕێزان وەك ئاگادارین لەرۆژی هەینی ٢٠١١/١٢/٢ چەند پشێویەكو ڕووداوی نەخوازراو ناوچەكانی زاخۆو بادینانی گرتەوە دیار بوو زۆر شیكردنەوەی جیاجیای بۆ كراو گوترا.

لەهەموو راجیاوازەكان گەرمتر تۆمەتباركردنی زانایانی ئایینی بوو، كە گوایە خەڵكیان هانداوە بۆ ئەو ڕووداوانە.

بەڵێ ئەم جارەش تاوانباركردنی مامۆستایانی ئایینی بووە بنێشتە خۆشەی سەر زاری هەندێك لە بەرپرسان لە گەورەوە بۆ بچوك، بێ ئەوەی چاوەڕوانی ڕوونكردنەوە بن. زانایان هەوڵیان دابوو بارو دۆخەكە هێور بكەنەوە، بەڵام بەداخەوە بەرپرسانێك بە هەڵە تێگەیشتبوون.

مامۆستایانی ئایینی زۆر ئازاری دەروونی دراین، زۆر بێ ویژدانانە باس كراین، هەر وەكو بەڕێز سەرنوسەری گۆڤارەكەمان پەیامی زانایان لە گۆزەی ژمارەی رابردو نوسیبووی: بەڵێ هەر لەم سەرو بەندەش بەرێز وەزیری ئەوقاف بانگ كرا بۆ پەرلەمان هەرچەندە گوتیان بانگ كردنەكە ئاساییەو بەرنامەیە، بەڵام ئەوەی تێبینیمان كرد، دیسان هەندێ لە پرسیارەكانی ئەندامان جگە لە ئازاردانی دەروونی بۆ مامۆستایانی ئایینی هیچیتر نەبوون. باس لە لیژنەی فەتوا كرا، گوایە كێشەكان زیاترەكا. زۆر بەداخەوە كە ئەمە دوورە لە لێژنەكە هەر كەسە ئازادە با سەیری كاروچالاكی ئەو لیژنە بەرێزە بكات ئینجا بریار بدات، مانگیش لەچواردە شەوی ئاماژە بۆ كردنی ناوێت.

پرسیارێكیتر ئایە ئیجرائات چیە بۆ مارە بڕینی دەرەدەی دادگا، بەڕێزان كاتێك زانایان پرۆژەی رێگەپێدراوی شەرعی ئامادە كردو، ناردی بۆ پەرلەمان بۆ نەتان كرد بە یاسا؟؟!! ئامادەنەبون هەر موناقەشەشی لەسەر بكەن و یەكسەر ڕەتتان كردەوەو، ئێستاش پرسیار دەكەن –دیارە لەم سەردەمە شتەكان زۆر زوو لە یاد دەكرێن– خۆ ئەگەر ببا بە یاسا بۆ هەموولایەكمان باش دەبوو– بۆیە چیتر بە هەڵە لێمان تێمەگەن و ئازارمان مەدەن ئەوەتە لە رۆژی ٢٠١١/١٢/٢٥ز دوای (٢٣) رۆژ لێژنەكەی سەرۆكایەتی هەرێم ڕوونكردنەوەكەی خۆی دا لە بارەی ڕووداوو بار گرژیەكانی زاخۆو بادینان، سوپاس بۆ خوا كە هیچ ئاماژەیەكی بچوكیشی تێدانیە بۆ سەر مامۆستایانی ئایینیو تاوانباركردنیان، كە واتە با گوللە بۆ تاریكی نە هاوێژین چونكە ئامانجەكەی ناپێكێ هەر وەكو ئەم جارە نەیپێكا.!!

لەكۆتایشدا دەڵێین لە داهاتوش بیر لە پێكانی مامۆستایانی ئایینی مەكەنەوە، گوڵی بۆن خۆش بن مەبنە دڕك و دار ئازارمان مەدەن.

* پێش نوێژو وتارخوێن گوندی ماوەران.





# چەند چالاكییەكی لقی سلێمانی یەكێتی زانایان




بەشی ڕاگەیاندن– چالاكی لق/ ڕۆژی ٢٠١٢/١/٤ بەمەبەستی پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی كەناڵی ئاسمانی (كوردسات) وەفدێكی لقی سلێمانی كە پێكهاتبوون لە بەڕێزان م.نجم الدین قادر لێپرسراوی لق و م.كریم و م.عباس و م.محمد كارگێڕانی لق سەردانی كەناڵەكەیان كرد شایەنی باسە زۆر بە خۆشحاڵیەوە پێشوازیان كردین و بەخێرهاتنیان كردین،پاشان سوپاسی خۆیان ئاراستەی یەكێتی زانایان بەگشتی و لقی سلێمانی بە تایبەتی كردو هەوڵ و كۆششەكانی زانایانیان بەرزنرخاند بەتایبەت كە لە مانگی ڕەمەزاندا زانایان لە خۆبردوانە بەدەم كەناڵەكەوە چوون و هیوای سەركەوتن و زیاتر خزمەتیان لە زانایان خواست لە بەرانبەردا مامۆستا نجم الدین سوپاسی بێ پایانی كەناڵەكەیان كردوو دەست خۆشی لێ كردن و هیوای خواست كە كەناڵەكیان زیادتر بەرە و پێش بچێت و برەوی زیاتر بدات بە بەرنامەی ئاینی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و لایەنە پێویستییەكانی گەلەكەمان وەك گەلێكی موسڵمان. لە كۆتایدا بەڕێزەوە بەڕێكراین.

هەرهەمان ڕۆژپاش نیوەڕۆكەی هەمان وەفد سەردانی ماڵی بەڕێز جەنابی مامۆستا ملا بهاءالدین لێپرسراوی پێشوی لقی (شارەزور) یان كرد بەمەبەستی بەسەر كردنەوەی بەڕێزیان بەبۆنەی نەخۆشی یەوە دوای بە خێرهاتن لەلایەن بەڕێز مامۆستا بهاءالدینە وە بەخۆشحاڵییەوە مامۆستا نجم الدین و وەفدی هاوڕێی هیوای چاك بوونەوەیان بۆ خواست وە داوای شیفایان لە خوای گەورە كرد بۆیان.

# بەرپرسێ لقێ دهوكێ بەرێز د گەل سەروكێ هەرێمێ كوم دبیت




**ڕاگەهاندنا لقێ دهوك:** ل ڕوژا ئێك شەمبی رێكەفتی ١٨ /٢٠١١/١٢ بەرپرسێ لقێ دهوكێ یێ ئێكەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ بەرێز (ملا انس ملا محمد شریف) دگەل سەروكێ هەرێما كوردستانێ بەرێز (مسعود بارزانی) كومدبیت، ئەڤ كومبونە ل سەر فەرمانا جەنابێ سەروكی لجنەیەكا تایبەت هاتبو دروست كرن ژبو ڤەكولینا بویەرێن دەڤەرا بادینان، و بەرێز (ملا انس محمد شریف) سەروكێ ئێكەتیا زانایان ل دهوكێ ئەندامێ ڤێ لژنێ بویە ، و بشتی كارێ وان بداوی هاتی و كومبونەك دگەل سەروك بارزانی هاتە ڤەكرن، ئو تێدا ڕاپورتەكا بتێرو تەسەل ل سەربابەتی هاتە پێشكێش كرن بو جەنابێ سەروكێ هەرێمێ، هەژیە بێژین ڤێ ڕاپورتێ چەند ڕاسپاردە بخوڤە گرتبون، كو د بەرژەوەندیا خەلكێ مەدابون، ل دوماهیێ جەنابێ سەروكی تأكید ل سەر پاراستنا كیانێ پێكڤە ژیانێ كر ، وسوپاسیا سەروك و ئەندامێن لژنێ كر ل سەر كارێ وان.

# بەڕێوەبەری ڕادیۆی ( دەنگی زانایان ): بەمەبەستی فراوانكردنی پەخش فریكوێنسی ڕادیۆ بۆ ٩٠،٣ دەگۆڕین

لە هەوڵێكدا بۆ فراوانكردنو چاكتركردنی پەخشی ڕادیۆی (دەنگی زانایان)ی زمانحاڵی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستانو، دوای داوای زۆری گوێگران بۆ گۆڕینی فریكوێنس، بە هۆی تێكەڵبوونی لەگەڵ فریكوێنسی ڕادیۆی دیكە، لە ئێستادا بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕادیۆ، دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، لە هەوڵی جێگیركردنی لەرەلەری ڕادیۆی ناوبراوە، لەسەر فریكوێنسێكی تایبەت.

لەم بارەوە بەڕێز مامۆستا مەلا تەیب زیارەتی بەڕێوەبەری ڕادیۆی (دەنگی زانایان) بە (سایتی زانایان)ی ڕاگەیاند: سوپاس بۆ خوا دوای هەوڵێكی زۆر توانرا پەخشی ڕادیۆكەمان لە جاران فراوانتر بكرێو، زۆربەی قەزاو ناحیەكانی شاری هەولێر بگرێتەوەو، بۆ ئەوەی بیسەرانمان بێ گرفتو بە سانایی بتوانن گوێ بیستی بەرنامەكانمان بن، ئاگاداری گوێگرانی خۆشەویستی ڕادیۆ دەكەینەوە، كە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پەخشی ڕادیۆی (دەنگی زانایان) لەسەر فریكوێنسی ١٠٢،٧ نامێنێتو، دەگوازرێتەوە بۆ ٩٠،٣ و بەڵێنی ئەوە بۆ بیسەرانمان دوپاتدەكەینەوە بە پشتیوانی خوای گەورە، پاشان بە هاوكاری هەموولایەك بەجوانترینو نایابترین بەرنامەو پرۆگرام لە خزمەت پەیامی بەرزی ئایینی پیرۆزی ئیسلامو، ڕەوشتی ڕەسەنی كوردایەتی دا دەبین.

# ناوچەی سید صادقی یەكێتی زانایان یاداشتێك پێشكەش بە دامو دەزگاكانی سنوورەكەی دەكات

دوای ئەوەی لەكۆبونەوەی گشتی ناوچەی سیدصادقی یەكێتی زانایان بڕیار درا بە ئاراستەكردنی یاداشتێك بە كاربەدەستانی ئیداری قەزای( سیدصادق) بەهۆی ڕودانی چەند ڕوداوێكی ناخۆش ونەخوازراوەوە وەك(ڕفاندن ومندالّ فرێدان و ڕوت كردنەوەی خەڵكی وەلگرتنی ئافرەت ).

ڕۆژی یەك شەممە بەرواری (٢٠١٢/١/٨)وەفدێكی زانایان سەردانی هەریەك لە(قائیمقامی قەزای سیدصادق و بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی قەزای سیدصادق و معاونییەتی ئاسایشی قەزای سیدصادق) یان كرد بەمەبەستی پێشكەش كردنی یاداشتی نارەوایی سەبارەت بە ڕووداوگەلێك كەلە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕویاندا لە قەزای (سیدصادق) ،ئەمەو وەفدەكە لەلایەن هەرسێ دەزگا ئیداری وحوكمییە كانەوە بەگەرمی پێشوازی لێكراو بەگرنگەوە یاداشتەكەی لێوەرگیراو بەبایەخەوە ڕۆڵی زانایانیان نرخاند لە چارەسەركردنی گرفتەكاندا وەبەڵێنی جێ بەجێ كردنی ناوەڕۆكی یاداشتەكەیان دا.

دەقی یاداشت نامەكە:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بۆبەڕێزان:

١– قائیمقامی قەزای سیدصادق

٢–بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی قەزای سیدصادق

٣–معاونییەتی ئاسایشی قەزای سیدصادق

بابەت / یاداشت

ئێمەوەك زانایانی سنووری قەزای سیدصادق وێڕای سوپاس و دەست خۆشی بۆگرتن و بەیاساگەیاندنی هەموو ئەوكەسانەی كەسەرپێچی یاسادەكەن وئاسایشی هاوڵاتی دەشێوێنن لەم ڕوانگەیەوە ئێمە بەئەركی خۆمانی دەزانین كەبەڕێزتان وهەموولایەك لەچەند ڕاستی یەك ئاگاداربكینەوە:

١–جەخت كردنەوە لەو ڕاستییەی هەركەس سەرپێچی یاسای كردو مەترسی بۆئاسایشی تاك دروست بكات كەبە توندترین شێوە سزابدرێ وناسنامەی ئاشكرابكرێ و ڕوخساری پێنیشان بدرێ ئەمەش دوای سەلماندنی تاوانەكەی.

٢–دەنگ وباسی چەند ڕۆژی ڕابردووی قەزای سیدصادق هەموو لایەكی نیگەران كردوەوجۆرێ لە ترس و دڵەڕاوكێ وحاڵەتی نەفسی لەدەروونی منداڵان وئافرەتانی شارەكەماندا دروست كردووە بۆیە ئەركی بەڕێزتانە كە ئارامی و دڵنیایی بگێڕنەوە بۆ هاولاتیان ونەهێڵن كەسانی غەریب ونامۆ ئاسایشی شاربشێوێنن.

٣–ڕوداو گەلێكی چەند ڕۆژی ڕابردوو سومعەوشەخصیەتی شاری سیدصادقی لەكەدار كردوە بۆیە داواكارین لەبەڕێزتان حەكیمانەتر و لێزانانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردە نەشیاوو قێزەونانەدا بكەن.

لەكۆتایدا داواكارین لەگشت هاوڵاتیان وهەموبەرپرسە ئیداریو حیزبیەكان وسەنتەر ورێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی كەلەئاستی بەرپرسیاری ئەخلاقی هاوڵاتیانی شارەكەماندابن وهاوكاربن لەبن بڕ كردنی هەموودیارە ناشیرین وقێزەونەكان .

لەگەڵ سوپاس وڕێزماندا

**ناوچەی سیدصادقی**
**یەكێتی زانایانی ئاینی**
**ئیسلامی كوردستان**

# لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان مامۆستایانی ئاینی سنورەکەی بەسەردەکاتەوە




**دانا مـەلا حەمەئـەمین – گـەرمیان:** بەمەبەستی زیاتر توندوتۆڵ کردنی پەیوەندی نێوان یەکێتی زانایان و ئەندامانی و، گوێ گرتن لە بۆچوون و پێشنیارو داواکاری زانایانی ئاینی لەسنورەکە، سەرلە ئێوارەی رۆژی شەممە بەرواری ٢٠١٢/١/٧ شاندێکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و لێپرسراوی لق و، مامۆستا مەلا ئیدریس ژاڵەیی بەرپرسی راگەیاندنی لق، لە دوو سەردانی جیادا سەردانی دوو زانای ئاینی شاری کەلاریان کرد.

سەرەتا سەردانی مامۆستا مەلا علی محمد خان پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی قازی محمدیان کردو، پاشان لە گەڕەکی ئەندازیارانی شاری کەلار، شاندی ناوبراو سەردانی مامۆستا مەلا ئاکۆ محمد عبداللە ی پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی ئەندازیارانیان کرد.

ئەمەو لەو بەسەرکردنەوانەدا شاندی لق لە حاڵ و گوزەرانی مامۆستایانی ئاینی یان کۆڵی یەوە و، ئومێدی سەربەرزی و سەرکەوتنیان بۆ خواستن لە خوای گەورە و، پشتیوانی و پشتگیری یەکێتی زانایانیان بۆ دووپاتکردنەوە و گوێبیستی قسەکانیان بوون.

لە بەرامبەریشدا هەریەکە لە مامۆستایانی بەڕێز مامۆستا مەلا علی محمد خان و مامۆستا مەلا ئاکۆ محمد عبداللە خۆشحاڵی خۆیان بۆ بەسەرکردنەوەی شاندی زانایان دەربری.

# ناوچەی یەکێتی زانایانی خەلیفان بە هاوکاری سەنتەری زانایان سیمینارێك بۆ مامۆستا مەلا مەحمود گەلالی سازدەکات




راگەیاندنی لقی سۆران: بەمەبەستی زیاتر ئاشنابونی مامۆستایانی ئاینی بەبوارە جیاجیاکانی فیقهی و، چۆنیەتی و سەرچاوەو ئامانجەکانی دروستبوونی مەزهەبەکانی ئیسلام، سەرلەبەیانی ٢٠١٢/١/٥ ناوچەی خەلیفانی زانایان بەهاوکاری وهەماهەنگی سەنتەری زانایان بۆرۆشنبیری ئاینی، لە ژێر ناونیشانی:(مێژووی دروستبونی مەزهەبەکان وکاریگەری رای جیاواز لە بوارە فقهیەکان ) سیمینارێکی بۆ مامۆستا مەلا مەحمود گەلالی پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەلالە لە سۆران و، شارەزا لەبواری فیقهی، لە بارەگای ناوچەی خەلیفان سازکرد، کەتیایدا ژمارەیەکی بەرچاوی زانایانی ئاینی سنورەکە بەژداریانکرد.

ئەمەو لە سمینارەکەدا دوای ئەوەی بەڕێز مامۆستا مەحمود گەلالی بەکورتی ئاماژەی بەسەرهەڵدان وچۆنیەتی دروستبوونی مەزهەبەکاندا، بە وردی تیشکی خستە سەرلایەنە گرنگەکانی هەبوونی رای جیاواز لەنێوان زانایانی ئیسلام و، چۆنیەتی مامەڵەکردنی مرۆڤی موسڵمان لەتەك مەزهەبەکان و، دورکەوتنەوە لەبیرۆکەی تەکفیرو مەترسیەکانی.

هەر لە درێژەی بابەتەکەیدا، بەڕێزیان پێناسەی بیدعەو، جۆرەکانی بۆ ئامادەبوان رونکردەوەو، ئەوەشی خستەڕوو کە ئەمرۆ شەپۆلێکی تەکفیری و سەرهەڵدانی جۆرێك لە سەرلێشێواندن لە رووی عەقیدەو هەندێ لە بابەتە فیقهیەکان رووبەرووی موسڵمانان بۆتەوە، کە دەبێ زۆر وردبینانە لە گەل مەسەلە عەقائدی وبابەتە فتواییەکان بجولێینەوە .

دواتر سمینارەکە بە کۆمەڵێك سەرنج وپرسیار کۆتایی هاتو، بووە جێگەی دلخۆشی ئامادەبوان

# لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایان مامۆستایانی دەڤەری سەرکەند بەسەر دەکاتەوە

راگەیاندنی لقی شەقڵاوە: سەرلە بەیانی رۆژی پێنجشەممە ٢٠١١/١٢/٢٩ شاندێکی باڵای لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایان، کە پێکهاتبو لە بەڕێزان بەرپرسی لقو ژمارەیەك لە کارگێڕانی لق، بە مەبەستی لە نزیکەوە گوێبیستبوون لە پێشنیازو راوسەرنجەکانیان، هەروەها وەك وێستگەیەك بۆ تۆکمەکردنی نێومالّی زانایان، سەردانی هەریەك لە بەڕێزان: مامۆستا مەلا علی سەرکەندیو، مامۆستا مەلا خورشید قوبەییو، مامۆستا مەلا تانجۆی ئازەرانو، ماڵی کەسایەتی ناوچەکە (فرحان ئاغا) ی ئازەرانی دەڤەری سەرکەندیان کرد.

# لە ٦ مانگی ڕابردوودا لیژنەی فەتوای هەولێری یەکێتی زانایان زیاتر ٧٥٠ کێشەی جۆراوجۆری یەکلاییکردۆتەوە

**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: مەعروف مەلا عەولا ڕوستایی/**

لیژنەی فەتوای لقی هەولێری یەکێتی زانایان، کە هەموو ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە لەبارەگای لق، لە مزگەوتی (صواف) دانیشتنی خۆی بەڕێوەدەباتو، خەڵکانێکی زۆر بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان لەڕێگای شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامو، وەرگرتنی وەڵامی شەرعیو پێویست لەسەر بابەتو پرسیارە شەرعیەکان سەردانی ئەم لیژنەیە دەکەن.

بەرپرسی لیژنەی فەتوای هەولێر بەڕێز مامۆستا مەلا ئەنوەر سێبیرانی، بە نوسراوێك لە بەرواری ٢٠١٢/١/٢ بەسایتی زانایانی ڕاگەیاند: ئاماری کارو چالاکییەکانی لیژنەی فەتوای هەولێر لە ٦ مانگی ڕابردوو، واتە (٢٠١١/٦/١ تاکو ٢٠١١/١٢/٣١) زایینی بەم شێوەی خوارەوە بووە:

١- ( ١١٥) کێشەی تەڵاق خواردن .
٢- (٥٠) تەلاقدان، کە نووسراو کراوە بۆ دادگای هەولێر .
٣- (٩٠) کێشەی خولع .
٤- (٩٠) کێشەی دووبارەکردنەوەی مارەبڕین .
٥- (١٠٠) کێشەی زیهار .
٦- (٦٠) کێشەی میرات .
٧- (٧٠) پرسیار دەربارەی کێشەی کرینو فرۆشتن
٨- (٥٥) پرسیار دەربارەی سولفەی خانووبەرە .
٩- (٣٠) کێشەی شیر خواردن .
١٠- (٤٥) پرسیار دەربارەی کرین سەیارە بەقیست .
١١- (٥٠) پرسیار کرینی سەیارە لەکۆمپانیایەکان بەقەرزو زیاد .
١٢- (٥) کەس لە بەرامبەر لیژنەی فەتوای هەولێر موسڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاندووە .

بەم پێیە کۆی ئەم کێشەو داواکارییانەی کە لە لێژنەی نابراو یەکلاییکراوەتەوە گەیشتۆتە ٧٦٠داواکاریو، هەریەکەیان دوای بەدواداچوونو گرتنەبەری رێکاری شەرعی چارەسەرو رێوشوێنی تایبەتی خۆی بۆکراوە.

# کەلار: لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان بەشداری لە ئاشتەواییێکدا دەکات

**دانا مەلا حەمەئەمین – گەرمیان:**

کات ژمێر ١ی دوانیوەڕۆی رۆژی شەممە بەرواری ٢٠١١/١٢/٣١ بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومی و حزبی و رێکخراوەکان و زۆرێك لە کەسایەتی و پیاوماقوڵان و سەرۆك عەشیرەتەکانی سنورەکەو، لە هۆڵی بۆنەکانی مزگەوتی سەردار بەگی جاف لە قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، بەڕێز مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بەشداری کرد لە ئاشتەوایی شەهید ملازم عمر چاورەش.

ئەمەو سەرەتای مەراسیمەکە بە خویندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکردو، پاشان وتاری هەردوو بنەماڵەی پەیوەندیدار خویندرایەوەو، بە بەخشین و عەفوکردن مەراسیمی ئاشتەواییەکە کۆتایی پی هات.

# بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی زانایانی دەڤەری بەڕانەتی دەکات




**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: مەعروف مەلا عەولا روستایی:** سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٢/١/٥ شێخ نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان ئایینی ئیسلامی کوردستان، بەیاوەری مامۆستا مەلا عمر محی الدین کارگێری لقو، مامۆستا مەلا مەعروف روستاییو، مەلا محمد صباح روستایی ئەندامانی لق، سەردانی ناوچەی بەڕانەتی یەکێتی زانایانیان کردو، لەلایەن بەڕێز مامۆستا مەلا سەید یاسین خدر بەرپرسی ناوچەی بەڕانەتیو کارگێڕانو ئەندامانی ناوچە، پێشوازیەکی گەرمیان لێ کرا.

ئەمەو بەڕێز بەرپرسی لقی هەولێر، لە بارەگای ناوچەی بەڕانەتی یەکێتی زانایان لە شارۆچکەی بەحرکە، بە مەبەستی تاوتوێ کردنو هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانایانی ئایینیو، ئاڕاستەکردنی پێشنیارو ڕێنمایی هەنوکەیی بۆ مامۆستایانو، لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی ژیانو گوزەرانیانو، گوێگرتن لە پێشنیارو داخوازیو گیروگرفتەکانیان لە بەڕێوەبردنی کاری پیشەییو، لە ڕیزی یەکێتی زانایانیشەوە، لەگەڵ سەرجەم زانایانی ئایینی سنوری ناوچەی ناوبراو کۆبووەوە.

لەوتەیەکیدا بەڕێز شێخ نیاز دێگەیی پشتیوانیو ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هەموو ئەو داواکاریو پێشنیارانەی کەدەیانەوێت جێ بەجێ بکرێت، هەروەها داوایکرد کە زانایان پابەندبن بەڕێنماییو ڕێڕەوی یەکێتی زانایان.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا گوتی: پێویستە هەموو لایەك بە هەستی بەرپرسیاریەتی ئایینیو، نەتەوەیی هەڵسوکەوت بکەین لەگەڵ قوناغی ئێستای هەرێمەکەمان، بەتایبەتی لە وتارەکانی رۆژانی هەینی، کە پێویستە زیاتر جەخت بکرێتەوە لەسەر پاراستنی رۆحی ئایینیو، نەتەوەییمان لە کوردستان.

# لە زنجیرە چاڵاکییێکدا لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان لە ئاشتەواییەك بەشدار دەبێتو سەردانی بارەگای مەکۆی گۆڕان دەکاتو پێشوازی لە شاندێکی ڕێکخراوی یەکێتی لاوان دەکات

ڕاگەیاندنی لقی چەمچەماڵ: ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٢/١/٣، شاندێکی لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان، کە پێکهاتبوو لە مامۆستا شێخ وەهاب لێپرسراوی لق و، مامۆستا مەلا عەزیزو، مامۆستا مەلا سامان، بەشداریکرد لە ڕێوڕەسمێکی ئاشتەوایی نێوان هەردوو بنەماڵەی (لەتیف قەرەتامۆری) و (عمر بنگردی) کە ماوەیەکی زۆر کێشە لە نێوانیاندا هەبوو.

ئەمەو بە هەوڵ و هیمەتی زانایان و کەسایەتیە دڵسۆزەکانی سنورەکە ڕێککەوتن و کۆتایی هات بەناکۆکییەکانو، هەر دوو بنەماڵە دەستیان لە مل یەك کرد و گەردنی یەکتریان ئازاد کرد .

لە لایەکی دیکەوەو، لە ڕۆژی چوار شەممە ٢٠١٢/١/٤، هەر یەك لە بەڕێزان مامۆستا چیا نازم و، مامۆستا ژیلوان لە ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان سەردانی بارەگای لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایانیان کردو، لەلایەن بەڕێزان مامۆستا مەلا وەهاب لێپرسراوی لق و، مامۆستا أیوب و مامۆستا أنور کارگێڕانی لق بە گەرمی پێشوازییان لێ کراو، لە دانیشتنێکی نێوانیاندا باس لە پەیوەندی نێوان چین و توێژی زانایان و خەمخۆریان کرا بەرامبەر بە گەنجانو، جەخت لەسەر گرنگی هەماهەنگی و پەیوەندی بەردەوام کرایەوە .




دواترو لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٢/١/٥، شاندێکی لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان مامۆستا شێخ وەهاب لێپرسراوی لق و، مامۆستا مەلا أیوب کارگێڕی لق و، مامۆستا هیدایەت و، مامۆستا بەندی، بە مەبەستی هەماهەنگی زیاترو، پتەوکردنی پەیوەندییەکانی زانایان لەگەڵ دامو دەزگاو ڕێکخراو و دامەزراوەکان، سەردانی مەکۆی بزوتنەوەی (گۆڕان)یان کرد لە سنورەکەو، لە لایەن هەر یەك لە بەڕێزان مامۆستا بەهجەت رۆوف و، مامۆستا عادل نادرو، مامۆستا حەسەن، بە ڕێزەوە پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکدا وێڕای تاوتوێ کردنی دوایین باسو خواسەکانی ناوچەکە، تیشکی خرایە سەر واقیعی ئێستای کوردستان و، ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە کوردستانداو، داواشکرا کە هەموولا هاوکاربن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و سەقامگیری لە کوردستاندا.

# بەشداری ناوچەی رانیە لەئاشتەوایەك

**راگەیاندنی لقی رانیە**

لەبەرواری شەوی ٢٠١١/١٢/٢٩ بەرپرسی ناوچەی رانیە بەشداری کرد لەکۆبونەوەیەکی بەرفراوان کەچەند کەسایەتیەکی دەڤەرەکەی تێدابوو لەوانە کاك ئاکۆی هەباسا غاو کاك محمدی کاك هەمزەوچەند کەسایەتیەکی تر ی ناوچەکە، لە مزگەوتی حاجی نجار لەرانیە ،کەبە مەبەستی کۆتایی هینان بوو بەکیشەی نیوان کوێخا احمد و خزمانی لەگەل مندالەکانی کوێخا عمرو کوێخا مینەو خزمەکانی ،کەکورێکی کوێخاعمر بە سەختی بریندار ببوو، وە تەقەیەکی زۆریش کرابوولەهەندی ماڵ، دوای چەند دانیشتنیك لەم شەوەدا کۆتایی بەکیشەکە هات،بەم شیوەیەی خوارەوە:

سەرەتابەووتەیەك بەخیرهاتنی میوانەکان کرا بۆ مالی خودا وەدەست خۆشی کرا لەهەولی هەموو لایەك لەژیر رۆشنایی ئیسلامی پیرۆز،وەلەلایەن ملا انوەر گولانی دوا ی خویندنەوەی چەند فەرمودەیەکی خواو پیغەمبەر ،یاداشت نامەی ریکەوتنەکە خویندرایەوەو ناکۆکیەکە کۆتایی پێ هات.

# لقی سۆران ١٣هەمین سالیادی

# دامەزراندنی سەتەلایەتی کوردستان پیرۆزدەکات

راگەیاندنی لقی سۆران: سەرلەبەیانی ٢٠١٢/١/١٧سێ شەممە شاندێکی لقی سۆران لە سەردانێکیدا بۆنوسینگەی سۆرانی سەتەلایەتی کوردستان ١٣ هەمین سالیادی کەنالەکەیان پیرۆزکردو ، رۆل وکاریگەری کەنالەکەیان لەگەیاندنی پەیامی خەلك وخزمەتکردنی هاولاتیان بەبایەخەوە هەلسەنگاند ،هەروەهاشاندەکەهیوای خواست کەنالەکە هەروەك چۆن یەکەم کەنالی هەرێمی کوردستان بوو لە دامەزراندنیەوە ببێتە مینبەرێك لە زیاتر بەرەوبێشبردنی کاروانی میدیای راستە قینەلە کوردستان بۆ زیاتر گەیاندنی پەیامی خەلك وکارکردن لەسەر ئامانجی کاری رۆژنامەوانی و گەیاندنی داخوازیی وداواکاریەکانی خەلك بە رووی لایەنی پەیوەندی دارەوە.

هەروەك لەلایەن خۆشیانەوە بەرپرس وکارمەندانی نوسینگەکە خۆشحالی خۆیان بۆسەردانەکە دەربری وئامادەی خۆیان بۆزیاتر خزمەتکردنی بواری راگەیاندن لە پێناو خزمەتکردنی هاوولاتیان کردەوە.

شایەنی باسە شاندی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان لە هەریەك لەبەرێزان مامۆستا مەلا خالد مەلەکی بەرپرسی لق و،مە لامستەفا بابشتی ، مەلا خدر خەلیفانی ،مەلاوەیسی مەلا سەعید، مەلا وەلی



دری، مەلا رسول گەزنەی ، مەلا یوسف احمد، مەلا رسول سیتکانی ،کارگێرو ئەندامانی لق پێکهاتبوو.

# لقی سۆران ئامادەی مەراسیمی بەخاك سپاردنی هاوسەری شێخ مەزهەر سەرانی دەبێت

**راگەیاندنی لقی سۆران:** شاندێکی لقی سۆران کەپێکهاتبوو لەبەرێزان مامۆستا مەلا خالد ەلەکی بەرپرسی لق ،ومەلاخدرخەلیفانی ،مەلا مستەفا باپشتی ، مەلا وەیسی مەلا سەعید ، مەلاوەلی دری ،کارگێرنی لق و،ستافی ناوچەی خەلیفانی یەکێتی زانایان لە گۆرستانی زارگەلی ئامادەی مەراسیمی بە خاك سپاردنی هاوسەری ژیانی شێخ مەزهەر سەرانی ئەندامی لیژنەی فەتوای لقی سۆرانی یەکێتی زانایان بوون ،ئەمەو شاندەکە پرسەو سەرەخۆشی خۆیان ئاراستەی بنەمالەی خوالیخۆشبوو کردو هیوایان خواست خوای گەورە سەبوریان بدات وخوالیخۆشبووش بەبەهەشت شادبکات.

# سۆزانی خاڵە شەهاب:

# مەلا هاوار تەشهیری بە من کردووە

لەژمارەی رابردووی گۆڤارەکەمان (مەلا هاوار خۆشناو) بابەتێکی بڵاوکرایەوە، کە قسە لەسەر تێبینیەکانی سۆزانی خاڵە شەهاب لە پەرلەمان دەکات، دوای ئەوە سۆزانی خاڵە شەهاب پێی وابوو: ئەو نووسینە دەچێتە خانەی تەشهیرەوە، ئێمە لەلای خۆمانەوە وەکو (پەیامی زانایان) جارێکی دیکە جەغت لەسەر ئازادی نووسەرانمان دەکەینەوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریو سەرنجو تێبینیو رەخنەکانیان، بەتایبەتی ئەوانەی پارێزگاری لە پێگەی مامۆستایانی ئایینی دەکەنو، وەڵامی هەموو هەڵوێستو قسەیەك دەدەنەوە، کە دژی مامۆستایانی ئایینی بێت، هەر شتێکیش هەبووبێت، کە بەلای ناوبراوەوە چووبێتە تانەی کەسایەتییەوە، ئێمە داوای لێبووردن دەکەین.


سۆزانی خاڵە شەهاب
بێ ئاگایە ..!!

# رسـالة العلماء

العـدد ( ٧٨ )
صفر / ١٤٣٣
بەفرانبار/ ٢٧١١
كانون الثاني/ ٢٠١٢

مجلّة ثقافية دينية شهرية يصدرها المكتب التنفيذي لاتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان

صاحب الامتياز
ملا عبدالله ملا سعيد گرتكى

رئيس التحرير
ملا جعفر الگواني

## - أدلة جواز الاحتفال بالمولد النبوي الشريف

## - تجليات الرحمة
## في تعامل النبيّ ( d ) مع أهل الذمة
-اليهود أنموذجًا-

## - عشر خطط
## لتيسير أموركم المالية وحفظ نقودكم

## - هل صوت المرأة عورة؟

مدير التحرير
ملا عبدالله الشيركاوي

المستشارون
ملا حمدامين الكلاري
ملا عبدالله الآكري
ملا نجم الدين وادي

غلاف وتصميم
كۆمپيوتەر دەريا

العنوان: اربيل/ شارع الستيني مفرق موصل

www.zanayan.org

# مرحباً
# بمولده ( f )



**صاحب الإمتياز ***

في مثـل هـذه الأيـام والعـالم الإسـلامي يـستقبل شـهر ربيـع الأول، شـهر المولـد النبـوي الـشريف، تحتفـل مـدن اقلـيم كوردستان عامة والعاصمة أربيل بـشكل خـاص بـذكرى مولـد النبي محمد f وذلك بإقامة إحتفالات دينيـة وحلقات ذكـر ومناقـب نبويـة في عمـوم مـساجد الـبلاد ويشارك فيها الالآف من المواطنين بمختلف فئاتهم العمرية، وهذا دأب الكورد منذ القدم وإلى يومنا هـذا، والزائـر إلى أربيـل لا يستطيع وصف هذا الفرح الذي يملاء قلوب الكورد نـساءً ورجـالاً وأطفـالاً، وتلقـى فيهـا خطـب وتواشـيح دينيـة للإحتفاء بالمناسبة السنوية التي لم تنقطـع عـن كوردسـتان منـذ زمـن الـسلطان مظفـر الـدين الكـوكبري تعظيمـاً للرسول الكريم واستذكاراً لمناقبه الشريفة.

وكثر الحديث حول الإحتفال بيوم المولد وإحياء هذه المناسبة العظيمة بين المؤيدين والمعارضين...

إنَ ذكر النبي ( f ) والتعلق به يجب أن يكون في كل حين وفي كـل وقـت، ولـيس في ليلـة مولـده، لأنَ الإحتفـال بمولده يعني ذكر سيرته والصلاة عليه، وهذا ليس مخـصوصاً بليلـة مولـده فقـط، لأنَ ذكـره والتعلـق بـه يجـب أن يكون شعاراً لنا في حياتنـا وأن تملـئ نفوسـنا بـه، وقـديماً اعتـاد النـاس في المجتمعـات الإسـلامية علـى إحيـاء هـذه المناسبة في شهر ربيع الأول وذلك لكون إقبال الناس واجتماعهم في هذا الشهر، وشعورهم الفيّاض بارتبـاط الزمـان بعضه ببعض، فيذكرون بالحاضر الماضي، وينقلون من الشاهد إلى الغائب.

وأنَ أغلب قصص المولد مأخوذة من كتب السير، فإن وجد فيها الضعيف فأهل الحديث لم يشترطوا في الـسير مـا يشترط في الحديث، ومع ذلك يجب علينا أن ننقيها من الـشوائب، حيـث أنَ الإجتمـاع للمولـد النبـوي الـشريف هـو وسيلة كـبرى للـدعوة إلى الله تعـالى، فمـن الواجـب علـى الـدعاة والقـائمين بهـذه الإحتفـالات تـذكير الأمـة بنبـيهم وأخلاقه وسيرته، وما يعمل في المولد ينبغي أن يقتصر فيه على ما يفهم منه الشكر لله تعالى مـن التـذكير بـسيرته و إطعام الطعام والصدقة و إنشاد المدائح النبوية المحركة للقلوب.

أما إذا اشتمل الإحتفال بالمولد على شيء مما يجب الإنكار عليه كإختلاط الرجـل بالنـساء وكثـرة الإسـراف ممـا لايرضي الله ورسوله فهذا لا شك في منعه لما اشتمل عليـه مـن المحرمـات، ولا يخفـى علـى أحـدٍ أنَ تحريمـه في هـذه الحالة يكون عارضاً لا ذاتياً.

وبإتفاق جميع المؤيدين للمولد لانجد أنَ أحداً مـنهم يقـول إنّـه عيـد زائـدٌ علـى العيـدين ( الفطـر و الأضـحى)، فالمولـد النبـوي الـشريف لـيس عبـادة توقيفيـة، ولـو كـان المولـد عبـادة لَـزم أن يكـون لـه شـكل مخـصوص ونـص مخصوص، وواقع الحال يثبت لنا أنَ المولد يختلف شكلاً وهيئة من قطرٍ لآخر، ومن المعلوم أنَ الفعل المباح إذا كـان مقترناً بنية الطاعة فهو قربة وطاعة باعتبار النية الصادقة على ذلك.

بعد كل هذا نستطيع أن نقول بأنَ أمر المولد أمرٌ اجتهادي، فمن شاء فعله، ولاينقض اجتهـاد باجتهـاد، مـع أنَ غالب الأمة تحتفي بمثل هذا اليوم وتعظمه إمتثالاً لقولـه تعـالى ( ذَلِـكَ وَمَـنْ يُعَظِّـمْ شَـعَائِرَ اللَّـهِ فَإِنَّهَـا مِـنْ تَقْـوَى الْقُلُوبِ) وأيّ شعيرة أفضل من الرحمة المهداة ( f ) الذي أرسله الباري رحمة للعالمين، (قُلْ بِفَضْلِ اللَّـهِ وَبِرَحْمَتِـهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ).

# اتحاد علماء الدين في كوردستان يطالب علماء الدين بعدم التعامل مع برنامج (به بوێری) في قناة (NRT)

دعا اتحاد علماء الدين الاسلامي في إقليم كردستان، يوم الخميس ٢٠١٢/١/٥ ، أئمة وخطباء الجوامع في إقليم كوردستان بعدم التعامل مع فضائية ناليا (NRT) الكردية المستقلة التي تبث برامجها من مدينة السليمانية، متهمة اياها بـ "التهجم" على الإسلام.

وجاء في البيان الذي نشره الإتحاد في موقعه الألكترون (WWW.ZANAYAN.ORG) "بعد أن طلبنا بكتاب رسمي من إدارة فضائية (NRT) بإجراء تغيرات على برنامج (به بويري) الذي يتبع نهجاً غير مقبول عقب ورود شكاوى من قبل مواطني الإقليم من المسلمين"، وقال إنَّ "إدارة الفضائية أبدت استجابتها للطلب، لكنها لم تنفذ وعدها، ما دعا بالإتحاد من خلال إصدار كتاب رسمي مطالبة جميع علماء الدين والائمة والخطباء بعدم المشاركة في اية برنامج تبث عبر هذه القناة".

وقال الأستاذ جعفر كواني المتحدث الرسمي بإسم الإتحاد إن "الهدف من البرنامج هو محاربة الاسلام والمسلمين، فهو يعادي الإسلام والمسلمين بكل صراحة، وهو ينفع للفضائيات الخاصة بالتنصير، وأن اسم البرنامج اقتبس حرفيا من الفضائيات الخاصة بالتنصير".

وبحسب كواني فإن "مقدم البرنامج يخلق الشك في نفس المسلمين من خلال أسئلته التي يطرحها خلال البرنامج"، وتابع "عندما يقوم بنقد القران الكريم والمسلمين يأتي بالأمثلة ويتحدث بصراحة عن الكنائس وأنَّ ادلته مأخوذة من الكنائس و الكتب التنصيرية.

# اتحاد علماء الدين في كوردستان يندد بجريمة شرناخ

وصف اتحاد علماء الدين في كوردستان في بيان نشره على الموقع الألكتروني للإتحاد، واقعة شرناخ بالكارثة، مطالباً منظمات حقوق الانسان إلى عدم السكوت عن هذه الجريمة الكبيرة بحق الإنسانية كما وصفها.

وورد في البيان:"مرة أخرى قامت تركيا بإرتكاب مجزرة قتل جماعى بحق الشعب الكوردى في كوردستان تركيا وقتلت أكثر من ٣٥ مدنياً بطرقية تتنافى مع مبادئ الدين والإنسانية، سيما أنَّها اعترفت بارتكاب الخطأ".

وتابع البيان، إنَّ اتحاد علماء الدين يندون بهذه الجريمة، ويطالبون منظمات حقوق الانسان ومنظمات المجتمع المدنى إلى عدم التغاضى عن هذه الجريمة، ومتمنين أنْ يجعل الله مثوى الضحايا الجنة ويمنح الصبر و السلوان لذويهم.

وجاء في نهاية البيان، إنَّ اتحاد العلماء يتأمل ان تكون هذه الحادثة خطوة مؤثرة في سبيل توحيد الصف الكوردى ومواقفه.

وكان الطيران الحربى التركى قد قصف يوم ٢٠١١/١٢/٢٩ مجموعة من القرويين الكورد في قرية روبوسكى ضمن قضاء اولودرة التابع لمحافظة شرناخ الحدودية مع اقليم كوردستان، مما أدى الأمر إلى استشهاد أكثر من ٣٦ قروياً.






# وفد من علماء كوردستان في ضيافة جامعة الأزهر ومجمع البحوث الإسلامية

استقبل رئيس جامعة الازهر يوم الأثنين ٢٠١٢/١/٢ الدكتور أسامة العبد في مكتبه الخاص الشيخ عبدالله الشيخ سعيد الكوردي رئيس اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان و عميد ومعاونى المعميد لمعهد العلوم الإسلامية المركزي في أربيل .

وأكد السيد رئيس جامعة الأزهر خلال اللقاء علي وسطية واعتدال الدين الاسلامى والمنهج الأزهرى الذى يرفض الغلو والتطرف ويشجع على الحوار والتسامح والتعاون مع الجميع من أجل رفعة المجتمع وتطوره .

واشار أيضاً إلى انَّ الازهر يدرس لطلابه المذاهب الإسلامية الأربعة وينفتح على العلوم الشرعية والعلمية والادبية من منطلق عقلانى ليغرس فى نفوس طلابه الإعتدال والإنفتاح على كل التوجهات بلا غلو ، مبينا أنَّ الأزهر يرحبٍ كذلك بمد يد العون الى المسلمين فى جميع انحاء العالم، مؤكدا استعداد جامعة الازهر لإستقبال طلاب من مختلف الدول ومنها اقليم كوردستان لدراسة المواد الشرعية والعلمية.

واشاد رئيس اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان بدور الأزهر الشريف كمنارة لنشر الدين الصحيح مطالباً بضرورة تعزيز التعاون بين المؤسسات الدينية في إقليم كوردستان والأزهر لزيادة عدد علمائه ومبعوثيه وتبادل الوفود وإعداد الدراسات، مرحباً بالعلاقات الطيبة بين مصر و اقليم كوردستان وكذلك بين الإزهر وجامعته وبين المؤسسات الدينية والعلمية فى اقليم كوردستان، امتداداً لدور الأزهر التأريخي فى التعاون مع جميع ابناء الدول الاسلامية ..

ومن جهة اخري اجتمع الأمين العام لمجمع البحوث الإسلامية بالأزهر الشريف الشيخ على عبد الباقي بمقر المجمع مع الوفد نفسه .

وتم خلال الإجتماع إستعراض الدور الذي يقوم به الأزهر في مختلف دول العالم في تصحيح صورة الإسلام ونشر صحيح الدين الاسلامي من خلال علمائه والمراكز الثقافية في مختلف الدول .

كما تم بحث علاقات التعاون بين الأزهر و إقليم كوردستان خلال الفترة القادمة وإمكانية إيفاد المزيد من علماء الأزهر الى كردستان العراق وتبادل الوفود العلمية والدينية وإرسال الكتب الدينية الى المؤسسات الدينية باقليم كوردستان ، وتم الإتفاق على الإستمرار في تفعيل التعاون العلمى والدينى بين الأزهر والإقليم .

# أدلة جواز الاحتفال بالمولد النبوي الشريف

د. محمود عبدالله

## أولا: من القرآن الكريم

إن الفرح به ( d ) مطلوب بأمر القرآن من قوله: (قُلْ بِفَضْلِ اللهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ) يونس: ٥٨ فالله تعالى أمرنا أن نفرح بالرحمة، والنبي( d ) أعظم رحمة، قال تعالى: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) الأنبياء (١٠٧) ويؤيد هذا تفسير حبر الأمة وترجمان القرآن سيدنا عبد الله بن عباس رضي الله عنهما في الآية قال: فضل الله العلم، ورحمته محمد( d )، قال تعالى (وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين) فالفرح به ( d ) مطلوب في كل وقت وفي كل نعمة، وعند كل فضل، ولكنه يتأكد في كل يوم اثنين وفي كل عام في شهر ربيع الأول لقوة المناسبة وملاحظة الوقت، ومعلوم أنه لا يغفل عن المناسبة ويعرض عنها في وقتها إلا من لا بصيرة له.

## ثانيا: من السنة

١- إن أول الناس احتفالا بمولد الرسول الكريم عليه الصلاة والسلام هو الرسول الكريم نفسه ( d ). ويدل على هذا ما أخرجه الإمام مسلم في صحيحه في باب الصيام عن رواية سيدنا أبي قتادة الأنصاري( c ) قال: سئل رسول الله ( d ) عن صوم يوم الاثنين فقال: (ذلك يوم ولدت فيه وأنزل عليّ فيه) فهذا الحديث يدل على أنه ( d ) كان يصوم يوم الاثنين لأنه ولد فيه ونبئ فيه ويدل فعله ( d ) على أنه ينبغي أن يُهتم بمثل هذا اليوم بفعل عبادة شكرا لله من صيام أو ما يستطيعه الفرد من أي عبادة وفعل لا يمنعه الشارع.

٢- الاحتفال بالمولد الشريف تعبير عن الفرح والسرور بالمصطفى( d ) وقد انتفع به الكافر. فقد روى الإمام البخاري تعليقا ونقله الحافظ ابن حجر في (الفتح) ورواه عبدالرزاق الصنعاني في (المصنف ٤٧٨/٧) والحافظ البيهقي في (الدلائل) وابن كثير في (البداية والنهاية ٢٢٤/١) وابن الديبع الشيباني في (حدائق الأنوار ١٣٤/١) والحافظ البغوي في شرح السنة ٩/٧٦) وابن هشام والسهيلي في (الروض الأنف ١٩٢/٥) والعامري في (بهجة المحافل ٤١/١) وغيرهم وهذه الرواية وإن كانت مرسلة إلا أنها مقبولة لأجل نقل البخاري لها واعتماد العلماء من الحفاظ ولكونها في المناقب والخصائص لا في الحلال والحرام.

وطلاب العلم يعرفون الفرق في الاستدلال بالحديث بين المناقب والأحكام.

روى الإمام البخاري تعليق أن سيدنا العباس رأى أخاه أبا لهب بعد موته في النوم فقال له ما حالك فقال في النار إلا أنه خفف عني كل ليلة اثنين وأسقى من بين إصبعي هاتين ماء فأشار إلى رأس إصبعيه وإن ذلك بإعتاق ثويبة عندما بشرتني بولادة النبي وبإرضاعها له.

وقد قال العلامة الحافظ شمس الدين بن الجزري في عرف التعريف بالمولد الشريف بعد ذكره قصة أبي لهب مع ثويبة: فإذا كان هذا أبو لهب الكافر الذي نزل القرآن بذمه جوزي في النار بفرحه ليلة مولد النبي( d ) فما حال المسلم الموحد من أمته عليه السلام، يسر ويفرح بمولده ويبذل ما تصل إليه قدرته في محبته ( d )؟ لعمري إنما يكون جزاؤه من الله الكريم أن يدخله بفضله العميم جنات النعيم. وعلق الحافظ ابن ناصر الدين الدمشقي على هذا الحديث حيث قال:

إذا كان هذا كافرا جاء ذمه وتبت يداه في الجحيم مخلدا

أتى أنه في يوم الاثنين دائما يخفف عنه للسرور بأحمدا

فما الظن بالعبد الذي طول عمره بأحمد مسرورا ومات موحدا

وحديث سيدنا العباس رؤيا حق وقد كان النبي( d ) يجعل لرؤيا الحق اعتبارا خاصا في التشريع حيث شرع الآذان موافقة لرؤيا رآها أحد الصحابة في منامه.

وهذه الرؤيا كانت في زمن كله صحابة، فلم نسمع بأحد منهم قال: إنها أضغاث أحلام بل يعتبر هذا إجماعا سكوتيا على كل ما فيها، ولم ينكرها أحد منهم بعد وفاته وقد تداولها التابعون بالقبول والاستحسان ولم نسمع بأحد منهم اعترض عليها إلى يومنا هذا.

وأما من قال: إن الرائي والمخبر هو العباس في حال الكفر، والكفار لا تسمع شهادتهم ولا تقبل أخبارهم، فإن هذا قول مردود، لا رائحة للعلم فيه، وهو باطل، ذلك لأنه لم يقل أحد إن الرؤيا من باب الشهادة مطلقا، وإنما هي بشارة لا غير فلا يشترط فيها دين ولا إيمان، بل ذكر الله تعالى في القرآن معجزة يوسف عليه السلام عن رؤيا ملك مصر وهو وثني لا يعرف دينا سماويا مطلقا، ومع ذلك جعل الله تعالى رؤيته المنامية من دلائل نبوة يوسف عليه السلام وفضله وقرنها بقصته ولو كان ذلك لا يدل على شيء لما ذكرها الله تعالى لأنها رؤيا مشرك وثني لا فائدة فيها لا في التأييد ولا في الإنكار.

ولهذا ذكر العلماء أن الكافر يرى الله تعالى في المنام ويرى في ذلك ما فيه إنذار له وتوبيخ وتقريع.

والعجب كل العجب من قول قائل: إن العباس رأى ذلك في حال كفره والكفار لاتسمع شهادتهم ولا تقبل أخبارهم، فإن هذا القول يدل على عدم المعرفة بعلم الحديث إذا المقرر في المصطلح أن الصحابي أو غيره إذا تحمل الحديث في حال كفره ثم روى ذلك بعد إسلامه، أخذ ذلك عنه، وعمل به، وانظر أمثلة ذلك في كتب المصطلح لتعرف بعد صاحب هذا القول عن العلم، وإنما الهوى هو الذي حمل المعترض على الدخول فيما لا يتقنه.

٣- روى الإمام مسلم في صحيحه (١٩٨/٥) عن جرير بن عبدالله ( c ) أن النبي( d ) قال: من سن في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر من عمل بها بعده من غير أن ينقص من أجورهم شيء ومن سن في الإسلام سنة سيئة كان عليه وزرها ووزر من عمل بها من بعده من غير أن ينقص من أوزارهم شيء. اهـ

وفي هذا الحديث الشريف نرى أن النبي قد سمى بدعة الهدى سنة ووعد فاعلها أجرا، ويظهر لنا أنه يسن للمسلم أن يأتي بسنة حسنة وإن لم يفعلها الرسول من أجل زيادة الخير والأجر ومعنى سنّ سنة أي أنشأها باجتهاد واستنباط من قواعد الشرع أو عموم نصوصه، وأي سنة أعظم من الاحتفال ببروز هذا النبي نبي الرحمة في ذلك اليوم.

## ثالثا : من القياس

قال الإمام الحافظ العلامة جلال الدين السيوطي: وقد سئل شيخ الإسلام حافظ العصر أبو الفضل أحمد بن حجر -العسقلاني- عن عمل المولد فأجاب بما نصه:

أصل عمل المولد بدعة لم تنقل عن أحد من السلف الصالح من القرون الثلاثة ولكنها مع ذلك قد اشتملت على محاسن وضدها فمن تحرى في عملها المحاسن وتجنب ضدها كان بدعة حسنة وإلا فلا.

قال: وقد ظهر لي تخريجها على أصل ثابت وهو ما ثبت في الصحيحين من أن النبي( d ) قدم المدينة فوجد اليهود يصومون يوم عاشوراء فسألهم فقالوا هو يوم أغرق الله فيه فرعون نجى موسى فنحن نصومه شكرا لله تعالى فيستفاد منه فعل الشكر لله على ما من به في يوم معين من إسداء نعمة أو دفع نقمة ويعاد ذلك في نظير ذلك اليوم من كل سنة والشكر لله يحصل بأنواع العبادة كالسجود والصيام والصدقة والتلاوة وأي نعمة أعظم من النعمة ببروز هذا النبي نبي الرحمة في ذلك اليوم وعلى هذا فينبغي أن يتحرى اليوم بعينه حتى يطابق قصة موسى في يوم عاشوراء ومن لم يلاحظ ذلك لا يبالي بعمل المولد في أي يوم من الشهر بل توسع قوم فنقلوه إلى يوم من السنة وفيه ما فيه: فهذا ما يتعلق بأصل عمله.

وأما مايعمل فيه فينبغي أن يقتصر فيه على ما يفهم الشكر لله تعالى من نحو ما تقدم ذكره من التلاوة والإطعام والصدقة وإنشاد شيء من المدائح النبوية والزهدية المحركة للقلوب إلى فعل الخير والعمل للآخرة وأما ما يتبع ذلك من السماع واللهو وغير ذلك فينبغي أن يقال ما كان من ذلك مباحا بحيث يقتضي السرور بذلك اليوم لا بأس بإلحاقه به وما كان حراما أو مكروها فيمنع وكذا ما كان خلاف الأولى انتهى.

قلت:

وقد ظهر لي تخريجه على أصل آخر وهو: ما أخرجه البيهقي عن أنس أن النبي( d ) عق عن نفسه بعد النبوة مع أنه قد ورد أن جده عبد المطلب عق عنه في سابع ولادته والعقيقة لا تعاد مرة ثانية فيحمل ذلك على أن الذي فعله النبي( d ) إظهار للشكر على إيجاد الله إياه رحمة للعالمين وتشريع لأمته كما كان يصلي على نفسه لذلك فيستحب لنا أيضا إظهار الشكر بمولده بالاجتماع وإطعام الطعام ونحو ذلك من وجوه القربات وإظهار المسرات. انتهى كلام الإمام السيوطي.

## أسماء بعض الأئمة الذين أفتوا بجواز الاحتفال بالمولد النبوي الشريف

- الإمام الحافظ شيخ الإسلام "أحمد بن حجر العسقلاني" كما أورد ذلك الإمام السيوطي في "فتوى حسن المقصد" مذكورة في كتاب "الحاوي للفتاوى" ١٨١/١-١٨٩.

- الإمام الحافظ "جلال الدين السيوطي" كما ورد في الفتوى المشار إليها سابقا.



– الإمام "عبدالله ابن الحاج" كما ذكر الإمام السيوطي في فتواه المشار إليها.

– الحافظ السخاوي نقل عنه الإمام "ملا علي القاري" في كتابه "المورد الروي "صـ٣٠٧ أنه قال (بل خرج شيخ مشايخ الإسلام العلامة أبو الفضل ابن حجر –العسقلاني– الأستاذ المعتبر تغمده الله برحمته وأسكنه فسيح جناته فعل المولد على أصل ثابت يميل إلى الاستناد إليه كل همام........ الخ) اهـ وقد سبق ذكر هذا الأصل.

– الإمام الحافظ "القسطلاني" في كتابه"المواهب اللدنية"ج١/ صـ١٤٨.

– الإمام خاتمة المحدثين "الزرقاني" في شرحه على "المواهب اللدنية".

– الإمام الحافظ ابن شامة في كتابه الباعث على إنكار البدع (١/٢٣–٢٤).

– الإمام شيخ الإسلام "ابن حجر الهيتمي المكي في كتابه "الفتاوى الحديثية" صـ ٢٠٢ حيث أجاز الاحتفال بالموالد التي تشتمل على خير كصدقة وذكر وصلاة وسلام على رسول الله( d ) ومدحه وأن تخلو من الشرور، أي أنه يقول بمشروعية الاحتفال وجوازه.

## أسماء بعض الأئمة الذين لم يكتفوا بإجازتهم الاحتفال ولكن ألفوا موالد- أي نظما من الشعر أو النثر يروي هذه الذكرى العطرة:

– الإمام الحافظ "ابن دحية " كما أورد الإمام السيوطي في فتوى حسن المقصد في عمل المولد.

– الإمام شيخ القراء "الحافظ شمس الدين الجزري"له مولد اسمه"عرف التعريف بالمولد الشريف" وذكره الإمام السيوطي في فتواه.

– الإمام الحافظ "ابن ناصر الدمشقي" له مولد اسمه"مورد الصادي في مولد الهادي" وقد ذكره الإمام السيوطي في الفتوى وانظر أيضا كتاب "كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون" صـ٣١٩.

– العلامة المحدث الفقيه "ملا على القاري" له مولد اسمه "المولد الروي في المولد النبوي" طبع في مصر بمطبعة السعادة عام ١٩٨٠م.

– الإمام الحافظ "أبى الفرج بن الجوزي له مولد مشهور يسمى العروس طبع عدة مرات.

– الإمام الحافظ "العراقي" له مولد أسماه (المورد الهني في المولد السني) وقد ذكره ضمن مؤلفاته الحافظ ابن فهد في ذيله على "التذكرة".

– الإمام الحافظ "السخاوي صنف مولدا نبويا سماه "الفخر العلوي في المولد النبوي ذكره في كتابه الضوء اللامع (ج٨ صـ١٨).

– الإمام الحافظ "عبد الرؤوف المناوي" له مؤلف في المولد مشهور مطبوع متداول"بمولد المناوي انظر كتاب "البراهين الجلية" صـ٣٦.

## أول من احتفل بالمولد النبوي الشريف احتفالا رسميا

وأول من أحدث فعل ذلك صاحب أربل الملك المظفر أبو سعيد كوكبري بن زين الدين علي بن بكتكين أحد الملوك الأمجاد والكبراء الأجواد وكان له آثار حسنة وهو الذي عمر الجامع المظفري بسفح قاسيون.

قال ابن كثير في تاريخه:

كان يعمل المولد الشريف في ربيع الأول ويحتفل به احتفالا هائلا وكان شهما شجاعا بطلا عاقلا عالما عادلا رحمه الله وأكرم مثواه، قال وقد صنف له الشيخ أبو الخطاب بن دحية مجلدا في المولد النبوي سماه (التنوير في مولد البشير النذير) فأجازه على ذلك بألف دينار، وقد طالت مدته في الملك إلى أن مات وهو محاصر للفرنج بمدينة عكا سنة ثلاثين وستمائة محمود السيرة والسريرة.

وقال سبط بن الجوزي في مرآة الزمان:

حكى بعض من حضر سماط المظفر في بعض الموالد أنه عد في ذلك السماط خمسة آلاف رأس غنم شوي وعشرة آلاف دجاجة ومائة فرس ومائة ألف زبدية وثلاثين ألف صحن حلوى، قال وكان يحضر عنده في المولد أعيان العلماء والصوفية فيخلع عليهم ويطلق لهم ويعمل للصوفية سماعا من الظهر إلى الفجر ويرقص بنفسه معهم وكان يصرف على المولد في كل سنة ثلاث مائة ألف دينار وكانت له دار ضيافة للوافدين من أي جهة على أي صفة فكان يصرف على هذه الدار في كل سنة مائة ألف دينار وكان يستفك من الفرنج في كل سنة أسارى بمائتي ألف دينار وكان يصرف على الحرمين والمياه بدرب الحجاز في كل سنة ثلاثين ألف دينار هذا كله سوى صدقات السر، وحكت زوجته ربيعة خاتون بنت أيوب أخت الملك الناصر صلاح الدين أن قميصه كان من كرباس غليظ لايساوي خمسة دراهم قالت: فعاتبته في ذلك فقال لبسي ثوبا بخمسة وأتصدق بالباقي خير من أن ألبس ثوبا مثمنا وأدع الفقير والمسكين.

وقال ابن خلكان في ترجمة الحافظ أبي الخطاب بن دحية:

